رووداو
RÛDAW
ژمارە (476) دووشەممە 2017/10/9 - 17ی ڕەزبەر 2717 (750) دینار

## لە مەریوان سوپای پاسداران کرایە بەڕێوەبەری پرسەی مام جەلال

**رووداو- هەولێر**

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێران ڕەتیدەکاتەوە، دواخستنی پرسەی مام جەلال لە شاری مەریوان لەسەر داوای یەکێتی نیشتمانی بووبێت. ئەنجوومەنە مەدەنییەکانی شاری مەریوانیش دەڵێن، وەک ناڕەزایەتی لە شێوازی هەڵسوکەوتی قایمقامییەتی مەریوان، بەشداریی ڕێوڕەسمەکە ناکەن.

وا بڕیار بوو ڕۆژی یەکشەممە 2017/10/8 پرسەی مام جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق و سکرتێری پێشووی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە مزگەوتی سەلاحەددینی ئەیوبی لە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەبچێ، قایمقامیەتی شارەکەش رایگەیاند لەسەر داوای یەکێتی پرسەکەیان بۆ ئەمڕۆ دووشەممە 2017/10/9 دواخستووە.

ئەو پرسەیەی بڕیار بوو بۆ تاڵەبانی لە شاری مەریوان دابنرێ، لەسەر داوای ڕێکخراوە مەدەنییەکانی مەریوان بوو، بەڵام ئەو ڕێکخراوانە رایانگەیاندووە کە بەشداری پرسەکەی تاڵەبانی ناکەن.

ئەوان دەڵێن "قایمقامیەتی مەریوان پێچەوانەی ڕێککەوتنی پێشوو، لە راگەیێندراوی بەڕێوەچوونی پرسەی مام جەلالدا ناوی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی لابردووە و لەجێگەی ئەوان دامەزراوەی دیکەی وەک بەڕێوەبەری پرسەکە ناساندووە".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) قایمقامیەتی مەریوان ناوی سوپای پاسداران و قەرارگای ڕەمەزانی داناوە وەک یەکێک لە لایەنەکانی بەڕێوەبەری پرسەکە.

«2

---

**مۆفەق روبەیعی بۆ (رووداو):**

### بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەبێ لە عێراق گشتپرسی بکرێ

5

**ستراتفۆر**

### دانوستاندنی بەغدا و هەولێر دەکەوێتە ساڵی داهاتوو

16



**میشێل ڤیڤیۆرکا**

### بەرەو کۆنفیدراڵیزمی عێراقی

18

---

**بەرپرسی پرۆتۆکۆڵی حکومەت هۆکارەکەی ئاشکرا دەکات**

# بۆچی ئاڵای عێراق لەسەر تەرمی تاڵەبانی دانەنرا؟

3



## هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم دوادەخرێت

3

---

**کۆمەڵایەتی** 13

### پیاوێکی چینی بەدوای ژنێکی کورددا دەگەڕێت



**ژنان** 12

### شوفێرێکی تاکسی پەردەداتە کچێکی بیانی

**ئابووری** 8

### 200 هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان بێکارن



**هونەری** 10

**مام جەلال:**

### لە مۆسیقا و گۆرانیدا کۆنەویستم






## پێشنیازی گۆڕینی ناوی زانکۆی کۆیە دەکرێ

**ڕووداو- کۆیە**

پێشنیازی گۆڕینی ناوی زانکۆی کۆیە خراوەتە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا، بۆ ناوی زانکۆی (مام جەلال). سەرکەوت ڕەسوڵ، قائیمقامی کۆیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بۆ گۆڕینی ناوی زانکۆی کۆیە بە ناوی زانکۆی مام جەلال ڕۆژی دووشەممە 2017/10/9 نووسراوێک بۆ سەرووی خۆی بەرز دەکاتەوەو گوتی "لەبەر ڕۆڵ و پێگەی گەورەیی مام جەلال، بڕیارمانداوە پێشنیازێک بۆ سەرووی خۆمان بەرز بکەینەوە، ناوی زانکۆی کۆیە بگۆڕین بە زانکۆی مام جەلال ، هیوادارم پێشنیازەکەمان قبوڵ بکرێت و بەزووترین کات بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە".

# سوپای پاسداران کرایە بەڕێوەبەری پرسەی مام جەلال لە مەریوان



وەزیری دەرەوەی ئێران تاجەگوڵینە لەسەر تەرمی تاڵەبانی دادەنێت

(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

> پرسەی مام جەلال پەیوەندی بە ئێمەوە نییە
>
> دامەزراوە مەدەنییەکانی مەریوان

**ڕووداو- هەولێر**

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێران ڕەتیدەکاتەوە، دواخستنی پرسەی مام جەلال لە شاری مەریوان لەسەر داوای یەکێتی نیشتمانی بووبێت. ئەنجوومەنە مەدەنییەکانی شاری مەریوانیش دەڵێن، وەک نارەزایەتی لە شێوازی هەڵسوکەوتی قایمقامییەتی مەریوان، بەشداریی ڕێوڕەسمەکە ناکەن.

وا بڕیار بوو ڕۆژی یەکشەممە 2017/10/8 پرسەی مام جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق و سکرتێری پێشووی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە مزگەوتی سەلاحەددینی ئەیوبی لە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەبچێ، قایمقامیەتی شارەکەش ڕایگەیاند لەسەر داوای یەکێتی پرسەکەیان بۆ ئەمڕۆ دووشەممە 2017/10/9 دواخستووە.

بەڵام نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێران بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاگاداری هۆکاری دواخستنی ڕێوڕەسمی پرسەی مام جەلال نین لە مەریوان.

لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان پرسەی مام جەلال بەڕێوەچوو، ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە دەرەوەش پرسەیان بۆ تاڵەبانی دانا. هەروەها کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەشدارییان لە پرسەی تاڵەبانیدا کرد.

ئەو پرسەیەی بڕیار بوو بۆ تاڵەبانی لە شاری مەریوان دابنرێ، لەسەر داوای ڕێکخراوە مەدەنییەکانی مەریوان بوو، بەڵام ئەو ڕێکخراوانە ڕایانگەیاندووە کە بەشداری پرسەکەی تاڵەبانی ناکەن.

ئەنجوومەنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی مەریوان لەو بارەیەوە بەیاننامەیەکیان دەرکرد و ڕایانگەیاند کە ئەوان ڕۆژی دووشەممە بەشداری پرسەکەی مام جەلال ناکەن لە مەریوان. ئەوان دەڵێن "قایمقامیەتی مەریوان پێچەوانەی ڕێککەوتنی پێشوو، لە ڕاگەیێندراوی بەڕێوەچوونی پرسەی مام جەلالدا ناوی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی لابردووە و لەجێگەی ئەوان دامەزراوەی دیکەی وەک بەڕێوەبەری پرسەکە ناساندووە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) قایمقامیەتی مەریوان ناوی سوپای پاسداران و قەرارگای ڕەمەزانی داناوە وەک یەکێک لە لایەنەکانی بەڕێوەبەری پرسەکە. دامەزراوە مەدەنییەکانی مەریوان دەڵێن: "ڕێوڕەسمی ڕۆژی دووشەممەی پرسەی مام جەلال پەیوەندی بە ئەوانەوە نییە و تێیدا بەشداری ناکەن".

جەلال تاڵەبانی، سکرتێری پێشووی یەکێتی کە ڕۆژی 2012/12/17 لە شاری بەغدا تووشی جەڵتەی مێشک بوو، بە مەبەستی چارەسەر ڕەوانەی ئەڵمانیا کرا و ڕۆژی 2017/10/3 لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد.

مام جەلال پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بەرپرسانی ئێران هەبوو، لە مەراسیمی هێنانەوەی تەرمەکەیدا، لوتکەی دیبلۆماسی ئێران ئامادە بوو، محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران، لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی تاجە گوڵینەی لەسەر تەرمی مام جەلال دانا.

# "ساڵی خەم" لە سلێمانی



سلێمانی لە ماوەی 137 ڕۆژدا دوو جار کۆستی کەوت

(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

> لە دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلالەوە وەبەرهێنان لە سلێمانی کز بوو
>
> گوتەبێژی یەکێتیی وەبەرهێنەران

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

"سلێمانی دەڵێی خۆڵی مردووی لێ نیشتووە، مردنی مام جەلال، برینی لەدەستدانی کاکە نەوەی کولاندینەوە". ئەمە قسەی دەشنێ ئەحمەدە کە مامۆستای زانکۆیە و سێ کەسی نزیکی شەهیدی یەکێتین.

مەرگی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری پێشووی بزووتنەوەی گۆڕان و مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان 137 ڕۆژ نێوانیان بوو، ئەوان هەردووکیان نیو سەدە هاوڕێ و هاوخەبات بوون. مەرگی ئەو دووانە قورسایی سیاسی و مێژوویی لەسەر سلێمانی هەبووە.

### سلێمانی ماندووە

دەشنێ ئەحمەد کە پێشتر لە ڕێکخستنی یەکێتی بووە، لە ساڵی 2009 وە بووەتە لایەنگری گۆڕان. ئەو بەدەم ڕوانینەوە لە گردی دەباشان لە کاتی بەخاکسپاردنی تەرمی مام جەلال گوتی "سلێمانی بریندارە، ئەمساڵ مردنی کاک نەوشیروان و مام جەلال خەڵکی ئەم شارەی ماندووتر کرد".

جەلال تاڵەبانی، سکرتێری پێشووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕۆژی سێی ئەم مانگە لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد، ڕۆژی هەینی ڕابردوو تەرمەکەی بە فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی عێراق هێنرایەوە فڕۆکەخانەی سلێمانی.

لە دەروازەی شارەوە تاوەکو دەباشان ئاڵای ڕەشی ماتەمگێری و وێنە دەم بە خەندەو پێکەنینەکانی تاڵەبانی بوو، بەهۆی ئاپۆرای جەمارەوە تەرمی مام جەلال بە زەحمەت گەیەنرایە مزگەوتی گەورەی سلێمانی. بە بەراورد بە نەوشیروان مستەفا، تاڵەبانی بۆ سلێمانی دوورتر بوو، چونکە نەوشیروان مستەفا کوڕی گەڕەکی سەرشەقامی سلێمانی بوو، هەرچی تاڵەبانی بوو، لە دایکبووی گوندی کەلکانی قەزای دووکان بوو، بەڵام تاڵەبانی زۆربەی ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی هەر لە سلێمانی و دەوروبەری بەسەر بردووە، لە ڕووی تەمەن و ئەزموونەوە بە مامۆستا و ڕابەری سیاسی نەوشیروان مستەفا دادەنرێت، هەردووکیان درێژەپێدەری ڕێبازی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتین کە دواتر لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە باڵی "جەلالی" ناوبانگی دەرکرد.

### تاڵەبانی دوو نازناوی بە سلێمانی بەخشیوە

"شارە حەیاتەکە" و "شاری هەڵمەت و قوربانی" دوو نازناو بوون، تاڵەبانی بەخشییە سلێمانی، لە دیدی سلێمانییەکانەوە، لە دوای نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی و دوورکەوتنەوەی لە شانۆی سیاسەت، هەروەها سەرهەڵدانی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی ئەو شارەی ماندوو کردووە.

پشتیوان زاهیر، کادیرێکی یەکێتییە دەڵێ "مام جەلال کۆکەرەوەی هەموو ناڕازی و ناکۆکەکان بوو، بەکۆبوونەوەیەک زۆر کێشەی چارەسەر دەکرد، لەگەڵ نەخۆشکەوتنی وردە وردە وەزعی یەکێتی تێکچوو، ئەوەش کاریگەری لەسەر سلێمانی و تەواوی کوردستان هەبوو".

سلێمانی بنکەی سەرەکیی جەماوەری گۆڕان و یەکێتییە کە هەردووکیان هەڵقوڵاوی یەک کانیی سیاسین، بەڵام ئەمساڵ کەسی یەکەمیان لەدەستدا.

فەریق هەڵەبجەیی کە فۆتۆگرافەرێکی شاری سلێمانییە بە دەم چا خواردنەوە لە شەقامی سالم گوتی "مردنی ئەو دوو کەسە بۆ ئەم دەڤەرە ساڵی خەم بوو" وەکو ئاماژەیەک بۆ ژیانی پێغەمبەری ئیسلام کاتێک لە یەک ساڵدا خەدیجەی هاوژینی و ئەبوتاڵبی مامی کۆچی دواییان کرد و ئەو ساڵە لە مێژووی ژیانی پێغەمبەردا بە "ساڵی خەم" ناسراوە.

### تاڵەبانی و بارزانی

لە مەراسیمی هێنانەوەی تەرمی تاڵەبانیدا تاوەکو ڕۆژی دواتر مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی مایەوە، دانانی تاجەگوڵینە لەبەردەم تەرمی تاڵەبانی کە تەنیا بە ئاڵای کوردستان پێچرابووەوە، پاشان سڵاوێکی سەربازی لە لایەن بارزانییەوە بۆ تاڵەبانی وایکرد لە سەروبەندی ناشتنی تەرمی سکرتێری گشتی یەکێتیدا خەڵک داوای یەکڕیزی بکەن، بۆ ڕۆژی دواتر جارێکی دیکە بارزانی لەسەر ئارامگەی تاڵەبانی تاجەگوڵینەی دانا و دواتر بە ڕۆژنامەڤانانی گوت "لەسەرمان پێویستە، برایەتیمان قوڵتر بکەین و یەکڕیزیمان بپارێزین، بەمە ڕۆحی مام جەلال شادتر دەکەین".

### بۆشایی سیاسی لە سلێمانی هەیە

لە سلێمانی 3000 کۆمپانیای نێوخۆیی و 1000 کۆمپانیای بیانی تۆمارکراون. بەپێی قسەی مەلا یاسین مەحموود، گوتەبێژی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان بۆ (ڕووداو)، قەبارەی وەبەرهێنان لە سلێمانی 24 ملیار دۆلارە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی، تەنیا نزیکەی بایی 17 ملیار دۆلار پرۆژە بەگەڕخراوە.

مەلا یاسین گوتی "لە ساڵی 2014 سلێمانی بووە چەقی کێشە و ململانێ سیاسییەکان و بۆشاییەکی سیاسی و ئیداری دروستبووە، هەتا ئێستا پارێزگارێک بۆ سلێمانی دیاری نەکراوە، پارێزگاری ئێستا دەسەڵاتی قایمقامێکی هەیە، ئەمەش کاریگەری لەسەر پرۆژەی وەبەرهێنان و پێشخستنی کەرتی ئابووری لەو شارە هەبووە و وای کردووە بەشێک لە سەرمایەداران پرۆژەکانیان ببەنە شارەکانی دیکە".

مەلا یاسین لە بارەی کاریگەریی کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا و مام جەلال دەڵێ "چەند بەرپرسێکی حیزبی و حکومی لە کاک نەوشیروان دەترسان، نەدەوێران کێشە و ئاستەنگ دروست بکەن، چونکە کاک نەوشیروان لەگەڵ دەوڵەتی دامەزراوە و سەروەریی یاسا بوو، بەڵام لە دوای مردنی ئەو ترسەیان نەماوە، بۆ مێژووش لە دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال کاری وەبەرهێنان لە سلێمانی کز بوو، مام جەلال گوشاری لەسەر وەبەرهێنەران دەکرد دەبێ پرۆژەی گەورە و ستراتیژی لەم شارە بکەن. بە بیرم دێت چەندینجار لە بەغدا دەگەڕایەوە بە ناو سلێمانیدا دەگەڕا باڵەخانە باڵەخانە دەیژمارد و بۆ ڕۆژی دواتر وەبەرهێنەرەکانی سلێمانی دەعوەت دەکرد لە ماڵەکەی خۆی و هانی دەدایـن کاری زیاتر بکەین، هەرچی دەوڵەمەندی ئەو شارە هەیە بە پشتیوانی و کارئاسانی مام جەلال پرۆژەی وەبەرهێنانی دەکرد، بەڵام بەداخەوە دوای نەخۆشکەوتنی ئەو بێکەس کەوتین".

## 10 ڕۆژە تەرمەکەی لە دادپزیشکی سلێمانییە

# پیاوێک دەسووتێندرێ و لەگەڵ زبڵ و خاشاک فڕێدەدرێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو - چەمچەماڵ**

چەند کارمەندێکی شارەوانی تەرمی پیاوێک لە شوێنی فڕێدانی زبڵ و خاشاک لەنێوان چەمچەماڵ و تەکیە دەدۆزنەوە، پۆلیس دەڵێت بەشی زۆری جەستەی پیاوەکە سووتێندراوە و ڕووخسارێشی شێوێنراوە.

ڕۆژی 2017/9/29 چەند کارمەندێکی شارەوانی لە کاتی کارکردنیان لە شوێنی فڕێدانی زبڵ و خاشاک لەنێوان چەمچەماڵ و تەکیە تەرمی پیاوێکیان دۆزیوەتەوە و دواتر پۆلیسیان لێ ئاگادار کردووەتەوە، تیمێکی پۆلیسی تەکیەش دەچێتە شوێنی ڕووداوەکە و دوای لێکۆڵینەوە تەرمەکەیان گواستووەتەوە بۆ نەخۆشخانە.

یەکێک لەو کارمەندانەی شارەوانی کە وەک شایەتحاڵێکی ڕووداوەکە لەوێ بووە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە بۆ فڕێدانی زبڵ و خاشاک و پاشماوەی ماڵان چووینە ئەو شوێنە، لەوێ گونییەیەکمان بینی کە سەرەکەی بە پەتێک پێچرابوو، شێوەی لە زبڵ نەدەچوو، کاتێک سەریمان کردەوە، بینیمان لاشەی مرۆڤێکە، دواتر پەیوەندیمان بە بەرپرسی بنکەی پۆلیسی تەکیەوە کرد، ئەویش لەگەڵ تیمێکی لێکۆڵینەوە هاتنە شوێنی ڕووداوەکە و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد، ئینجا لەڕێگەی ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتنەوە تەرمەکەیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی چەمچەماڵ".

ئەو کارمەندەی شارەوانی لەبارەی تەرمەکەشەوە دەڵێت: "هەموو جەستەی سووتێندرابوو، پێدەچێت پێشتر کوشتبێتیان، دواتر سووتێندرابێت، دەموچاوی شێوێندرابوو، هەردوو قاچیشی شکێندرابوو، بەجۆرێک کە نەناسرێتەوە".

عەمید عادل ساڵح، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای چەمچەماڵ لەبارەی ئەم کەیسەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی 2017/9/29 لەلایەن چەند کارمەندێکی شارەوانییەوە ئاگادارکراینەوە بە بوونی تەرمێکی پیاوێک لە شوێنی فڕێدانی زبڵ و خاشاک لەنێوان قەزای چەمچەماڵ و تەکیە، دەستبەجێ نەقیب هەرێم، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی تەکییە و تیمێکی لێکۆڵینەوەی بەڵگەی تاوان چوونە شوێنی ڕووداوە". بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای چەمچەماڵ دەشڵێت "تەرمەکە لە ڕەگەزی نێر بوو، تەمەنیشی لەنێوان 25 بۆ 30 ساڵان دەبوو، بەهۆی ئەوەی بەشی زۆری جەستەی سووتێندرابوو، هەروەها دەموچاویشی شێوێندرابوو، هێشتا نەناسراوەتەوە و دیاریش نییە کە پێش سووتاندنی، بە فیشەک یان چەقۆ کوژراوە یان خنکێندراوە، ئێمە تەرمەکەیمان ناردووە بۆ پزیشکی دادی سلێمانی تا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت".

هەرچەندە 10 ڕۆژ بەسەر دۆزینەوەی ئەو تەرمە تێپەڕیوە، بەڵام وەک عەمید عادل ساڵح دەڵێت "هێشتا هیچ کەسێک سکاڵای تۆمار نەکردووە و کەسیش نەهاتووە بڵێت کەسێکمان بێسەروشوێنە، بۆیە لەڕێگەی هەفتەنامەی ڕووداوەوە داوا دەکەین، هەر خێزانێک، کەسێکی بێسەروشوێنی هەیە، با پەیوەندیمان پێوەبکات و یان سەردانی پزیشکی دادی سلێمانی بکات بۆ ئەوەی سەیری تەرمەکە بکات. هەروەها داوامان کردووە پشکنینی DNA بۆ تەرمەکە بکرێت تاوەکو ناسنامەکەی بدۆزینەوە".

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای چەمچەماڵ دەشڵێت "لە بنکەی پۆلیسی تەکیە پەراوی لێکۆڵینەوە بۆ کەیسە ڕێکخراوە و لەلایەن دادوەرەوە فەرمانی دەستگیرکردنی تاوانبارانی نادیار بەپێی ماددەی 405 لە یاسای سزادانی عێراقی دەرچووە".

راپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 476 ) - دووشەممە 2017/10/9



## بارزانی: بیر لە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی گشتپرسی مەکەنەوە

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی یەکشەممە 8ـ 10ـ 2017 لە پیرمام، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەلیم جبووری، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبووەوە.

بەپێی ڕاگەیێندراوێکی سـەرۆکایەتیی هەرێمی کوردسـتان، لە دیدارەکەدا بیروڕا لەبارەی پێشـهاتە سیاسـییەکانی عێراق و گشتپرسـیی گەلی کوردستان و کاردانەوەکان ئاڵوگۆڕ کراوە. هێمن هەورامی، ڕاوێژکاری بارزانی لەبارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ڕایگەیاندووە "لە کۆبوونەوەکەدا بارزانی بە سەلیم جبووری ڕاگەیاند هیچ کەسێک بیر لە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی گشتپرسی نەکاتەوە، چونکە ئەوە بڕیاری گەلە و هیچ کەس و هێز و لایەنێک ناتوانێت بڕیاری وابدات".

## بەرپرسی پرۆتۆکۆڵی حکومەت هۆکارەکەی ئاشکرا دەکات

# بۆچی ئاڵای عێراق لەسەر تەرمی تاڵەبانی دانەنرا؟

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

بە ئاڵای کوردستان داپۆشینی ئەو تابووتەی تەرمـی جـەلال تاڵەبانـی، سـەرۆک کۆماری پێشـووی عێراقـی تێدابوو، کرایـە قەیرانێکی دیکە و خرایە سـەر لیستی ئەو قەیرانانەی کە پەیوەندییەکانـی نێوان بەغـدا و هەولێریان بە تەواوی ئیفلیج کردووە. بەغدا کە هیچ ماتەمێکی فەرمی بۆ کۆچـی دوایی تاڵەبانی ڕانەگەیاند و تەنانەت بەهۆی داخسـتنی ئاسـمانی هەرێمی کوردستانەوە گەیشتنی میوانەکانی بۆ پرسەکە زەحمەت کرد، وای نیشان دەدات کە دانەپۆشینی تابووتەکـە بـە ئاڵای عێراق سـووکایەتی بووە بـە شـکۆی وڵات و کارێکی ئەنقەسـت بووە و پەیامێکی سیاسی بووە ئاراستەی بەغدا کراوە. بەڵام بەرپرسی پرۆتۆکۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت بەغدا ئامادە نەبوو مەراسیم بۆ هێنانەوەی تەرمی تاڵەبانی ساز بکات.

شێرزاد ئازاد سوڵتان، بەرپرسی پرۆتۆکۆڵی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان لە وەڵامی ئەو هەڵمەتـە میدیاییـەدا بـە (ڕووداو)ی گـوت "لەگـەڵ پرۆتۆکۆڵـی سـەرۆکایەتی کۆمـار و سـەرۆکوەزیرانی عێـراق قسـەم کـرد، هیـچ بەرنامەیەکیان بۆ پێشـوازی لە تەرمی سەرۆک مام جەلال لە بەغدا نەبوو، تەنانەت جوانە خان، کچی سـەرۆک کۆماری عێراق پێیگوتم کە لێرە هیچ بەرنامەیەک نییە و جەماعەتی نووسینگەی عەبادیش گوتیان ئێمە دەچینە فەرەنسا، هیچ بەرنامەمان نییە بۆ پێشـوازی لـە تەرمی مام جەلال، بۆیە کاک نێچیرڤان بارزانی، سـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمەی ڕاسپارد مەراسـیمێکی شـکۆدار بۆ سـەرۆک مام جەلال ڕێکبخەین".

بەرپرسـی پرۆتۆکۆلی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان دەڵێـت هەریـەک لـە د.فوئـاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، د.خەسرۆ گوڵ، جێگری ڕاوێژکاری ئەنجوومەنـی ئاسایشـی هەرێمی کوردسـتان ئاگاداری چۆنیەتی ڕێکخسـتنی مەراسـیمەکە بـوون و دەڵـێ "هیچ کارێکمـان بەبێ پرس و ڕاوێـژ نەکردووە، برادەرانی مەکتەبی سیاسـی یەکێتـی ئـاگادارن. بەپێی پرۆتۆکـۆل ئەگەر تەرمی سـەرۆک مـام جەلال بچووبایـە بەغدا، دەبوو ئاڵای عێراقی لەسـەر بووایە، بەڵام لەوێ مەراسیم نەکرا، بۆیە تەنیا ئاڵای کوردستانمان دانا، ئەوان ئامادە نەبن لە بەرامبەر ئەو خزمەتە گەورەیەی سـەرۆک مام جەلال بە عێراقی کرد مەراسـیمێک بۆ ئەو پیاوە بکەن، بۆ گلەیی لە دانەنانی ئاڵای عێراق دەکەن؟".

شێرزاد سـوڵتان ڕوونیکردەوە نەدەبوو دوو ئاڵا لەسـەر تەرمی مام جـەلال دابنرێ "ئەگەر مەراسیمەکە لە بەغدا بکرابایە دەبوو تەنیا ئاڵای عێراق بێت، بەڵام ئەوان مەراسیمەکەیان نەکرد، بۆیە ڕەخنەکانیان لە شـکۆی ئەو مەراسیمەی سەرۆک مام جەلال کەم ناکاتەوە کە بە شایەتی زۆربەی بەرپرسـان و خەڵک و کادیرانی خودی یەکێتی، کارێکی نایاب و جوانمان کرد".

### ئاڵا: ئاڵای عێراقی ئامادەکردبوو

ئاڵا تاڵەبانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە یەکێکە لەوانەی بە دانانی ئاڵای کوردستان لەسـەر تابووتەکە تووڕەیە، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە دانانی ئاڵای کوردسـتان بۆ ئەوان چاوەڕواننەکراو بـووە، چونکە دەڵێت "لەکاتی نیشـتنەوەی فڕۆکەکە ئاڵایەکی عێراقمان دایە لیژنـەی پرۆتۆکۆڵ، بەڵام کـە دایانگرت ئاڵای کوردستانی پێوەبوو".

بـەڵام شـێرزاد سـوڵتان دەڵـێ "هەمـوو کارەکان بـە ڕاوێـژ و ئاگاداریـی مەکتەبـی سیاسی یەکێتی کراوە، ئێمە کارەکانمان بەپێی پرۆتۆکـۆڵ کـردووە. سـەبارەت بـە ئاڵاکەش شـەوی گەڕانەوەی تەرمی سـەرۆک مام جەلال لە سـلێمانی ئاڵای کوردسـتانمان ئامادە کرد، لە کاتـی هێنانە خوارەوەی تەرمەکە ئاڵاکەمان دانا، کەسیش ئاڵای عێراقی نەداوەتە ئێمە، ئەو بابەتەش پەیوەندی بـەوەوە نییە ئاڵای عێراق هەبووە یان نا، بەڵکو وەکو گوتم مەراسیمەکە لە کوردسـتان بووە نەک لە بەغدا، بۆیە تەنیا ئاڵای کوردستانمان دانا، جگە لەوە ئۆتۆمبێلی تایبەتی گواسـتنەوەی تەرمەکـە بۆ مزگەوتی گـەورە ئاڵای کوردسـتان و عێراقی پێوە بوو. جگە لەوەش سروودی نیشتمانیی عێراق لێدرا، ئەمانە هەمووی بەڵگەن کە دانەنانی ئاڵای عێراق بە مەبەست و بەرنامە نەبووە".

دوای مەراسیمەکە، چەند بەرپرسێکی عێراقی ڕایانگەیانـد کـە بەهۆی نەبوونی ئـاڵای عێراق مەراسـیمەکەیان جێهێشـتووە، بەڵام شـێرزاد ئازاد سـوڵتان ئـەو زانیاریانـە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ "هیچ بەرپرسێکی عێراقی مەراسیمەکەی جێنەهێشت، بەڵکو دوای بردنی تەرمی سەرۆک مام جـەلال بۆ مزگەوتی گـەورە و تەواوبوونی مەراسیمەکە ئینجا ڕۆیشتن و لە میدیاکاندا وایان بڵاوکردەوە کە بایکۆتیان کردووە".

### لە دانانی گوڵ ئێران لە پێش ئەمریکا بوو

بەرپرسـی پرۆتۆکۆڵی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان ئـەوە ڕووندەکاتـەوە کـە 100 پاسـەوانی شـەرەفی سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردستان لەگەڵ 40 کەس لە تیمی هونەری و مارشی وەزارەتی پێشمەرگە لە ماوەیەکی کەمدا مەشـق و ڕاهێنانیان بۆ ئەو مەراسیمە کردووە و دەڵـێ "ئێمە بە ماوەیەکـی زۆر کەم کارێکی گەورەمان کرد، ئەو مەراسیمە ئەنجامدرا، دڵنیام لە وڵاتانی دیکەی دەوروبەرمان شتی لەم جۆرە ناکرێت".

لـە کاتـی دانانـی تاجەگوڵینەی میـوان و دۆسـتەکانی تاڵەبانـی لەسـەر تەرمەکـەی، محەممـەد جەواد زەریـف، وەزیـری دەرەوەی ئێران پێش دۆگلاس سـلێمان باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق تاجەگوڵینەی لەسەر تەرمی تاڵەبانی دانـا، ئەمـەش خوێندنەوەی جیـاوازی بۆ کرا. شـێرزاد ئازاد سوڵتان گوتی "بەپێی پرۆتۆکۆڵ پۆستی وەزیری دەرەوە لە باڵیۆز باڵاترە، بۆیە وەزیری دەرەوەی ئێران پێش میوانەکانی دیکە گوڵەکەی دانا".

تابووتی مـام جەلال کـە (ڕووداو) زانیاری لەسـەری هەبوو، لە داری گوێز دروسـتکرابوو. لەسـەر داوای تیمـی پرۆتۆکۆڵ، لاهوور شـێخ جەنگـی 21 تۆپی ئامادەکرد و لە مەراسـیمی هێنانەوەی تەرمەکەی تاڵەبانیدا 21 گوللە تۆپ تەقێنـدران، بەرپرسـی پرۆتۆکۆلی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان دەڵـێ "ئـەو 21 تۆپـە هێمای ئاشتییە، سـەرۆک مام جەلال پیاوێکی ئاشـتیخواز و شۆڕشگێڕ بوو، ئەم بیرۆکەیە بۆ سـەردەمی کۆن دەگەڕێتەوە کاتێک کەشـتییە بازرگانییـەکان دەچوونـە شـارێکی دیکە، بۆ پیشاندانی نیازپاکی و ئاشتی، حەوت تۆپ هەر یەکەیان سـێ گوللە تۆپی بە ئاراسـتەی دەریا دەتەقاند، لە بەرامبەردا خەڵکی شارەکە بە 21 تۆپ وەڵامیان دەدانەوە.



دانانی ئاڵای کوردستان لەسەر تەرمی تاڵەبانی، عەرەبەکانی تووڕەکرد

(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

> نێچیرڤان بارزانی ڕایسپاردین مەراسیمێکی شکۆدار بۆ مام جەلال بکەین

> بەغدا ئامادە نەبوو مەراسیم بۆ مام جەلال ڕێکبخات

> سەرجەم کاروبارەکانی پرۆتۆکۆڵ بە ئاگاداریی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووە
>
> بەرپرسی پرۆتۆکۆڵی حکومەت

# هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم دوادەخرێت

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

تەنیـا سـێ هەفتـە مـاوە لـەو وادەیـەی کۆمیسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی بۆ ئەنجامدانـی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان دیاریی کردووە، بـەڵام هەمـوو ئامـاژەکان وا نیشـاندەدەن کە هەڵبژاردنەکە لەو کاتـەدا ناکرێ و دوادەخرێ، بەپێـی زانیارییەکانیش یەکێتـی داوای کردووە هەڵبژاردن بۆ ساڵ و نیوێک دوابخرێ، پارتیش ئەو ماوەیەی پێ زۆرە.

شـێروان زرار، گوتەبێژی کۆمسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد: "ئێمـە هەمـوو ئامادەکارییەکمان کردووە و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا تیروپشک بۆ ژمارەی لیستەکان دەکەین، ناوی کاندیدەکانیش ڕەوانـەی بەڵگـە و تـاوان دەکەین بـۆ ئەوەی پەسەند بکرێن".

تۆفیـق ڕەحیم، کاندیدی بزووتنـەوەی گۆڕانە، بـەڵام بەهۆی تەواوبوونی ماوەی یاسـایی، خۆ کاندیدکردنەکـەی کێشـەی تێکەوتووە و بڕیارە ئەمـڕۆ دووشـەممە 2017/10/9 ئەنجوومەنی شـوورا بڕیـاری کۆتایـی لەوبارەیـەوە بـدات. شـێروان زرار گوتی "ئەنجوومەنی شوورا داوای بەڵگەنامە و فۆڕمی کاندیدی پۆسـتی سەرۆکی هەرێمـی کوردسـتانی کـردووە، بڕیـارە ئەمڕۆ دووشەممە ئەو پرسە یەکلابکەنەوە".

### پارتی و یەکێتی لەسەر دواخستنی هەڵبژاردن هاوڕا نین

(ڕووداو) زانیویەتـی یەکێتـی داوای دواخسـتنی هەڵبژاردنەکانی بۆ ماوەی سـاڵ و نیوێـک کردووە، بـەڵام پارتی ئەو ماوەیەی پێ زۆرە. لـە پـرۆژە حەوت خاڵییەکـەی یەکێتیدا بـۆ کاراکردنـەوەی پەرلەمان و پشـتیوانی بۆ گشتپرسـی کـە لەلایـەن مەکتەبی سیاسـی و سـەرکردایەتی ئـەو حیزبەوە پەسـەند کرا، لە خاڵی چوارەمدا جەخت کراوەتە سەر "هەمواری یاسـای هەڵبـژاردن و دەسـتەبەرکردنی مافـی دەنگدانی دانیشـتووانی ناوچە دابڕێندراوەکان، بۆ ئەوەی نوێنەری ڕاسـتەقینەی خۆیان هەبێت لە پەرلەمانی کوردستان".

ڕێواز فایەق، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد: "یەکێتـی لەگـەڵ ئەوەیـە هەر ناوچەیەک ڕیفراندۆمی تێدا کرابێ، هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی کوردستانیشـی تێـدا بکرێ، مادام ئێمە ئەو ناوچانەمان خسـتووەتە مەترسـی و ڕیفراندۆمـان تێدا کـردووە، مافی خۆیانـە نوێنەریان لـە پەرلەمانی کوردسـتان هەبێـت، بۆیە دەبێ یاسـای هەڵبژاردن هەموار بکەینەوە".

ڕێـواز فایـەق پێیوایە بـەر لە هەڵبـژاردن، بۆئـەوەی ڕێژەیەکی بـەرزی بەشـداریی هەبێ دەبـێ بڕێـوی خەڵـک چـاک بکـرێ و دەڵێت: "خەڵک بۆ پرسـێکی نیشتمانی وەکو ڕیفراندۆم هاتە سەر سندووقی دەنگدان، بەڵام مەرج نییە بۆ هەڵبژاردن ئەوە بکات، چونکە لە حیزبەکان تووڕەن".

ئەندامێکـی ئەنجوومەنـی کۆمیسـیاران کە نەیویسـت نـاوی بڵاوبکرێتـەوە، بـە (ڕووداو) ی گـوت: "ئێمە لەبـەر موزایـەدەی حیزبەکان ناچین بڵێیـن هەڵبژاردنمان پێناکرێت، ئەگەرنا بـە واقیـع لـە یەکـی نوفەمبـەر دەبینـن کە هەڵبـژاردن ناکرێت، چونکە تۆماری دەنگدەران نوێ نەکراوەتەوە، ژمارە نەدراوەتە لیسـتەکان، کارتـی دەنگـدان چاپ نەکـراوە و فەرمانبەری سـەر سـندوق دانەمەزراوە، بۆیە ئەگەر بچینە پەرلەمانیـش ئێمە ناڵێین هەڵبژاردن ناکرێت با حیزبەکان خۆیان ئەو بڕیارە بدەن".

هەرچەنـدە بزووتنـەوەی گۆڕان لـە زۆربەی هەڵوێسـتە سیاسـییەکانیدا داوا دەکات هەڵبـژاردن لـە کاتی خـۆی بەڕێوەبچێ، بەڵام پەرلەمانتارێکی گۆڕان دەڵێت دوادەخرێ.

بێسـتوون فایـەق، پەرلەمانتـاری گـۆڕان بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد "ئێمـە ئامادەباشـی خۆمـان بۆ هەڵبژاردن کـردووە، لەگەڵ ئەوەین هەڵبـژاردن لـە کاتـی خـۆی بکـرێ، بـەڵام پێموایە ئەمسـاڵ ناکرێت، چونکە کۆمیسـیۆن و لایەنـەکان زەمینەسـازییان بـۆ هەڵبژاردن نەکردووە، تۆمارێکی دەنگدەرانی خراپمان هەیە کە شایسـتەی ئەوە نییە هیچ هەڵبژاردنێک بەو تۆمارە بەڕێوەبچێت".

بێسـتوون فایـەق هەروەهـا گوتـی: "کۆمیسـیۆن یەک ڕۆژی بـۆ وردبینی لە ناوی کاندیـدەکان دیـاری کردووە. لـە کاتێکدا ئەو 28 قەوارەیەی کۆمیسیۆن پەسەندی کردوون، نزیکەی 2800 کاندیدیان دەبێت، چۆن بە یەک ڕۆژی وردبینـی لـە ناوی ئەو هەمـوو کاندیدە دەکرێـت، هەڵبژاردنـی ڕابـردوو زیاتـر لە 10 جـار چوومەتە بنکەی پۆلسـی و ئاسـایش بۆ سەلماندنی ئەستۆپاکیی خۆم".

### پارتی بۆ هەڵبژاردن ئامادەیە

سـەرکردەیەکی پارتی کە نەیویسـت ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئەوەی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردنەوە کـە دواخسـتنی هەڵبژاردنـەکان تەنیا بڕیاری مـاوە و گوتـی "یەکێتی دەیـەوێ ئێمە بڵێین بـا هەڵبـژاردن دوابخرێـت، ئێمـەش ئەوەمان ناوێت، ئەگەرچی لە ڕووی جەماوەرییەوە دوای ڕیفرانـدۆم وەزعی پارتی لـە هەموو حیزبەکان باشـترە، ناشـزانین دوای مام جـەلال یەکێتی ئامادەیـی تێدا هەیـە هەڵبژاردن بکات یان نا، جگە لەوە هیچ کاندیدێک بۆ پۆسـتی سەرۆکی هەرێـم نییـە، لەوانەیە هەڵبژاردنـی پەرلەمان بەبـێ سـەرۆکی هەرێـم بکرێـت". گوتیشـی "بەڵام دۆخی نێوخۆی کوردسـتان و کێشـەی ئێمـە و بەغـدا و وڵاتانـی ئیقلمی لەبـار نییە بـۆ هەڵبـژاردن، بۆیـە دەبـێ هەڵبـژاردن بە پاسـاوی مەعقول و بە کۆی دەنگی حیزبەکان دوابخرێت".

پێشـتر خەسـرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنـی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو "ئێمە وەکو پارتی هەر کاتێک کۆمیسیۆن بڵێ هەڵبژاردنە ئامادەیـن، بەڵام بەپێی ئەزموونی خۆمان زۆر زەحمەتە لەو ماوەیەی دیاریکراوە هەڵبژاردن بکرێت".

هەرچی یەکگرتووی ئیسـلامی کوردسـتانە کـە لـە ڕۆژی 15ی ئەیلـول لەگـەڵ پارتی و یەکێتی پەرلەمانـی کارا کردەوە، داوا دەکات هەڵبـژاردن لـە کاتـی خـۆی بەڕێوەبچێـت. مسـتەفا عەبدوڵـڵا، ئەندامـی ئەنجوومەنـی جێبەجێکردنی یەکگرتوو بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمـە ئامادەباشـی خۆمان کـردووە، پێمان باشە هەڵبژاردن لە کاتی خۆی بەڕێوەبچێت".

### درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان

بڕیارە دوای پرسـەی تاڵەبانـی، مەکتەبی سیاسـی پارتی و یەکێتـی کۆببنەوە، یەکێک لـە مژارەکانیـش دواخسـتنی هەڵبژاردنـی پەرلەمان و سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی پەرلەمانە. بـۆ ئەمـەش سـیناریۆیەک هەیـە ئەویـش ئەوەیـە کە پەرلەمـان لە کۆی هەشـت وەرز لـە چـوار سـاڵدا تەنیـا سـێ وەرز دەوامـی کـردووە، بەمەش پەرلەمـان 15 مانگی دیکە کارەکانـی بەڕێوەببـات و 8 وەرزەکـە تـەواو بـکات. بەو پێیەی هەر وەرزێک سـێ مانگە، ئەمـەش لـە پەیـڕەوی ناوخـۆی پەرلەمانـدا هاتـووە "پەرلەمـان لـە سـاڵێکدا دوو خـول گرێدەدات یەکەمیان لە سەرەتای مانگی ئادار دەسـتپێدەکات و لە کۆتایی مانگی حوزەیران کۆتایـی دێ، دووەمیان لە سـەرەتای ئەیلول دەسـت پێدەکات و لە کۆتایی کانوونی یەکەم کۆتایی دێت". بەڵام کێشـەی ئەو سـیناریۆیە ماددەی هەشـتی پەیڕەوە کـە دەڵـێ "ماوەی پەرلەمـان چوار سـاڵە، لە یەکەم دانیشـتنی دەستپێدەکات و بە دوایین دانیشتنی لە ساڵی چوارەمدا کۆتایی دێت".

### تاکە کاندید

کۆمیسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن، ناوی 28 قـەوارەی بۆ هەڵبژاردنـی پەرلەمانی کوردسـتان پەسـەند کـردووە، بـەڵام بـۆ هەڵبژاردنـی سـەرۆکی هەرێـم تاوەکو ئێسـتا تەنیـا یـەک کاندید هەیـە، ئەویـش محەممەد

> یەکێتی داوای کردووە ساڵ و نیوێک هەڵبژاردن دوابخرێت، پارتیش بە زۆری دەزانێت

> هەموو ئامادەکارییەکمان بۆ هەڵبژاردن کردووە
>
> گوتەبێژی کۆمیسیۆن

> دەبێ ناوچە کوردستانییەکانیش بەشداریی هەڵبژاردن بکەن
>
> ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی

رووداو راپۆرت
ژمارە (476) - دووشەممە 2017/10/9



## رایان کرۆکەر: لە دژایەتیکردنی سەربەخۆیی کوردستان پەشیمانم

**رووداو – واشنتن**

رایان کرۆکەر باڵیۆزی پێشووی عێراق دەڵێت ئەو کاتەی لە عێراق بووە دژایەتیی کوردستانێکی سەربەخۆی کردووە، بەڵام ئێستا پەشیمانە. کرۆکەر لە ساڵی 2007– بۆ 2009 باڵیۆزی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بۆش بوو لە عێراق. ئەمڕۆ هاتووەتە ریزی رەخنەگرانی ئیدارەی ترەمپەوە بەرامبەر گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان.

رایان کرۆکەر دەڵێت "ئێستا رەخنەگرتن لە گشتپرسی و ئەنجامەکەی خزمەت بە هیچ کەس و لایەنێک ناکات. پێویستە بزانین دەتوانین چی بکەین تا ئەو پرۆسەیەی لەپێشە پرۆسەیەکی بێگرفت و سەقامگیر دەبێت. دەبێت کاریگەریمان بۆ ئەوە بەکاربهێنین".

# عەرەبی سوننە دەیانەوێ ئەزموونی گشتپرسیی کوردستان کۆپی بکەن

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو– هەولێر**

بەڕێوەچوونی گشتپرسیی باشووری کوردستان جارێکی دیکە پرسی پەراوێزخستنی عەرەبی سوننە لە عێراقی دوای داعش دەکاتە رۆژەڤ. ئێستا جوڵانەوەیەکی سیاسیی بەهێز لە نێوان عەمان، لەندەن و هەولێر بۆ دروستکردنی ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆم لە پارێزگا سوننەنشینەکانی عێراق هەیە.

بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق، هیچ سەردەمێک وەکو ئێستا عەرەبی سوننە لە پەراوێزدا نەبوون. بە رووخانی رژێمی سەددام خۆری سوننە رۆژ بەرۆژ لە ئاوابوون نزیک دەبووەوە، ژمارەیەکی زۆریان عێراقیان جێهێشت. ئەوان لە 2005 بایکۆتی پرۆسەی سیاسیی عێراقیان کرد، دواتر لە 2009 بە گوڕوتینەوە گەڕانەوە نێو پرۆسەی سیاسی، بەڵام ئەوە دادی نەدان و هەرزوو دەسەڵاتی سیاسیی عێراق (زۆرینە شیعە) کەوتنە دژایەتیان، ئەمەش نارەزایەتی سوننەکانی گەیاندە لوتکە و لە شارەکانی خۆیان پەنایان بردە بەر خۆپیشاندانی جەماوەری، بەڵام حکومەت بە زەبری هێز سەرکوتی کرد.

فەهران حەواس ئەلسەدید، سەرۆکی هۆزی شەممەر لە پارێزگای نەینەوا و سەلاحەدین دەڵێت: "گەورەترین هەڵەی عەرەبی سوننە نەبوونی هێز و هەرێمی حوکمڕانی بوو، عەرەبی سوننە نەیتوانی سوود لە ئەزموونی کوردستان وەربگرێت، بەغدا بە پاساوی تیرۆر چەکی لە عەرەبی سوننە وەرگرتەوە و لە رێگای میلیشیا و داعشیشەوە ناوچەکانی عەرەبی سوننەی وێران کرد".

ئەگەرچی لە دوای رووخانی رژێمی سەددامەوە، گرووپی توندڕەوی سوننە لە عێراق نەبڕاون، بەڵام سەرهەڵدانی داعش گەورەترین گورز بوو بەر سوننە کەوت. لە حوزەیرانی 2014 داعش پەلاماری دووەم گەورەترین شاری عێراق و سوننەنشینی دا، بەدوای ئەویشدا ئەنبار و سەلاحەددینی داگیرکرد، ئەنجامەکەشی دروستبوونی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بوو. ئەو میلیشیایانە شانبەشانی سوپای عێراق بەشدارییان کرد لە ئۆپەراسیۆنەکانی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە سوننەنشینەکان، ئەگەرچی سوننە دژی ئەوە بوون. بەپێی راپۆرتە میدیاییەکان لەو شوێنانەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بەشدارییان کردووە، زۆرترین کاولکاری روویداوە.

گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان لە 25ی ئەیلولی رابردوو، خەریکە ئاهێک بەبەر عەرەبی سوننەدا دەهێنێتەوە و ئەوان دەیانەوێ ئەو گشتپرسییە بکەنە هەوێنی گەڕانەوەی هێز بۆیان.

فەهران دەڵێ "لە دوای گشتپرسیی کوردستان، ئێمە لەسەر دروستکردنی هەرێم سوورتر دەبین و بە مافێکی دەستووریی خۆمانی دەزانین، دەمانەوێ کۆنفیدراڵی لەگەڵ هەرێمی کرودستان رابگەیێنین، ببینە هێزێکی ئابووری و سەربازیی گەورە و دەروازەی سنووریشمان هەیە لەگەڵ سووریا، ئوردن و سعودیە. لە رێگای وەبەرهێنانەوە ناوچەکانی خۆمان ئاوەدان دەکەینەوە، دەمانەوێ ئەزموونی کوردستان کۆپی بکەینەوە. باشترین میکانیزمیش ئەنجامدانی رێککەوتنە لەگەڵ هەرێمی کوردستان".

نزیکەی 400 گوند و کۆمەڵگای رۆژئاوای دیجلە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتیی هێزی پێشمەرگەدان کە ژمارەی دانیشتووانی عەرەب لەو ناوچانە نزیکەی 25 هەزار کەس دەبن و بەشدارییان لە گشتپرسیی باشووری کوردستاندا کردبوو. بەپێی قسەی سەرۆک هۆزەکانی نەینەوا، زۆرینەی رەهایان بە "بەڵێ" دەنگیان داوە.

شێخ مزاحم ئەحمەد ئەلحوێت، گوتەبێژی سەرۆکهۆزە عەرەبەکانی نەینەوا بە (رووداو)ی گوت "پێشمەرگە خوێنی بۆ ئازادکردنی ناوچەکانمان رشت. شارەکانی کوردستانیش دەرگایان بە رووی ئاوارەکاندا کردووەتەوە. ئێستا لە هەموو کات زیاتر هەست بە نزیکایەتی و هاوچارەنووسی لەگەڵ برا کوردەکان دەکەین، خەڵکی ئێمە نزیکەی 98%ی بە بەڵێ دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوە، تازە ئێمە ناگەڕێینەوە لای حکومەتی فاشیل و تائیفەگەری بەغدا".

هەرچەندە گشتپرسیی باشووری کوردستان، ئاستی داواکاریی سوننەکانی بەرزتر کردووەتەوە، بەڵام نەبوونی رەوتێکی سیاسی بەهێز و یەکگرتوو بۆ ئاراستەکردنی سوننەکان و دانوستاندن لەگەڵ بەغدا، وایکردووە داواکارییەکانی عەرەبی سوننە نەچێتە بواری جێبەجێکردن، بە تایبەتی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانە لەلایەن سوپای عێراقی و حەشدی شەعبی کە مەترسی دووبارە سەرهەڵدانی گرووپی هاوشێوەی داعش هەیە.

سەرۆکهۆزی عەرەبەکانی نەینەوا دەڵێ "ئێمە بووینەتە بەشێک لە سیستەمی بەرگریی کوردستان، لە پاڵ برا کوردەکانمان لە وەزارەتی پێشمەرگە چەندین رۆڵەی عەرەب لە لیواکانی دیجلە، دەشتی نەینەوا و مەخموور ناوچەکانی خۆیان دەپارێزن. ئێستا نزیکەی 20 هەزار پێشمەرگەمان هەیە".

> **شێخ رەعد سلێمان:**
> داوای گشتپرسی لە شەش پارێزگاکەی سوننە دەکەین

> **شێخ مزاحم ئەلحوێت:**
> 20 هەزار عەرەب بوونەتە پێشمەرگە



عەرەبی سوننە دەیانەوێ گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان بکەنە هەوێنی گەڕانەوەی هێز بۆیان

### عەرەبی سوننە هەڵوێستیان گۆڕاوە

میسال ئالووسی، سەرۆکی حیزبی ئوممەی عێراقی کە خەڵکی پارێزگای ئەنبارە، پێیوایە سەرخستنی گشتپرسی کوردستان نەک بۆ عەرەبی سوننە بەڵکو بۆ هەموو ئازادیخوازانی عێراق و ناوچەکە گرنگە.

ئالووسی بە (رووداو)ی راگەیاند "نەبوونی ناسنامەی نیشتمانی و شکستی ئیسلامییەکان لە حوکمڕانی عێراق، پاڵی بە کوردستانەوە نا بۆ ئەوەی گشتپرسی بکات. ئەمەش ئیلهام بە ئازادیخوازانی عێراق و ناوچەکە دەدات و بەغداش دەخاتە بەردەم دوو بژارە: یان دیموکراسی یان دیکتاتۆرییەت".

میسال ئالووسی ئاماژە بۆ هەڵوێستی عەرەبی سوننە بەرامبەر بە کورد دەکات و دەڵێت "دوای داگیرکاریی داعش تێڕوانینی عەرەبی سوننە بۆ کوردستان گۆڕاوە، عەرەبی سوننە بە باشی کوردیان نەدەناسی، بەغدا کە خۆی بە پایتەختی ئیسلامی و دیموکراسی دادەنێت، قبوڵی نەکرد خەڵکی فەللوجە و ئەنبار بچنە بەغدا، بەڵام کوردستان دەرگای بۆ کردنەوە. ئەمەش کاریگەری لەسەر گۆڕینی بۆچوونی عەرەبی سوننە هەبوو".

### لە دژایەتی فیدراڵییەوە بۆ داواکردنی

لە کاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، عەرەبی سوننە نەیاری سەرسەختی چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی بوون لە دەستووردا، بەڵام پەراوێزخستن و شەڕی تائیفی لە بەغدا و ناوچەکانی دیکەی عێراق پارێزگا سوننەکانی پاڵنا بۆئەوەی خۆپیشاندانی جەماوەریی گەورە بکەن بۆ دروستکردنی هەرێمی فیدراڵی، بەڵام وەڵامدانەوەی نێگەتیڤی نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق بووە هۆی ئەوەی یەک لەسەر سێی خاکی عێراق بکەوێتە دەستی داعش کە زۆربەی عەرەبی سوننە وەکوو هێزێکی رزگارکەر لە دەستی بەغدا تەماشایان دەکرد.

یەحیا سونبل، ئەمینداری ئەنجوومەنی هۆزەکانی عێراق، پێیوایە گشتپرسی پاڵ بە عەرەبی سوننەوە دەنێت داوای مافەکانی خۆی بکات. سونبل بە (رووداو)ی گوت: "ئەگەر گوشاری تائیفی و پێشێلکاریی میلیشیای حەشدی شەعبی بەردەوام بێت، گەلی عێراق رادەپەڕێ، چونکە خەڵک قبوڵ ناکات سوکایەتی بە کەرامەتی بکرێت، لە ناوچەکانی عەرەبی سوننە رزق و رۆزی خەڵک دەستی بەسەرداگیراوە، گرتنی هەڕەمەکیی خەڵک هەیە، ئەگەر بەغدا دەست لەو سیاسەتە هەڵنەگرێت خەڵک رادەپەڕێ".

ئێستا عەرەبی سوننە یەک بۆچوون نین، بەرەورووی دابەشبوونێکی سیاسیی قووڵ بوونەتەوە، بەشێکیان لایەنگری مالیکین کە بە "سوننەی مالیکی" وەسف دەکرێن، بەشێکی دیکەش پرۆژەیەکی سیاسی روونیان نییە".

شێخ رەعد سلێمان، سەرۆکی ئەنجوومەنی یەکێتی هۆزەکانی عێراق پێیوایە گشتپرسیی باشووری کوردستان پشتیوانییەکی باشە بۆ عەرەبی سوننە "داوای بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە هەر شەش پارێزگا سوننەنشینەکەی عێراق دەکەین، چونکە شەراکەتی حوکمڕانی لەگەڵ بەغدا کۆتایی هاتووە، سیاسەتی پشتگوێخستن دژی عەرەبی سوننە بەکاردێنن، بۆیە باشترین چارەسەر پێکهێنانی هەرێمی فیدراڵییە بۆ پارێزگا سوننەکان".

مەبەستی شێخ رەعد لە شەش پارێزگای سوننی نەینەوا، سەلاحەدین، ئەنبار، دیالە، بەغدا و کەرکووکە کە ئەمەی دواییان لە گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولدا بەشداریی کرد و دەنگی بەڵێ تێیدا زۆرینەی رەها بوو.

> عەرەبی سوننە رادەپەڕن
> 
> یەحیا سونبل

# "بەرەی تورکمانی زانیاری هەڵەی داوەتە تورکیا"

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

سیاسەتمەدارێکی تورکمانی خەڵکی کەرکووک کە ماوەیەکی زۆر راوێژکاری کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی عەبدوڵڵا گوڵ سەرکۆماری پێشووی تورکیا بووە، پلان بۆ تورکیا دادەنێت و داوا دەکات لە کاتی جاڕدانی سەربەخۆیی، تورکیا هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان و داگیری بکات. ئەو پیاوە ئەرشەد هورمزییە کە ئێستا سەرۆکی وەقفی کەرکووک و سکرتێری گشتیی یەکێتی دیالۆگی ناونەتەوەیی تورک — عەرەبە. لە بەرامبەردا بەرپرسی دیکەی تورکمان هەن کە ئەنجامی گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان دڵخۆشی کردوون، گلەییش لە بەرەی تورکمانی دەکەن و دەڵێن "زانیاریی هەڵە" دەداتە تورکیا.

گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان کە لە 25ی ئەیلولی رابردوو بەڕێوەچوو، تورکمانەکانی بەسەر دوو ئاراستەی جیاوازی سیاسی لە نێوان هەولێر و بەغدا دابەشکرد، بەشێک لە تورکمانەکان هەر زوو چوونە نێو لیژنەی باڵای ریفراندۆم و پشتگیریی سەربەخۆی کوردستانیان کرد، بەشێکی دیکەش کە خۆی لە بەرەی تورکمانیدا دەبینێتەوە، گشتپرسییان رەتکردەوە و بگرە وەک مەترسییەکیش بۆ سەر شاری کەرکووک دەیبینن.

هەڵوێستی بەشێک لە تورکمانەکان هەمیشە بە تورکیاوە بەستراوەتەوە کە چەندینجار بەناوی پاراستنی تورکمانەوە لە کەرکووک و تەلعەفەر و ناوچەکانی دیکە هەڕەشەی دەستوەردانی سەربازیی کردووە.

محەممەد ئیلخانی، سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی کە نوێنەری تورکمانەکان بوو لە لیژنەی باڵای ریفراندۆم، دەڵێت پێشتر تورکیایان ئاگادار کردبووەوە کە گشتپرسی لە باشووری کوردستان دەکرێ. ئیلخانی بە (رووداو)ی راگەیاند "پێش دوو ساڵ لە رێگای کۆبوونەوە و لێدوانەکانمان بۆ میدیای تورکیا، بەرپرسانی تورکیامان ئاگادار کردووەتەوە کە ئەگەری زۆرە ریفراندۆم لە کوردستان بکرێ و ئێمەش پشتگیری دەکەین، چونکە نزیکایەتیمان لە کورد باشترین بژارەیە".

ئیلخانی پێیوایە سیاسەتی نزیکبوونەوە لە بەغدا (شیعە) کە لە دوای ساڵی 2003 وە بەرەی تورکمانی پەیڕەوی دەکات، لە بەرژەوەندیی گەلی تورکمان نەبووە "تورکمان پەراوێزخراون، ئەو ناوچانەشیان کە لەژێر دەسەڵاتی بەغدادان، دووچاری وێرانکاری و نائارامی بوون، ئەم قسانەشمان بە روونی بە بەرپرسانی ئەنقەرە گوتووە".

محەممەد ئیلخانی لەبارەی هەڵوێستی توندی تورکیا بەرامبەر باشووری کوردستان دەڵێ "تورکیا لە رێگای بەرەی تورکمانییەوە زانیاری هەڵەی پێدەگات، پێشتر کە ئەحمەد داودئۆغلو وەزیری دەرەوە بوو، مەلەفی تورکمانەکان باش دەچووە پێشەوە، بەڵام لە سەردەمی ئەم وەزیرە مەلەفی تورکمان لە رێگای بەرەی تورکمانییەوە دەبێت، بۆ نموونە کاتێک وەزیری دەرەوەی تورکیا هاتە بەغدا و هەولێر تەنیا حیزبە تورکمانە شیعەکانی بینی، بەرەی تورکمانی نەیهێشت هیچ لایەنێکی دیکە ببینێ".

سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی ئاماژە بەوە دەکات کە بەرەی تورکمانی دۆسیەی تورکمانەکانیان لە عێراق و باشووری کوردستان تەنیا لە کەرکووک قەتیس کردووە و دەڵێ: "بەرەی تورکمانی بۆ ئەوەی پاڵپشتییە سیاسیی و ماددییەکانی بەردەوام بن، پرسی تورکمانەکانی قۆرخ کردووە، ئێمە راشکاوانە لە رێگای کەناڵی دیبلۆماسی و میدیاکانی تورکیاوە گوتوومانە هەرێمی کوردستان بەهێزترین هاوپەیمانی تورکیایە لە ناوچەکە، ئەگەر سەربەخۆییش رابگەیەنێ دیسان بەهێزترین وڵات و هاوپەیمان دەبێت".

لەگەڵ نزیکبوونەوەی رۆژی گشتپرسی، هەڕەشەکانی ئەنقەرە و لێدوانی بەرپرسانی بەرەی تورکمانی توندتر دەبوو، ئەگەرچی زۆرترین جوگرافیا و خاڵی هاوبەش لە نێوان تورکمان و کورد هەیە، بەڵام لە مەسەلەی گشتپرسیدا، دیارترین گردبوونەوەی تورکمانی کە خۆی لە بەرەی تورکمانیدا دەبینێتەوە، لە نێوان هەولێر و بەغدا، دووەمی هەڵبژارد. عیرفان کەرکووکی، سەرۆکی پارتی گەلی تورکمانی لە کەرکووک رەخنە لە بەرپرسانی بەرەی تورکمانی دەگرێ و دەڵێت زانیاری هەڵە دەدەنە تورکیا. کەرکووکی بە (رووداو)ی گوت: "لە رۆژی گشتپرسی چەندین لێدوانی ئاگرین و توندیان لە بەغدا و ئەنقەرە دا، کەچی 25ی ئەیلول هێمنترین و ئاساییترین رۆژی کەرکووکییەکان بوو، زۆربەی تورکمانەکان بەشداری گشتپرسییان کرد و دەنگیان بە بەڵێ دا، چونکە بەرژەوەندی گەلی ئێمە لەگەڵ کوردستانە نەک لەگەڵ بەغدا".

دوای بەڕێوەچوونی گشتپرسی، رێوشوێنەکانی بەغدا دژی باشووری کوردستان، بە داخستنی فڕۆکەخانەکان دەستی پێکرد، تورکمانەکان کە زیاتر لە پارێزگای هەولێر و کەرکووک نیشتەجێن، ئەوانیش زەرەرمەندی ئەو بڕیارەی بەغدان، بەو پێیەی بەشێکیان بازرگانی لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام بەرەی تورکمانی لە بەرامبەر ئەو سزا بە کۆمەڵە هەڵوێستی نەبوو، بەڵکو سزای ئەو کەس و ئەندامانەی خۆشیدا کە رۆڵیان لە گشتپرسیی باشووری کوردستاندا هەبوو.

ئازاد کوورەچی، بەرپرسی لقی هەولێری بەرەی تورکمانی و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بەهۆی بەشداریکردنی لە گشتپرسی، بە فەرمانی ئەرشەد ساڵح، سەرۆکی بەرەی تورکمانی لە ریزەکانی ئەو بەرەیە دوورخرایەوە.

عیماد رەفعەت، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لە لیستی هەولێری تورکمانی بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە پێمانوایە نزیکبوونەوەی گەلی تورکمان لەگەڵ کوردستان سەردەمی زێڕینی تورکمانە، سەربەخۆیی کورستانیش لە بەرژەوەندی تورکمانە".

هەرچەندە حیزبە تورکمانییەکان بەرەی تورکمانی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە زانیاری هەڵەی داوەتە تورکیا لەبارەی رەوشی تورکمانەکان و گشتپرسی، بەڵام ئایدن مەعرووف، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بەرەی تورکمانی رەتیکردەوە زانیاری و لێدوانی سەرکردەکانی بەرەی تورکمانی کاریگەری لەسەر خراپیی هەڵوێستی تورکیا لە گشتپرسی هەبێت و گوتی "تورکیا پەیوەندی ناخۆش بوو لەگەڵ هەرێمی کوردستان، دوایی ئاسایی کردەوە و توندوتۆڵی کرد و پرسی بە ئێمە نەکرد، ئێستاش کە پەیوەندییەکانیان تێکچووە پرسی بە ئێمە نەکردووە".

> **سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی:**
> پێشتر بە تورکیامان گوتبوو ریفراندۆم بکرێت پشتگیری دەکەین

> **سەرۆکی پارتی گەلی تورکمانی لە کەرکووک:**
> خاڵی هاوبەشمان لەگەڵ کورد زیاترە



خۆپیشاندانێکی لایەنگرانی بەرەی تورکمانی لە کەرکووک

> تورکیا پرس بە ئێمە ناکات
> 
> ئایدن مەعرووف



مۆفەق روبەیعی، پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا بۆ (رووداو):

# بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەبێ لە عێراق گشتپرسی بکرێ

**جیاواز لە زۆربەی سەرکردە شیعەکان کە پێیانوایە دەبێ حکومەتی عێراق توندترین کاردانەوەی هەبێ بەرامبەر گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان، مۆفەق روبەیعی، سەرکردەی شیعە و پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا، پێیوایە دیالۆگ بە "سەرپەرشتی مەرجەعیەتی نەجەف" تاکە دەرچەی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدایە. بەڵام دەڵێت نابێ دەستی دەرەوە بێتە نێو دیالۆگەکە، چونکە ئەوکات پرسەکە بە نێودەوڵەتی دەکات و عێراق دەخاتەوە ژێر بەندی حەوتی نەتەوە یەکگرتووەکان.**

**مۆفەق روبەیعی کە پێشتر راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق بووە، لەم هەڤپەیڤینەدا کە لە ماڵەکەی خۆی لە بەغدا لەگەڵی کراوە، ئامۆژگاری بەرپرسانی عێراق دەکات دووربکەونەوە لە چارەسەری ئەمنی، داواش لە بارزانی دەکات ئەنجامی گشتپرسی سڕ بکات یان هەڵیبوەشێنێتەوە "بۆ ئەوەی دەست بە دیالۆگێکی کراوە و بێ مەرج بکرێ لەگەڵ بەغدا".**

هەڤپەیڤین: رەنج سەنگاوی
رووداو - بەغدا

**رووداو: چۆن دەڕوانیتە پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا؟**

**مۆفەق روبەیعی:** کێشەیەکی بنەڕەتی هەیە، کێشەکە ئەوەیە گەلی کوردستان خوازیاری سەربەخۆییە. ئەو تموحاتەش نەتەوەیی و شەرعین و لە سەرجەم پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا هەن. لە بەرامبەر ئەمەدا رەوشێکی نیشتیمانی عێراقی و هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە رێگە بە بیرۆکەی سەربەخۆیی نادات. ئێستا ئەمە کێشەیەکە.

> **دەبێ دیالۆگی هەولێر و بەغدا بە سەرپەرشتی مەرجەعیەت بێ**

چۆن لەو قەیرانە دەردەچین؟ گەلی کوردستان لە گشتپرسییەکەدا گوزارشتی لە حەزەکانی کرد، رێکارە نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانیش گوزارشتیان لە دژی ئەو تموحانە کرد، ئێستا چارەسەر دیالۆگە. ناکرێت رێگە بەگەڕانەوە بۆ دواوە بدرێت لە بەکارهێنانی چەک یان هێزی سەربازی لەژێر هەر بارێکدا، چونکە دەستوور بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژی هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی گەلانی عێراق قەدەغە کردووە. راستە دادگای باڵای دەستووری لە بەغدا حوکمی لەبارەی گشتپرسییەوە دا کە دەستووری نییە، بەڵام هەر دیالۆگ رێگەکەیە. من داوای شتێک دەکەم دەڵێم گفتوگۆ و دیالۆگ لە چوارچێوەی دەستوور لەژێر سێبەری دەستوور، بەڵام بە سەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکان نا، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی بەنێودەوڵەتیکردنی پرسێکی عێراقی و هێنانە ناوەوەی لایەنێکی بیانی، بەڵکو لەژێر سەرپەرشتی مەرجەعیەتی نەجەف بێ، چونکە مەرجەعیەتێکە بۆ هەموو عێراقییەکان.

**رووداو: واتە تۆ دژی ئەوەی بە هاوکاریی وڵاتانی دراوسێ مانۆڕی سەربازی بکرێ، ئەوە جۆرێک نییە لە دەستێوەردان؟**

**مۆفەق روبەیعی:** وڵاتانی ناوچەکە با یەک یەک وەریانگرین، بۆ نموونە ئێران نیگەرانە، هەروەها ئێمە لە بەغدا نیگەرانین، چونکە هەژموونی ئیسرائیلی لە کوردستان زیاد دەبێت، بەو شێوەیە جەنگی ئێران ـ ئیسرائیل لە سنووری لوبنان ـ ئیسرائیلەوە دەگوازرێتەوە سنووری عێراق– ئێران، واتا ئیسرائیل دەگاتە سەر سنووری ئێران و سنووری ئێمە.

**رووداو: تۆ پێشتر راوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی عێراق بووی، ئەوەی دەیڵێی زانیارییە؟**

**مۆفەق روبەیعی:** بەڵێ، ئەوەی من دەیڵێم واقیعە، زانیاریشە. دوایین دەوڵەت لە ناوچەکە دامەزرا کەی بوو؟ ساڵی 1948 بوو. لەو ساڵەوە کە دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزراوە شەش جەنگی زۆر گەورەی بەدواداهاتووە، تاوەکو ئێستاش ناوچەکە سەقامگیر نییە. ئێستا ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بوو، شەڕی بەدوادا دێت و هەرێم دەبێتە سەرچاوەی هەموو نیگەرانی و ئاڵۆزییەکان لە ناوچەکەدا، چ لە عێراق یان لە ئێران یان لە تورکیا، بۆ نموونە با بچینە سەر باسی تورکیا. نیگەرانیی تورکیا لەوەیە کە ئەگەر کوردی عێراق سەربەخۆ بوون، کوردی تورکیا بۆ سەربەخۆیی هاندەدەن. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر هەرێم دڵنیایی بداتە تورکیا، کە ئەو پرسە بەلای کوردی تورکیا و کوردی ئێراندا نەکشێ.

**رووداو: ئایا رەوایە میللەتێک لەبەر ئەوەی ئێران و تورکیا قەڵەق نەبن، واز لە هەموو شتێک بهێنێ و درێژە بە شتێک بدات کە خۆی نایەوێ؟**

**مۆفەق روبەیعی:** من دەڵێم بە هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی پلە بە پلە لە نێوان بەغدا و هەولێر، بەڵام لەماوەی 20 ـ 30 ساڵی داهاتوو، نەک بە پرۆسەیەکی نەشتەرگەری و سەپاندنی ئەمری واقیع بەسەر هەموو گەلی عێراقدا. من دەڵێم بژارەی سەربازی لە بنەڕەتەوە بژارە نییە. من لەگەڵ سەپاندنی یان بەکارهێنانی هێزی نەرمدام دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناوی ئەوەی لە ئەنجامەکانی گشتپرسی پاشەکشە بکات.

**رووداو: بەرامبەر بە چی؟**

**مۆفەق روبەیعی:** بەرامبەر دیالۆگێکی کراوە، بۆ بژارەی کراوە، یەکەم وەرن با دەستوور هەموار بکەینەوە و راستی بکەینەوە. دەستوور دەڵێ فیدراڵیەت، ئەگەر کورد فیدراڵیەتی ناوێ بۆی دەکەینە کۆنفیدراڵی. ئەگەر کۆنفیدراڵی نەویست، سەربەخۆیی دەخەینەڕوو، بەڵام پێویستە پرس بە هەموو گەلانی عێراق بکرێت، واتا گشتپرسی.

**رووداو: ئەمە بۆچوونی خۆتە، یان زۆر لە سەرکردەکانی عێراق هەمان باوەڕیان هەیە؟**

**مۆفەق روبەیعی:** نا نا زۆربەی سەرکردەکانی هاوپەیمانی نیشتیمانی بڕوایان بەوە هەیە. ئێمە چووینەتە نێو گرێبەستێکی مێژوویی سیاسی کۆمەڵایەتی ناوی دەستووری عێراقە، 12 ساڵ لەمەوبەر، گەلی کوردستانیش دەنگیان بۆ داوە، بۆیە ناکرێ ئەو گرێبەستە بشکێنین. ئێستا ئێمە پێویستمان بە دیالۆگ و گفتوگۆیە، بەڵام لەژێر

> **سەربەخۆیی هەژموونی ئیسرائیل لە کوردستان زیاد دەکات**

سێبەری دەستوور. من هەموو جۆرە هەڵچوونێک دژی گەلانی کوردستان رەتدەکەمەوە، هەر پرۆسەیەکیش بۆ برسیکردن و گوشارخستنە سەر گەلی کوردستانی خۆشەویست بەهەموو شێوەیەک رەتکراوەیە.

رووداو: بەڵام ئەوە ساڵانێکە ئەو دەستوورە پێشێل دەکرێ، کێ ئەو گرێبەستەی شکاند؟

مۆفەق روبەیعی: بەغدا و هەولێر هەردووکیان لە پێشێلکردنی دەستووردا تۆمەتبارن، زۆر لە سیاسەتقانانی کورد و عەرەب بەرژەوەندیان لەمەدا هەیە. بۆیە پێویستە بگەڕێینەوە سەر زیندووکردنەوەی برایەتیی کورد و عەرەب. ئێستا بەداخەوە بۆ خۆم دانی پێدادەنێم کە هەستەکان لە بەغدا زۆر گەرم و توندن دژی کورد.

**رووداو: ئێستا بە زمانی هەڕەشە موخاتەبەی کورد دەکرێ، ئایا کاتی ئەوە نییە، شیعە رەخنە لە زمانی هەڕەشە بگرێ؟**

**مۆفەق روبەیعی:** من پێموایە هەڕەشەکردن لە هەردوولایەن هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، بەڵام بەکارهێنانی هێزی نەرم بۆ گوشارکردن لەسەر حکومەتی هەولێر باشترە، بەڵام پێویستە لەسەرمان گوشار نەخەینە سەر گەلی کورد، گەلی کوردستان بەشێکە لە گەلی عێراق و جیاناکرێتەوە.

**رووداو: بۆچی کورد گەیشتە ئەم دۆخە، کورد بەشدارییان کرد لە بنیاتنانەوەی عێراق و نووسینەوەی دەستوور. بارزانی چەندینجار هاواری کرد با دەستوور پێشێل نەکرێ، ئایا کورد هەر لە خۆیەوە بڕیاری جیابوونەوەی دا؟**

**مۆفەق روبەیعی:** کورد پێش 2003 بە هێڵی شین، وڵاتێکی سەربەخۆ بوون لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی. هەر خۆیان دوای 2003 بە ئارەزووی خۆیان هاتنە بەغدا و گوتیان دەمانەوێ گرێبەستێکی مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ عەرەب بکەین، ناوماننا دەستوور و دەنگمان لەسەری دا، ئەگەر دەستوور حوکممان بکات ناکرێت

> **رەوشی عێراقی و هەرێمی و نێودەوڵەتی رێگە بە سەربەخۆیی نادەن**

لەلای لایەنێکەوە رەتبکرێتەوە، پێویستە هەردوولا کۆببنەوە و بڵێین وەرن با بچینە نێو گرێبەستێکی نوێ، لەرێگەی گفتوگۆوە. ئەوەی رەوشەکەی بەو رۆژە گەیاند، گشتپرسی بوو.

**رووداو: بەڵام کورد دەڵێ شیعە دەستووری کردووە بە مەترێکی تایبەتی خۆی و تەنیا بەرژەوەندییەکانی خۆی پێ دەپێوێ؟**

**مۆفەق روبەیعی:** من گوتم بەشێک لەو کێشەیە بەغدایە بەشەکەی دیکەش هەولێرە.

**رووداو: بەشەکەی بەغدا چییە؟**

**مۆفەق روبەیعی:** بەشەکەی بەغدا دوو پرسە، پرسی یەکەم هەندێک لەو سیاسیانەن کە هەستێکی نەتەوایەتیی توندیان هەیە دژی کورد، ئەوانە پاشماوەی رژێمی پێشوون. بەشەکەی دیکەیان پرسەکە بەکاردێنن لە پێناوی دەنگی شەقام. لەڕاستیدا ئەو دوو پرسەش پرسی هەڵبژاردنن، لەبەر ئەوە کاتی گشتپرسی هەڵە بوو بۆ؟ چونکە ئێمە بەرەو هەڵبژاردن دەڕۆین، بۆ نموونە ئێستا کێشەمان هەیە، بەڕاستی ئێستا کێشەی راستەقینەمان هەیە لە دەوڵەتی عێراق کە سەرۆک مەسعود بارزانی یەکێک لە بونیادنەرە سەرەکییەکانی بونیادنانەوەی ئەو دەوڵەتە بووە. ئێمە پێکەوە لە ئەنجوومەنی حوکم بووین و سوور بوو لەسەر بونیادنانی دەوڵەتێکی مۆدێرنی مەدەنی، بەڵام گشتپرسی زۆر شتی وێران کرد.

**رووداو: بارزانی دەڵێت دەستوور جێبەجێ نەکرا، نانی کوردیان بڕی، ئەو سەرکردانەی عێراق تەنیا بڕوایان بەوە هەیە کە خۆیان بڕوایان پێیەتی؟**

**مۆفەق روبەیعی:** پشکی هەرێم لەبەغدا لە سامانە سروشتییەکان مافە، بەخشین نییە و موکافەئە نییە.

**رووداو: واتە تۆ دژی بڕینی مووچەی خەڵکی کوردستانی؟**

**مۆفەق روبەیعی:** بەدڵنیاییەوە. من لەگەڵ سەپاندنی سزای ئابووری نیم لەسەر هەرێم. بەڵام من شتێک دەڵێم: پێنج پرس هەیە رێگەم بدە باسیان بکەم. بۆ نموونە مەسەلەی پێشمەرگە. ساڵی 2007 سەرۆک مەسعود بارزانی لە بەغدا بوو، من ئەوکات راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراقی بووم، لەگەڵ وەزیری ناوخۆ و وەزیری بەرگری لەگەڵی کۆبووینەوە، رێککەوتین کە چۆن پێشمەرگە بخرێتە ژێر فەرمانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان و نێو هەیکەلیەتی ئاسایشی نیشتیمانی عێراق. تەنانەت لەسەر پرسی نەوت و غازیش رێککەوتین، یاسای نەوت و غاز لە شوباتی 2007 ئەنجوومەنی وەزیران پەسەندی کرد و رەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانمان کرد، بەڵام بەهۆی تێکهەڵپژانی نێوان ئەنجوومەنی نوێنەران و سەرۆکی ئەنجوومەن یاساکە پەسەند نەکرا. کەواتە چارەسەر هەبوو. هەروەها پرسی کەرکووکیش لە نەتەوە یەکگرتووەکان من لەگەڵ برای بەڕێز دکتۆر بەرهەم ساڵح و دیمستورا نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەغدا کۆبووینەوە و راپۆرتێکیشمان دەرکرد و راپۆرتەکەش لەلایەن ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان واژۆ کرا، تەنانەت لە مەسەلەی دەروازە سنوورییەکانیش هیچ کێشەیەکمان نییە، هەروەها پرسی رێژەی 17%ی بودجە هەموویان چارەسەر بوون، واتا ئەگەر ئیرادەی سیاسی و نیازپاکی هەبێت، کێشەکان چارەسەر دەبن.

**رووداو: ئێستا باس لە کۆنفیدراڵی دەکرێ، بە بڕوای روبەیعی کۆنفیدراڵی چارەسەرە؟**

**مۆفەق روبەیعی:** چارەسەر بۆ پێشەوە دیالۆگە، هەموو بژارەکانیش کراوەن، هەموارکردنەوەی دەستوورمان لەپێشە، دەستوور کێشەی تێدایە، مینی تێدایە، ناکۆکی و هەڵە و شتی ناڕوونی تێدایە. دەبێ دووبارە بینووسینەوە. سیستمی سەرۆکایەتی دابنێین یان سیستمی فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی؟ یان هاوشێوەی ویلایەت وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە قەوارەیەکدا؟ هەموو بژارەکان کراوەن، بەڵام دەبێ بە دیالۆگ دەستپێبکەین.

**رووداو: ئێستا هەرێمی کوردستان دیالۆگی راگرتووە؟**

**مۆفەق روبەیعی:** پێویستە لەسەر برایانی کورد لانیکەم لەپێناو خەلقکردنی کەشێک هاوکاریی دیالۆگ بکەن. بۆ نموونە پێشنیازێکیان بۆ دەکەم کە بڵێن ئێمە ئەنجامەکانی گشتپرسی سڕدەکەین، یان هەڵیدەوەشێنینەوە. بەشێوەیەک رۆڵەکانی گەلەکەمان دڵنیابکەنەوە کە ئەوان بە ئاراستەی جیابوونەوە هەنگاو نانێن. ئەو کات هەموو بژارەکان کراوە دەبن، دادەنیشین ئەگەر بڕیارمان دا قەوارەی

> **لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی پلە بە پلەی پەیوەندیی بەغدا و هەولێرم لە ماوەی 20 ساڵدا**

کوردی و قەوارەی عەرەبی لە عێراق هەبن، دواتر لە نێوان قەوارەی کوردی و قەوارەی عەرەبی رێککەوتن دەکەین، بۆ نموونە رێککەوتنی دارایی، ئابووری، بازرگانی، رێڕەوەکان، دەروازە سنوورییەکان، داهاتەکان، ئاو، سنوور و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. بە وردی رێککەوتن لەسەر هەموو شتێک دەکەین.

**رووداو: بەڵام ئەوە مەرجێکی تەعجیزی نییە؟**

**مۆفەق روبەیعی:** نەخێر، چونکە دەکرێت گشتپرسییەکە بە تێکەڵکردنی رای رۆڵەکانی کوردستانی خۆشەویست لێکبدرێتەوە، تێکەڵکردن، واتا ئێمە گشتپرسیمان ئەنجامدا، واتا چۆن گشتپرسیمان لەبەسرە کرد و 30%ی دەنگەکانی هێنا ئاخۆ هەرێمێک پێکبێنن یان نا.

> **دیالۆگی هەولێر و بەغدا بە سەرپەرشتیی یوئێن عێراق دەخاتەوە ژێر بەندی حەوت**

**رووداو: تۆ سەرکردەیەکی کورد بیت چی دەکەی؟**

> **بۆ دیالۆگێکی بێ مەرج، کورد دەبێ ئەنجامی گشتپرسی سڕ بکات**

**مۆفەق روبەیعی:** من لەپێناوی پاراستنی دەستکەوتە گەورەکان، ئابووری، سیاسی، ئەمنی کە لەکوردستان بەدەستهاتووە، ئەنجامەکانی گشتپرسی سڕ دەکەم.

**رووداو: بەرامبەر بە چی؟**

**مۆفەق روبەیعی:** بەرامبەر بە دەستکردن بە دیالۆگێکی بێ مەرج لە چوارچێوەی دەستوور. هەموو شتێک کراوەیە. لەسەر هەموو شتێک رێکدەکەوین.

**رووداو: ئێستا پرۆسەی سیاسی لە خاڵێکدا چەقی بەستووە، ئێوە دەڵێن دەبێ ئەنجامی گشتپرسی هەڵبوەشێننەوە کە ئەمە زەحمەتە و ئیرادەی گەلێکە. چ رێگایەکی دیکە شک دەبەی؟**

**مۆفەق روبەیعی:** رای گەلی کورد لە گشتپرسی، گوزارشت لە هەستی نەتەوەیەکی بەڕێز دەکات، بەڵام سەرکردە سیاسییەکانی وڵات دەبێ بە گەلەکەیان بڵێن ئەی گەل رێز لە تێڕوانینتان دەگرین، بەڵام ئێستا رەوشی نیشتیمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی رێگە نادات کار بە ئەنجامەکانی گشتپرسی بکەین، لەبەر ئەوە گشتپرسی سڕ دەکەین و کاری پێناکەین، ئەوە بوار بۆ دیالۆگ دەکاتەوە، منیش داوا دەکەم داوایەکی دڵسۆزانە لە براو هاوڕێ و هاوپەیمانم سەرۆک مەسعود بارزانی دەکەم و پێیدەڵێم برام ئەبوو مەسرور، تکات لێدەکەم تکایە، وەرە بچینە نێو دیالۆگێکی کراوە، دیالۆگێکی بێمەرج، لە چوارچێوەی دەستوور و لەژێر چاودێری مەرجەعیەت. مەرجەعیەت چاودێری بکات، نەک نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە نەتەوە یەکگرتووەکان واتا بەنێودەوڵەتیکردنی پرسەکە کە پرۆسەکەش بەنێودەوڵەتی کرا، دەگەڕێینەوە بۆ ژێر بەندی حەوت.

**رووداو: ئەگەر ئیرادەی کوردی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەوڵەتی هەبێ، مەرجەعیەت دژی دەبێ، لە کاتێکدا مەرجەعیەت دژی زوڵم دروستبووە؟**

**مۆفەق روبەیعی:** ناکرێت مەرجەعیەت لەگەڵ ستەم رێککەوێ چ لەگەڵ گەلی عەرەب یان کورد یان تورکمان، مەرجەعیەت پارێزگاری لە گەلی کورد کردووە و لە رێگەی فتواوە بەرگری لێکردووە دژی هەموو ستەمکاران لە حکومەتەکانی پێشوو. مەرجەعیەت بە یەک چاو سەیری هەموویان دەکات، من پێموایە مەرجەعیەت گرینتیە بۆ مافەکانی رۆڵەکانی گەلانی عێراق، هەروەها گوشارێکیش دەبێت لەسەر عەرەب وەک چۆن گوشارێک دەبێت لەسەر کورد لەپێناوی گەیشتن بە چارەسەرێک، چارەسەرێک بۆ دوورخستنەوەی رشتنی یەک دڵۆپە خوێنی کوردێک یان عەرەبێک.

**رووداو: ئەی قسەت چییە بۆ سەرکردەکانی عەرەب کە بەبێ مەرجی تەعجیزی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن؟**

**مۆفەق روبەیعی:** یەکەم شت دەبێ پرسی ئەنجامەکانی گشتپرسی چارەسەر بکەین. من لەوە تێدەگەم کە هەڵوێستەکەی مەسعود بارزانی سەختە، لەگەڵی هاوسۆزم، بەڵام سەرکردە مێژووییەکان، ئەوانەن کە هەڵوێستی مێژوویی و ئازایانە دەنوێنن. بەڵام بانگەوازم بۆ بەغدا، ئەوەیە کە پێویستە خۆی لە هەر رووداوێکی ئەمنی بەدووربگرێت، چونکە هەر رووداوێکی ئەمنی لە ناوچەکان بە تایبەتی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان روویدات، داعش دەگەڕێتەوە ئەو ناوچانە. بۆیە داوا لە حکومەتی بەغدا دەکەم ژیرانە و دانایانە کاربکات، بە دیالۆگ و دیالۆگ و دیالۆگ.

**رووداو: بەڵام گفتوگۆ بەبێ مەرج؟**

**مۆفەق روبەیعی:** مەرجی تەعجیزی بوونی نییە، ئەوە کاغەزە، گشتپرسی هێشتا کاغەزە، پاشان سەپاندنی ئەمری واقیع لەسەر زەوی بە هێز، پرسێکی دیکەیە، واتا تۆ لە ناوچەیەک ئەمری واقیع لەسەر من دەسەپێنی و دەڵێی وەرە با گفتوگۆ بکەین، براکەم دە تۆ لە ئەمری واقیع بگەڕێوە، ئینجا با گفتوگۆ بکەین.

**رووداو: تا چەند بڕوات بە دەوڵەتی کوردستان هەیە؟**

**مۆفەق روبەیعی:** من بڕوام بە مافی بڕیاردان لە چارەنووسی گەلان هەیە، هەروەها بڕوام بە مافی گەلی کوردستانی خۆشەویست هەیە بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی. بەڵام لەهەمانکاتدا پێموایە رەوشی نیشتیمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی گونجاو نییە بۆ سەربەخۆیی. تۆ مومارەسەی هەموو مافەکانت ناکەی؟ ئێستا بۆ نموونە بە ئاینی ئیسلام مافت هەیە چوار ژن بێنیت، ئایا مومارەسەی ئەو مافەت دەکەی؟ نەخێر، واتا هەموو مافێک مومارەسە ناکرێت چونکە کاتی نییە، چونکە ئەو کاتە ناوچەکە و کوردستانی خۆشەویست پەلکێشی نێو ماڵوێرانی دەکات.

> **سەربەخۆیی شەڕی ئێران و ئیسرائیل دەگوازێتەوە سەر سنووری عێراق - ئێران**

**رووداو: ئەگەر ململانێی نێوان هەولێر و بەغدا هەر بەردەوام بوو، کۆنفیدراڵی بە چارەسەر دەزانی؟**

**مۆفەق روبەیعی:** من پێموایە هەموو دەرگاکان کراوەن، فیدراڵیەتی پێشکەوتوو، پێشخستنی ئەو فیدراڵیەتەی ئێستا، کۆنفیدراڵی، هەموو بژارەکان کراوەن، بەڵام لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی هەموارکراو.

**رووداو: پێشبینی دەکەی بەمزووانە دیالۆگ بکرێت؟ دەستپێشخەرییەکانی گفتوگۆ دەبینی لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق؟**

**مۆفەق روبەیعی:** من زۆر نیگەرانم لە بێدەنگی، ئەو بێدەنگییە هەڵچوونی بەدواوە دێت، هەڵچوونیش رۆژێک لە رۆژان بۆ توندوتیژی دەگۆڕێ، توندوتیژیش بژارە نییە، بۆیە جێهێشتنی پرسەکان وەکو خۆی وەکو ئەوەی ئێستا بەبێ گفتوگۆ زۆر ترسناکە. بەپێی پێشبینی پێموانییە چونکە بەرەو هەڵبژاردنەکان دەچین. هەڵبژاردنەکانیش پێویستی بە هەڵچوونە لە هەردوولا، بەداخەوە.

راپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 476 ) - دووشەممە 2017/10/9




## ئەمریکا پێدانی ڤیزا بە هاووڵاتیانی تورکیا ڕادەگرێت

**ڕووداو- ئەنقەرە**

ئەمریکا پێدانی هەموو جۆرە ڤیزایەک بە هاووڵاتییانی تورکیا بۆ کاتێکی نادیار ڕادەگرێت. لە ڕاگەیێندراوێکدا حکومەتی ئەمریکا ڕوونیکردووەتەوە، تەواوی کاروبارەکانی پەیوەست بە پێدانی ڤیزای بە هاووڵاتییانی تورکیا هەڵپەساردووە. لە ڕاگەیێندراوەکەدا هاتووە: "لە ڕووداوەکانی ئەمدواییەدا حکومەتی کۆماری تورکیا، حکومەتی ئەمریکای ناچارکرد بەوەی هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بۆ پەیماننامەی حکومەتی تورکیا لەمەڕ پاراستنی سەلامەتیی کارمەندانی دامەزراوە دیبلۆماسییەکانی ئەمریکا لە تورکیا بکات. لەمیانی هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەدا، بە ئامانجی دابەزاندنی ژمارەی سەردانیکاران بۆ باڵیۆزخانە و کۆنسوڵگەرییەکانمان بۆ کەمترین کەس، لە ئێستا بەدواوە تەواوی کار و ڕاییکردنەکانی تایبەت بە ڤیزا، جگە لە کۆچبەران هەڵپەسێردراون".

# سووریا ئامادەیە گفتوگۆ لەسەر خۆسەریی ڕۆژئاڤا بکات

**دڵخواز بەهلەوی**
**ڕووداو — هەولێر**

یەکەم هەڵوێستی حکومەتی سووریا لەسەر ئیدارەی خۆسەر لە ڕۆژئاوای کوردستان لە سەر زاری وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە ئاشکرا کرا و لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند ئیدارەی خۆسەر لە چوارچێوەی سنووری سووریا قابیلی گفتوگۆ لەسەرکردنە.

تا دوێنێ پرسی کورد لە سووریا هێڵی سوور بوو، بەرپرسانی سووری، کورد و ئیدارەدانی ناوچەکانیان بە بەشێکی دانەبڕاو لە "یەکپارچەیی خاکی سووریا" دەزانی، بەڵام هەفتەی ڕابردوو وەلید موعەلیم، وەزیری دەرەوەی سووریا بۆ یەکەمجار ڕایگەیاند ئامادەن گفتوگۆ لەسەر ئیدارەی خۆسەر بکەن، بەڵام لە چوارچێوەی سنووری سووریا.

لەدوای سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی سووریا، حکومەتی سووریا سوپاکەی لە شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کشاندەوە، کورد لەوێ ئیدارەی خۆسەر (ئیدارەی زاتی) یان دروستکرد، سەرەتا سێ کانتۆنیان بەناوی (جزیرە، عەفرین و کۆبانێ) ئاوا کرد، هەروەها هێزی ئاسایشییان دامەزراند، لە دوایین هەنگاویشیدا لە کۆتایی مانگی ڕابردوو ئەنجوومەنی کۆمینی بۆ گوندەکان هەڵبژارد.

پێشتر بەرپرسانی سووریا چەند جارێک لە لێدوانە ڕۆژنامەڤانییەکانیان جەختیان لەوە کردبووەوە کە هەر کاتێک ڕەوشی ئەمنیی سووریا باشبوو و گرووپە توندڕەوەکان لە نێوبران دەگەڕێنەوە ناوچەکانی باکووری سووریا (ڕۆژئاوای کوردستان). بەڵام وەلید موعەلیم هەفتەی ڕابردوو لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی (RT)ی ڕووسی ڕایگەیاند گفتوگۆ لەسەر "ئیدارەی زاتی" قابیلی قبوڵە.

چاودێران پێیانوایە ئەم گۆڕانکارییە لە هەڵوێستی حکوومەتی سووریا، لەگوشارە بەردەوامەکانی ڕووسیاوە سەرچاوەی گرتووە کە مۆسکۆ بەردەوام هەوڵدەدات کورد لە سووریا نزیک بکاتەوە، دوای ئەوەی لایەنی دووەم هاوپەیمانێتییەکی بەهێزی لەگەڵ ئەمریکییەکان سازکرد.

دکتۆر محەممەد خێر عەککام، ئەندامی ئەنجوومەنی گەلی سووریا لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "حکومەتی سووریا دانوستاندن لەگەڵ کوردی سووریا ناکات، بەڵکو دیالۆگیان لەگەڵدا دەکات. چونکە کورد بەشێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی نیشتمانیی سووری. واتە ئەمەیان دیالۆگی سووری — سوورییە لە نێوان حکومەت و پێکهاتەیەکی سەرەکیی لە دەوڵەتی سووریا کە کوردە. دەشکرێت ڕێککەوتن لەسەر چەندین پرسی جیاوازیش بکرێت لە ڕێگەی دیالۆگێکی نیشتمانی لە چوارچێوەی خاکی سووریا".

سەبارەت بە قسەکانی وەلید موعەلیم، ئەو پەرلەمانتارەی حکومەتی سووریا کە ئەندامی شاندی حکومەتی سووریایە لە کۆبوونەوەکانی جنێڤ، دەڵێت "گەلی لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ڕووبەڕووی پشتگوێخستن بوونەتەوە و ئێستاش لەگەڵ برا عەرەبەکانیان لەم ناوچەیەدا دەژین. کاتێک بەڕێز وەلید موعەلیم وەزیری دەرەوەی سووریا لەبارەی دیالۆگ لەگەڵ پێکهاتەی کوردی قسەی کرد، مەبەستی ئەوە بووە کە ئەم پێکهاتەیە لەلایەکی دیکە بەکارنەهێندرێت، بۆ بەجێگەیاندنی بەرژەوەندی تایبەتی لایەنێک".

ناوچەی ئیدارەی زاتی لە باکووری سووریا کە کورد پێیدەڵێن ڕۆژئاڤا، بەشێوەیەکی نا فەرمی لە نۆڤەمبەری 2013 لە دوای کشانەوەی هێزەکانی سووریا لەو ناوچانە ڕاگەیەنرا. بەڵام لەلایەن حکومەتی سووریاوە دانی پێدانەنراوە و هێشتا هەندێک لە دەزگا ئەمنییەکانی سووریا لەو ناوچانە ماون.

ئەو پەرلەمانتارەی سووریا ڕەتیکردەوە قسە لەسەر خۆسەریی ڕۆژئاوای کوردستان بکرێ و گوتی "خۆسەری ئەمری واقیعە و هیچ بنەمایەکی یاسایی و دەستووری نییە. ئەو ئیدارەیەی لە باکووری سووریا بەڕێوەدەبردرێت هیچ ڕەواییەکی نییە، چونکە لەسەر بنەمای دیالۆگ لەگەڵ حکومەتی سووریا دانەمەزراوە". گوتیشی "بەڵام لە هەمانکاتدا دەکرێ لەسەر بنەمای دیالۆگی نیشتمانیی، ئەزموونی ئیدارەی ناوخۆیی بۆ خۆسەری برەوی پێ بدرێت و دەشکرێت دیالۆگ بکرێت لەسەر هەموو خاڵەکان لە چوارچێوەی خاکی سووریا".

عەککام کە چەندینجار لەو کۆبوونەوانەی لە دەرەوە بۆ چارەسەری پرسی سووریا دەکرێن، لەگەڵ بەرپرسانی کورد دانیشتووە، ڕەخنە لە ئیدارەی ڕۆژئاڤا دەگرێت و دەڵێت "کاتێک شاندی حکوومەتی سووریا لە مۆسکۆ بوو، ساڵح موسلیمیش لەوێ بوو، لەوێ دیالۆگ لەنێوانمان دەستی پێکرد. دیالۆگ بەردەوام بوو بۆ ئەوەی هاوئاهەنگی تەواو دروستبکرێت، بەڵام بەمدواییە پێکهاتەی کوردی بژارەی ئەمریکییەکانی پێ باشبوو، ئەمەش بۆ ئێمە کارێکی سەیر بوو. چۆن لەگەڵ ئەمریکا هاوپەیمانی دروست دەکەن و هاوئاهەنگی لەگەڵ حکوومەتی سووریا پێکناهێنن. ئەمریکا، بێبەرامبەر هیچ شتێکیان پێ نادەن و تەنیا بۆ شەڕی دژ بەداعش بەکاریان دەهێنن و تاوەکو ئێستاش ئەمریکا هیچ شتێکی پێ نەداون کە بۆ بەرژەوەندی کورد بێت. بەرژەوەندی کورد بە مانەوەیان لەگەڵ حکوومەتی سووریا دەبێت".

بەرپرسانی کورد لە ئیدارەی ڕۆژئاوای کوردستان دەڵێن، پێشوازی لە هەر دەستپێشخەرییەک دەکەن کە شەرعیەت بداتە ئیدارەی خۆسەر.

محەممەد مووسا، سکرتێری پارتی چەپی کورد لە سووریا لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "بەهیچ شێوەیەک ڕێگرنین لە ئەنجامدانی دیالۆگ لەگەڵ حکوومەتی سووری بەڵام ئێمە سازش لەسەر دەستکەوتەکانمان ناکەین کە بەخوێنی شەهیدان هاتووەتە کایەوە. ئێستا ئێمە خاوەن سیستەمێکی فیدراڵی ئیتیحادین و ئامادەش نین ئەم دەستکەوتانە بەجێبهێڵین. ئەگەر دیالۆگ لەگەڵ حکوومەتی سووریا دەستی پێکرد، پێویستە لەو خاڵەوە دەستپێبکات کە بڕیار لەسەر جۆری فیدراڵییەکە بدرێت ئایا فیدراڵی بەلجیکی بێت یان ئەمریکی یان عێراقی".

سەبارەت بە بەشداری ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لەو گفتوگۆیانەدا. محەممەد مووسا گوتی "دەکرێت لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد ڕێبکەویت بۆ دروستکردنی شاندێکی یەکگرتوو بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکوومەتی سووریا، چونکە ئەم ئەنجوومەنەش ئامانجی خۆی هەیە کە کار دەکات بۆ دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی لە ڕۆژئاڤا، بەڵام بەداخەوە ئەوان ئێستا بەشێکن لە ئۆپۆزیسیۆن و دان بەمافی کورد نانێن".

ناوبراو ڕاشیگەیاند، ئەوان بەشێکن لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بەسەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییەکان و هۆکاری دەستوەردانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی وهاتنی تیرۆر، تەنیا بەهۆی لاوازی حکوومەتی سووریا و ئۆپۆزسیۆنەکەیەتی کە نەیانتوانی چەند ساڵێک چارەسەرێک بۆ قەیرانی گرگرتووی سووریا بدۆزنەوە. ئێمەش بەشێک بووین و دەبین لە هاوسەنگی نێو گۆڕەپانی سووریا. خۆسەری لە مانگی تشرینی دووەمی 2013 بەسەرۆکایەتیی پارتی یەکێتیی دیموکراتی "پەیەدە" دامەزراو دواتر پارتەکانی هاوپەیمانیی نیشتمانیی کوردی لە سووریا تێیدا بەشداربوون و بەپێی شیکاری توێژەران، خۆسەری بووەتە ئەمری واقیع و بەهۆی چوونە نێو هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکا، خۆسەرییەکە بەهێزتر و بەگوڕتر بووە.




> ## تەنیا لەسەر فیدراڵیەت گفتوگۆ لەگەڵ سووریا دەکەین
> سەرۆکی پارتی چەپی کورد لە سووریا

> ## دیالۆگ لەگەڵ کوردی سووریا دەکەین نەک دانوستاندن
> پەرلەمانتارێکی سووری

# گشتپرسییەکەی باشوور.. دەرفەتێک و سەرچاوەیەکی دڵەڕاوکێ بۆ تاران

> ## شارەزایان دەڵێن نە ئێران و نە تورکیا بە تەنیا هەنگاو لە دژی گشتپرسییەکە نانێن

**ڕووداو- هەولێر**

هەتا ڕۆژێک پێش گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی کوردستان، ئێران بە دوودڵی و جۆرێک لە هەڵەتێگەیشتن مامەڵەی لەگەڵ گشتپرسییەکە و ئامانجەکەی پشتی دەکرد. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئەلمۆنیتەر، تاران پێیوابوو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری گشتپرسییەکە وەکوو مانۆڕێک بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی ژمارەیەک دەستکەوت لە بەغدا وەربگرێت و سنووری دەسەڵاتەکەی لە عێراقدا فراوانتر بکات.

ڕۆژانی بەر لە گشتپرسییەکە، قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسداران، لە کوردستان بوو بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ڕازی بکات گشتپرسی نەکەن، لە بەرامبەریشدا بەڵێنی بە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دابوو کە وڵاتەکەی نێوانگیرێکی کارا دەبێت لە نێوان بەغدا و هەولێر و گەرەنتی کۆمەڵێک دەستکەوت بۆ هەرێمی کوردستان دەکات. بە گوێرەی (ئەلمۆنیتەر)، ئەو سەردانەی سولەیمانی هەر پەیوەندی بەو تێڕوانینەی ئێرانەوە هەبوو کە پێیوابوو بڕیاری گشتپرسی مانۆڕێکی سیاسی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانە.

بەڵام گشتپرسییەکە کرا، نزیکەی 73%ی خەڵکی کوردستان بەشدار بوون و لەو ڕێژەیەش 93%یان بە بەڵێ دەنگیان دا. ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە چ جۆرە داینامیکییەتێک لە دوای گشتپرسییەکەی باشووری کوردستانەوە دێت؟ ئێران، یان سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و ئەگەرەکانی دوای گشتپرسییەکە دەکەن؟

ئێران وڵاتێکە کە سیاسەتی نێوخۆی لەسەر بنەمایەکی ئایدیۆلۆژی دامەزراندووە، ئەم هۆکارە ئایدیۆلۆژییە لە سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی ئێرانیشدا ڕەنگدانەوەی هەیە، بۆ نموونە پشتگیریی ئێران لە گرووپە شیعەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵام وەکوو لە ڕاپۆرتەکەی (مۆنیتەر)دا هاتووە، دیپلۆماسییەتی ئێران هەموو کات ئایدیۆلۆژی نەبووە و ئێران ڕەچاوی بنەما پراگماتیکەکانی سیاسەتی دەرەوەشی کردووە، نموونەی ئەمەش لە 2001 لە کاتی هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان و هێرشەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ سەر عێراق لە 2003یە.

ئێران لە قەیرانی سووریاشدا لەسەر هەردوو ئاستی ئامانجە ئایدیۆلۆژی و تەکتیکە پراگماتیستییەکان کاری کرد، واتە لە لایەکەوە بڕیاری دا هەتا دوا دەرفەت بەرگریی سەربازی و دارایی لە مانەوەی ئەسەد بکات و لەلایەکی دیکەشەوە بەردەوام دەرگای دانوستاندنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەگەڵ زلهێزەکانی دیکە بەکراوەیی هێشتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی مۆنیتەر، بارزانی پێیوابووە ڕەوشی دوای گشتپرسی دەبێت بە ئەمری واقیع، تاران و ئەنقەرە ناچار دەبن وەکوو ئەمری واقیع مامەڵەی لەگەڵ بکەن و هەنگاوی گەورە لە دژی ئەنجامەکانی گشتپرسی نانێن.

گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان لەسەر ئاستی نێوخۆی ئێران، سیاسەتی نێوخۆی عێراق و هەموو ناوچەکە ئەنجامی گەورەی بۆ ئێران دەبێت. ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەی (مۆنیتەر) پێیوایە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەشێت وابکات سوننەکانی عێراقیش داوای گشتپرسییەک بکەن، بەوپێیەش دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەنگاوێک دەبێت بەرەو شیعستان و سوننیستان و عێراق چیدی بوونێکی کرداری نامێنێ.

دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان سنوورێکی درێژی لەگەڵ ناوچە کوردییەکانی ئێراندا دەبێت، تاران نیگەرانە لەوەی گرووپە چەکدارە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ناوچە سنوورییانەوە هەڵبکوتنە سەر هێزەکانی سوپای پاسداران و لەوێشەوە کێشە بۆ ئاسایشی نیوخۆی ئێران دروست بکەن.

لوقمان ئەحمەدی، گوتەبێژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) جەخت لەوە دەکاتەوە کە "خەباتی کورد لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان پێکەوە بەستراون. هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لە یەکێک لە بەشەکانی کوردستان بۆ هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەرێنی دەبێت". هەرچەند بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا جەختیان لەوە کردووەتەوە کە دەوڵەتی باشووری کوردستان لە ناوچەکە فاکتەری سەقامگیری و ئارامی دەبێت، بەڵام تاران دەستبەرداری نیگەرانییەکانی نابێ.

لە دژایەتیکردنی گشتپرسییەکە و ئاکامەکانیدا ئێران بە تەنیا نییە، بەڵکو تورکیاش لە دوو هەفتەی ڕابردوودا هەڕەشەکانی خۆی زیاتر کردووە. بەڵام خاڵێک کە زۆربەی شارەزایان لەسەری کۆکن، ئەوەیە نە ئێران و نە تورکیا بە تەنیا هەنگاو لە دژی گشتپرسییەکە نانێن، لەبەر ئەوەی هەرکام لە لایەنەکان بە تەنیا هەنگاو بنێت، بۆشاییەکی ستراتیژیک بۆ لایەنەکەی دیکە جێدەهێڵێت کە دەتوانێت بۆ پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکە کەڵکی لێوەربگرێ.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، لە تاران لەگەڵ حەسەن ڕوحانی، سەرۆککۆماری ئێران کۆبووەوە. ئامانج لە سەردانەکە تاوتوێکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەردوو وڵات بوو، لەو بەرژەوەندییانەشدا پرسی کورد لە سەرەوەی ئەجێندای کۆبوونەوەکان بوو. ڕوحانی گوتی "ئێران گۆڕینی سنوورەکانی ناوچەکە قەبووڵ ناکات"، ئەردۆغانیش جەختی لەوە کردەوە "لە ئێستا بەدواوە هەنگاوی یەکلاکەرەوەتر دەنێین".

پەیوەندییەکانی تاران و ئەنقەرە لە دوای شەڕی نێوخۆی سووریا ئاڵۆزیی گەورەی تێکەوت، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی ئەم دوو وڵاتە دوو سیاسەتی پێچەوانەی یەکدییان لە سووریا پەیڕەو دەکرد. ئێران و تورکیا پشتگیری سەربازی و داراییان پێشکەش بە دوو هێزی دژبەیەک دەکرد، سیاسەتی ئەو دوو وڵاتە لە عێراقیش پێچەوانەی یەکدی بوو. جیا لەمە تاوەکو چەند مانگێک لەمەوبەر حکومەتی عێراق تورکیای بە بەزاندنی سەروەریی خاکی عێراق لە باشیک تۆمەتبار دەکرد.

سەرچاوەیەکی نزیک لە سوپای پاسداران کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، بە (مۆنیتەر)ی گوتووە کێشەی گشتپرسییەکەی کوردستان دەشێت تورکیا، ئێران و عێراق لە یەکدی نزیک بکاتەوە، دەشڵێت "چەند ساڵێکە ئەو هێزانە (واتە تورکیا و ئێران و عێراق) بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سووریا ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە. کێشەی گشتپرسییەکەی کوردستان خەریکە لە کێشەیەکەوە دەبێت بە دەرفەتێک بۆ ئەوەی ئەو سێ وڵاتە جارێکی دیکە لە یەکدی نزیک ببنەوە".



# داعش بە چەکدارەکانی حەویجەی گوتووە خۆیان رادەستی پێشمەرگە بکەن



زۆربەی چەکدارانی داعش خۆیان بە چێشتلێنەر و پاسەوان بە پێشمەرگە دەناسێنن

(فۆتۆ: AFP)

**رووداو- کەرکووک**

لەناو ئەو هەزاران کەسەی لە ترسی ئاگری شەڕ لە شارۆچکەی حەویجە هەڵاتوون، سەدان کەس بەرچاو دەکەون کە گومان دەکرێت لە سێ ساڵی رابردوودا چەکداری داعش بووبن و لەگەڵ گەیشتنیان بە خاڵی پشکنینی پێشمەرگە، باسی بێتاوانیی خۆیان دەکەن و بۆ لێخۆشبوون دەپاڕێنەوە. بەرپرسانی ئاسایشی کەرکووک دەڵێن ئەمیرەکانی داعش فەرمانیان بە چەکدارەکانیان کردووە، چەک دابنێن و لەگەڵ خێزانەکانیان روو لە ناوچە کوردییەکان بکەن.

رۆژی پێنجشەممەی رابردوو، سوپای عێراق کۆنترۆڵکردنەوەی سەنتەری قەزای حەویجەی راگەیاند کە لە هاوینی 2014 وە لەژێر کۆنترۆڵی داعشدایە و تەنیا 45 کیلۆمەتر لە رۆژئاوای شاری کەرکووکەوە دوورە.

بەرپرسانی ئەمنی لە کەرکووک بە رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکییان راگەیاندووە 90%ی ئەو پیاوانە گومانیان لێدەکرێ پێشتر چەکداری داعش بووبن، تەنانەت هەندێکیان گومانیان لەسەرە لە توندوتیژییەکانی داعشدا بەشدار بووبن.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (نیویۆرک تایمز)، ئاسایشی کەرکووک لێپرسینەوەی چڕ لەو پیاوانە دەکات. راپۆرتەکە ئامازە بۆ لێپرسینەوە لە گومانلێکراوێک دەکات بەناوی سەلاح حەسەن کە تەمەنی 32 ساڵانە. مولازمێکی ئاسایشی کەرکووک بە ئامازە سەلاحی تێگەیاند کە چۆک دابدات. سەلاح دەڵێت کرێکاری بیناسازی بووە، ئینجا دەڵێت: "گرنگ نییە ئێوە بەتەمای چین، من سیخوڕیتان بۆ ناکەم".

مولازمە کوردەکە بێ ئەوەی خۆی تێکبدات، دەڵێت "گرنگ نییە (سیخوڕی بکەیت یان نا)، تەنیا راستییەکانمان پێ بڵێ". سەلاح وەکوو ئەوەی هیچی پێنەمابێت، وەکوو دانپێدانانێک گوتی "من تەنیا چێشتلێنەر بووم لەلای داعش". مولازمەکەی ئاسایش لە قاقای پێکەنینی دا "دەیان کەس لە ئێوە دەڵێن چێشتلێنەر بووین! سەیرە داعش ئەو هەموو چێشتلێنەرەی هەبووبێت، یەکێ نەزانێ دەڵێ داعش هەر خەریکی نانخواردن بووە".

ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی حەویجە رۆژی 21ی ئەیلول دەستپێکرد، لە کاتی هێرشەکەدا گومان دەکرا شارۆچکەکە نزیکەی 78 هەزار خەڵکی مەدەنی و 3000 چەکداری داعشی تێدابێ.

بەرپرسانی ئەمنی لە کەرکووک دەڵێن لە رۆژی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجەوە نزیکەی 7000 کەس کە خێزانی ئەندامانی داعشن و نزیکەی 1000 چەکداری داعش روویان لە ناوچە کوردییەکان کردووە. بەرپرسێکی ئاسایشی دوبز ئاشکرای کردووە کە هەندێک لە فەرماندەکانی داعش پەیوەندییان پێوە کردوون تاوەکوو بۆ پاراستنی خۆیان دانوستاندن لەگەڵ ئاسایش بکەن، بەڵام داواکەیان رەتکراوەتەوە و داوایان لێکراوە بەبێ مەرج خۆیان تەسلیم بکەن.

بەشێک لە راپۆرتەکەی (نیویۆرک تایمز) لەناو ئاوارە گومانلێکراوەکان لە هۆڵی چاوەڕوانیی ناو بنکەی ئاسایشی دوبز ئامادەکراوە. لە هۆڵەکەدا 130 پیاوی گومانلێکراو دانیشتوون و سەریان بەرداوەتەوە. بەرپرسێکی ئاسایش یەکەیەکە ناوەکانیان دەخوێنێتەوە و داوایان لێدەکات بێنە پێشەوە.

بەرپرسەکەی ئاسایش بە گومانلێکراوەکان دەڵێت: "پێمان بڵێن کامتان داعشن، هەر کەسێکتان ئەگەر بۆ یەک خولەک، یەک کاژێر یان یەک رۆژیش داعش بووە با هەستێتە سەر پێ"، بەڵام کەس هەڵنەستا. بەرپرسەکەی ئاسایش لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو "ئێمە خۆمان لیستی ناوەکانمان هەیە، ئەگەر یەکێک لە ئێوە راستییەکان بڵێت لێی خۆشدەبین. بەڵام ئەگەر وانەکەن، دۆخەکە لە خۆتان سەخت دەکەن".

بەگوێرەی راپۆرتی رۆژنامە ئەمریکییەکە، لە هەرکام لە رۆژانی شەممە و یەکشەممە و هەینیی هەفتەی رابردوو 300 پیاو کە تەمەنیان تەمەنی شەڕە روویان لە دوبز کردووە. لەوانەشی کە رۆژی شەممەی هەفتەی پێشوو لە بنکەی ئاسایش کۆکرابوونەوە، شەست کەسیان جیاکرابوونەوە و لە ژووری بچووکتر دانرابوون.

> زیاتر لە 1000 چەکداری داعش روویان لە ناوچە کوردییەکان کردووە

ماوەی سێ ساڵە چەکدارانی داعش لە حەویجەوە هێرش دەکەنە سەر کەرکووک، هەر کاتێکیش پێشمەرگەیان بە دیل گرتبێت، ئەشکەنجەیان داون و سەریانبڕیون. هەڵۆ نەجات هەمزە، بەرپرسی ئاسایشی کەرکووک (پارتی)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا "بە درێژایی شەو چەکدارانی داعش تەقەیان لە ئێمە کردووە. ئێستاش دەڵێن هەمووومان جووتیار و چێشتلێنەر بووین و هاتوونەتە ئێرە بۆ ئەوەی بیانپارێزین".

لەناو گومانلێکراوەکاندا کەسێک بە ناوی جومعە سەلاح، تەمەن 58 ساڵان هەبوو کە دانی بەوەدا ناوە "هاوئاهەنگیکار"ی داعش بووە، بەڵام رەتیکردبووەوە لە هیچ شەڕێکدا بەشداری کردبێ، بەڵکو تەنیا لە خاڵەکانی پشکنین سەیری ناسنامەی خەڵکی کردووە. جومعە بە (نیویۆرک تایمز)ی گوتووە "سوێند بە خوا، هیچکات لە سەربڕین و شتی لەو جۆرەدا بەشداریم نەکردووە. ئەسڵەن سەربڕینم هەر نەبینیوە، بەڵام بیستوومە خەڵک باسی سەربڕین لە حەویجەیان کردووە".. ئەفسەرێکی ئاسایش قسەکانی جومعە رەتدەکاتەوە و دەڵێت: "درۆ دەکات. ناوەکەیمان دەستدەکەوێت و هەموو زانیارییەکان لەبارەی ئەوەوە دەزانین".

ژمارەیەکی زۆر لەو پیاوانە لەگەڵ خێزانەکانیان هاتوون کە یەکەمجار لە بەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە پێشوازییان لێدەکرێت. لەوێ شوێن و ئەفسەری ئافرەتی تایبەت بە پشکنینی ئافرەتان دانراوە. هەموو پیاوەکان رەتیدەکەنەوە پێشینەی چەکدارییان لەناو داعشدا هەبووبێت، بەڵام وەکوو ئەفسەرە ئافرەتەکانی پێشمەرگە بە رۆژنامە ئەمریکییەکەیان گوتووە "ئافرەتەکان دان بەوەدا دەنێن کە سەر بە خێزانێکی داعشن" بەشێکی زۆریشیان هۆکاری راکردنیان بۆ هێرشە ئاسمانییەکان گەڕاندووەتەوە.

کەمال کەرکووکی، فەرماندەی میحوەری کەرکووک، لە شوێنی پەڕینەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە ئاوارەکانی دڵنیا دەکردەوە کە "کەرامەت و شەرەفتان لێرە پارێزراو دەبێ. دڵنیاتان دەکەمەوە هیچکەس دەستتان بۆ نابات". یەکێک لە ئاوارەکانیش سوپاسی کەرکووکی کرد و گوتی "دەمانزانی دەتوانین متمانە بە کورد بکەین".

لەدوای بەڕێوەچوونی گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولەوە، پەیوەندییەکانی بەغدا و هەولێر بە قۆناغێکی ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، بەڵام ئەو ئاڵۆزییە سیاسییە کاریگەری لەسەر هاوئاهەنگی و هاوکارییەکانی نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە نەبووە، بۆیە کەمال کەرکووکی دەڵێت سەرەڕای کێشە سیاسییەکان "ئێمە لە لایەن خۆمانەوە ئامادەین هەموو هاوکارییەک پێشکەش بکەین".

# سوپای عێراق بەرامبەر سیخوڕەکانی لە مووسڵ بێبەڵێن دەرچوو

**رووداو- هەولێر**

لە کاتی ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵدا، ژمارەیەک سیخوڕ زانیارییان بۆ هاوپەیمانان و هێزە عێراقی و کوردییەکان دەنارد، بە گوتەی بەرپرسانی هەواڵگریی عێراق و کوردستان، بەبێ ئەو زانیارییانە ماوەی ئۆپەراسیۆنەکان زۆر درێژتر دەبوونەوە.

ژمارەیەک لەو سیخوڕانە شوفێری تەکسی بوون، ژمارەیەکیشیان کۆنە سەربازی سوپای عێراق یان تەنانەت چەکداری داعش بوون. یەکێک لەو سیخوڕانە، عەلا عەبدوڵڵا، کۆنە سەربازێکی سوپای عێراق بووە کە دوای پەلاماری داعش لە حوزەیرانی 2014 بۆ سەر شاری مووسڵ، هەر لە شارەکەدا مابووەوە. عەلا بە (رۆیتەرز)ی گوت "بە درێژایی ئەو ماوەیە لە ترسدا ژیام، چونکە ئەگەر پێیان زانیبام باجەکەی قورس دەبوو".

عەلا، تەمەن 30 ساڵ، باسی ترس و نیگەرانیی دایکی دەکات و دەڵێت "دایکم دەیگوت تۆ هێشتا گەنجیت. منیش دەمگوت هەرکاتێک داعشێک دەبینم تاڵێک لە قژم سپی دەبێت، ئەو رق و ترسە هەموو تاڵەکانی قژیان سپی کردم".

لە کۆنترۆڵکردنەوەی شاری فەللوجەدا لە 2016، هەواڵگریی عێراق لە هەڵمەتێکی سەرکەوتوودا تەکتیکی بەکارهێنانی سیخوڕەکانی پەیڕەو کرد. لە کاتی ئامادەکاری بۆ ئۆپەراسیۆنی مووسڵ، بەرپرسانی هەواڵگریی کوردستان و عێراق بڕیاریان دابوو هەمان تەکتیک لە مووسڵیش تاقی بکەنەوە. بۆ ئەوەش هەوڵی دۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆر سیخوڕ، پێکهێنانی هاوپەیمانی لە نێوان هۆزە عەرەبییە سوننەکان و دزەکردنە ناو بازنەی تەسکی داعشیان دابوو.

لاهوور شێخ جەنگی تاڵەبانی، بەرپرسی ئاژانسی پاراستن و زانیاری/زانیاریی هەرێمی کوردستان، بە (رۆیتەرز)ی راگەیاند "لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆن (بۆ ئازادکردنی مووسڵ)، هەوڵێکی زۆرمان دا دزە بکەینە ناو تۆڕەکانی داعشەوە و کۆمەڵێک هێڵی پەیوەندی دروست بکەین، لەوەشدا سەرکەوتوو بووین".

> داعش سەری سپی کردین
>
> سیخوڕێکی سوپای عێراق لە مووسڵ

بە گوتەی تاڵەبانی، ژمارەیەکی زۆر لە زانیاریدەرەکان، بۆیە ئەو ئەرکەیان قەبووڵ کردبوو چونکە "بەڕاستی بڕوایان بە لەناوچوونی داعش بوو"، بۆ هەندێکیان پارە پاڵنەر بووە. ژمارەیەکیشیان چەکدارانی داعش بوون و وازیان هێنابوو، چونکە هەستیان کردبوو داعش درەنگ یان زوو هەر تێکدەشکێ.

## دارودەستەکەی سەدام

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (رۆیتەرز)، بەرپرسانی هەواڵگریی عێراق یەکەمجار هەوڵی نزیکبوونەوە لە هۆزە عەرەبە سوننەکانیان دابوو، بەتایبەتیش ئەوانەی لە 2006 بۆ 2007 رۆڵی سەرەکییان لە تێکشاندنی تۆڕەکانی قاعیدە لە عێراقدا هەبوو. بە گوتەی عەقید سەلاح کەنعانی، بەرپرسی هەواڵگریی سوپای عێراق، یەکێک لە سەرۆک هۆزەکان داوای گەرەنتی کردبوو کە ئەگەر داعش گرتی نەیسووتێنن.

کەنعانی دەڵێت لە ئابی 2016 دا توانییان پەیوەندی بە کەسێکی نزیک لە بەغدادییەوە بکەن کە ناوی عەلی ئەلجبوورییە و بە ئەبوو عومەر ئەلجبووریش ناسراوە. جبووری لە گاردی کۆماریی سەدام حوسێندا بەرپرس بووە و لە دوای کەوتنی مووسڵ لە 2014 پەیوەندی بە چەکدارانی داعشەوە کردووە.

وەکوو کەنعانی باس دەکات، بەرپرسێکی هەواڵگریی عێراقی راسپاردبوو بۆ ئەوەی لە رێگەی سەرۆک هۆزەکانی جبوورییەوە دانوستاندن لەگەڵ کۆنەبەرپرسەکەی رژێمی بەعس بکات. لە سەرەتادا جبووری دوودڵ بووە، بەڵام پاش ماوەیەک رازی دەبێت. بەڵێن دەدات لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ، خۆی و 60 چەکداری دیکە لە داعش هەڵگەڕێنەوە، سوپای عێراقیش چەک و تەقەمەنی پێویستیان بۆ رەوانە بکات. جگە لەمە سوپای عێراق بەڵێنی بە جبووری و پیاوەکانی دابوو بەهۆی تاوانەکانی رابردوویان دادگایی نەکرێن.

داعش بە پلانەکەی جبووری زانی. بە گوتەی کەنعانی "داعش توانی دزە بکاتە ناو بازنەکەی جبوورییەوە و چەند مانگ دواتر جبووری و پیاوەکانی لەسێدارە دا". هۆکاری دواکەوتنی کوشتنی جبووریش ئەوە بووە کە داعش ویستبووی بە زەبری ئەشکەنجە زانیاری زیاتر لە خۆی و پیاوەکانی دەربهێنێ".

## خەڵکی قین لە دڵ

هەواڵگریی عێراق تەنیا بە سەرۆک هۆزەکانەوە نەوەستا. توێژێکی دیکەی کۆمەڵگای مووسڵ کە دەکرا زانیاری بە سوپای عێراق و هاوپەیمانان بدەن، ئەوانە بوون کە کەسوکاریان بەدەستی داعش کوژرابوو، یەکێک لەو کەسانەش شوفێری تەکسییەک بوو بە ناوی مەحمود کە داوای لە (رۆیتەرز) کردووە ناوی تەواوی ئاشکرا نەکات.

برا و ئامۆزایەکی مەحمود لە تەمووزی 2014 دا بە تۆمەتی زانیاریدان بە سوپای عێراق، شوێنبزر کران. مەحموود دەڵێت "کاتێک براکەمیان برد، حەزم دەکرد بتوانم تۆڵەیان لێ بکەمەوە". مەحموود لە تەکسییەکەی خۆیدا گوێی بۆ قسەکردنی چەکدارانی داعش رادەدێرا، دواتر لە ژێرزەمینی ماڵەکەیەوە زانیارییەکانی بۆ هەواڵگری و پۆلیسی عێراق دەگواستەوە، لەوانەش شوێنی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو یان کارگەکانی بەرهەمهێنانی بۆمب.

یەکێک لە کێشەکانی زانیاریدەرەکان شاردنەوەی سیمکارتەکانیان بووە. مەحموود سیمکارتەکەی لەناو سەتڵی شەکر یان فەردەی برنجدا دەشاردەوە، عەلا لەناو فیلتەری ئاودا دەیشاردەوە. عەلا ماوەیەک وەکوو وەرگێڕ لەگەڵ سوپای ئەمریکا و ماوەیەکیش وەکوو راهێنەر لەگەڵ کۆمەڵێک چەکداری شیعە لە باشوور کاری کردبوو. بۆیەش وەکوو خۆی دەڵێت "دەبوو کون بە کون خۆم بشارمەوە".

به گوێرەی راپۆرتەکەی (رۆیتەرز)، عەلا لەگەڵ ئەیاد جاسم، بەرپرسێکی هەواڵگریی پۆلیسی عێراق، لە پەیوەندیدا بووە و توانیبووی تۆڕێکی 30 کەسی لە شارۆچکە و گوندەکانی دەوروبەری مووسڵ دروستبکات.



ئەگەر زانیاریی سیخوڕەکان نەبووایە، ئۆپەراسیۆنی مووسڵ درێژەی دەکێشا

جاسم کە 27 کەسی بنەماڵەکەی بەدەستی چەکدارانی داعش کوژراون، بە ئاژانسە بەریتانییەکە دەڵێت "سەرکەوتنی تەکتیکی بەکارهێنانی زانیاریدەرەکان جۆرێک لە بێمتمانەیی لەنێو چەکدارانی داعش دروستکردبوو".

شایەتحاڵەکان دەڵێن داعش هەستی بە مەترسیی زانیاریدەرەکان کردبوو، بۆیەش هەر کاتێک کەسێکی وەهایان دەستگیرکردبا هەوڵیان دەدا بیکەنە پەند بۆ کەسانی دیکە. نەوفەل یوسف، دانیشتووی مووسڵ دوو ئامۆزای بە تۆمەتی سیخوڕی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە کوژران، ئەمەش دوای ئەوەی داعش زانیبووی ئیبراهیم و ئیدریس ناسر، مۆبایلیان هەیە و دوایین ژمارەش کە پەیوەندییان پێوە کردبوو هێزە ئەمنییەکانی عێراق بووە.

نەوفەل دەڵێت "داعش بۆ ماوەی 10 رۆژ ئامۆزاکانی منیان بە ستوونێکی تەلەفۆنەوە هەڵواسی، کاغەزێکیان لەسەر سینەیان دابوو کە لەسەری نووسرابوو: ئەم پیاوە خائینە، ئەگەر تۆش هاوکاری هێزە ئەمنییە کافرەکانی عێراق بکەی، هەمان چارەنووست دەبێ".

## چارەنووسی نادیاری سیخوڕەکان

ئەبوو حەسەن، سەربازی پێشووی سوپای عێراق و زانیاریدەر، لەدوای رزگارکردنی مووسڵ بێ ئومێد بووە. پێشتر دەزگا ئەمنییەکانی عێراق بەڵێنیان پێدابوو کە ئەگەر زانیارییان بداتێ، لە دوای ئازادکردنی مووسڵ کارەکەی پێشووی دەدەنەوە و مووچەی مانگانەی 1000 دۆلار دەبێت. بەڵام ئێستا بەغدا داواکەی رەتدەکاتەوە. بەرپرسێکی سەربازیی عێراقیش دەڵێت زانیاریدەرەکان دەبوو "ئەوە وەکوو یارمەتییەک بۆ وڵاتەکەی خۆیان بکەن، نەک وەکوو پیشەیەک".

## 6 ملیۆن دۆلار بۆ سەرپەرشتیارانی گشتپرسی تەرخان دەکرێت

**رووداو- هەولێر**

نزیکەی شەش ملیۆن دۆلار بۆ سەرپەرشتیارانی گشتپرسی تەرخانکراوە. سەرۆکی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران دەڵێت پارەکە ئامادەیە و چاوەڕێی گەیشتنی ناو و گرێبەستی کارمەندەکانین بۆ خەرجکردنی. رۆژی 25 ی ئەیلوولی2017 لە باشووری کوردستان گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەنجامدرا. نزیکەی 60 هەزار کارمەندی کاتیش سەرپەرشتی پرۆسەکەیان کرد. هەندرێن محەممەد، سەرۆکی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیی هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند، بۆ هەر یەکێک لەو کارمەندانە بڕی 100 دۆلار دیاریکراوە، واتە نزیکەی 6 ملیۆن دۆلار. گوتیشی "پارەکە ئامادەیە، چاوەڕێین ناو و گرێبەستی کارکردنی کارمەندەکانمان لە ئۆفیسی شارەکانەوە بەدەست بگات، بۆ ئەوەی دابەشی بکەین".



رووداو

ئابووری

ژمارە ( 476 ) - دووشەممە 2017/10/9

# نەوتی سپی.. قەیرانێکی تازە بە رێگاوە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

دوو ساڵ لەمەوبەر و لەم کاتانەدا بەردەم هەر بریکارێکی خۆراک لە پێشانگایەکی فرۆشتنی بەرمیل دەچوو، پڕدەبوون لە بەرمیلی بەتاڵی نەوت، بەڵام دوو ساڵە بەشە نەوت نادرێتە هاووڵاتییان، بە تایبەتی دانیشتووانی هەولێر و دهۆک. ساڵی رابردوو دابەشنەکردنی نەوت تاقیکرایەوە، بەڵام ئەمساڵ مەترسیی هەیە نەوتی سپی لە بازاڕی رەشیش دەستنەکەوێ، چونکە دوو وڵات گەمارۆی گەیشتنی نەوتی سپییان خستووەتە سەر هەرێمی کوردستان.

پێشتر ساڵانە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەرێگەی بریکارەکانی خۆراکەوە 2-3 بەرمیل نەوتی بە نرخی پاڵپشت دەدایە هەر خێزانێک، بەڵام ئەوە دوو ساڵە وەزارەت ئەو پاڵپشتییەی راگرتووە و نەوت ناداتە هاووڵاتیان. ئەمەش نرخی نەوتی لە بازاڕدا بەرزکردووەتەوە، بە جۆرێک نرخی بەرمیلێک نەوت لە 70 -80 هەزار دینارەوە بۆ 130-140 هەزار دینار هەڵکشا.

هەر لە ئێستاوە سەختیی زستانی ئەمساڵ دەرکەوتووە، ئێران و عێراق گەمارۆیان خستووەتە سەر هەرێمی کوردستان و رێگەنادەن نەوتی سپی بگاتە بازاڕەکانی، ئەمەش نرخی نەوتی بە رێژەیەکی بەرچاو بەرزکردووەتەوە.

رزگار کەریم، بازرگانێکی نەوت لە گۆڕەپانی فرۆشتنی سووتەمەنی لە هەولێر بە (رووداو)ی گوت: "هەموو ساڵێک لەگەڵ گۆڕانکاری کەشوهەوا خواست لەسەر نەوتی سپی زیاد دەبێت و نرخەکان کەمێک گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی رێگرییەکانی عێراق و ئێران لە گەیشتنی نەوتی سپی، نرخی نەوت زیاتر بەرزبووەتەوە.

پێش گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی باشووری کوردستان، نرخی بەرمیلێک نەوت بە کۆ، بە گوێرەی جۆر و کوالێتییەکەی لە نێوان 135 تاوەکو 145 هەزار دینار بوو، بەڵام دوای رێگریی ئێران لە هاوردەکردنی نەوت و سووتەمەنی و توندکردنی سنوورەکانی عێراق، نرخی بەرمیلێک نەوت بۆ 175 هەزار دینار بەرزبووەوە، ئێستا رۆژانە کەمێک نەوت بە قاچاخ لە عێراقەوە دەگاتە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، بۆیە نرخی بەرمیلێک بۆ 165 هەزار دینار دابەزیوە.

لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا چەند جۆرێک نەوتی سپی هەیە، وەک نەوتی بازیان، ئێرانی، بەغدا و کەرکووک، هەر یەکەشیان بە نرخێکە. رزگار کەریم، دەڵێت "نەوتی بەغدا و کەرکووک کوالێتییەکەی لە هەموویان باشترە، نرخی بەرمیلێکیان بە جوملە 160 تاوەکو 165 هەزار دینارە، دوای ئەوانیش نەوتی ئێرانی دێت کە نرخەکەی لەنێوان 155تاوەکو 160 هەزار دینارە، نەوتی بازیان لە رووی کوالێتییەوە بە پلەی سێیەم دێ و نرخەکەی لە نێوان 150 تاوەکو 155 هەزار دینارە".

بەپێی زانیارییەکانی ئەو بازرگانە، پێشتر رۆژانە 15 تاوەکو 20 تەنکەری 30 هەزار لیتریی نەوت لە دەروازەی حاجی ئۆمەرانەوە دەگەیشتە هەولێر، هەروەها 15 تاوەکو 20 تەنکەری دیکەش لەبەغدا و کەرکووکەوە دەهات، ئەمەش نرخی بازاڕی لە ئاستێکدا راگرتبوو بەرزبوونەوەی زۆری بەخۆوە نەدەبینی، بەڵام ئێستا کە مەرزەکانی ئێران بەڕووی تەنکەرەکاندا داخراون، عێراقیش بە زەحمەت رێگە بە هاتنی دەدات، نرخی نەوت لە بازاڕ ناجێگیرە.

رزگار کەریم کە 23 ساڵە لە بازاڕی سووتەمەنی کار دەکات، پێیوایە ئەگەر رێگرییەکانی ئێران و عێراق بەردەوام بێت و حکومەتیش نەوتی سپی دابەش نەکات، یان رێگەیەکی تازە بۆ هاوردەکردنی نەدۆزێتەوە "نرخی بەرمیلێک نەوت بۆ سەرووی 250 هەزار دینار بەرز دەبێتەوە، چونکە لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا خواست لەسەر کڕینی زیاتر دەبێت. ئەو نەوتەشی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا گۆکا کراوە، توانای وەڵامدانەوەی ئەو خواستە زۆرەی نییە".

> "ئەگەر گەمارۆ بەردەوام بێ و نەوت دابەش نەکرێ، نرخی بەرمیلێکی دەگاتە 250 هەزار دینار"



مەرزەکانی ئێران بەڕووی تەنکەرەکاندا داخراون، عێراقیش بە زەحمەت رێگە بە هاتنی دەدات، بۆیە نرخی نەوت لە بازاڕ ناجێگیرە (فۆتۆ: رووداو)

### • دەنگوباسی دابەشکردنی نەوت نییە

ساڵی رابردوو نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند کە ناتوانن زستان نەوت دابەش بکەن، بۆ ئەمساڵیش بریکارەکانی خۆراک کە ساڵانی رابردوو لەو کاتەدا دەمێک بوو داوای لیستیان لێکرابوو، دەڵێن هیچ دەنگوباسی دابەشکردنی نەوت نییە.

خورشید نەجمەددین، بریکاری دابەشکردنی خۆراک لە ناحیەی دارەتووی شاری هەولێر بە (رووداو)ی گوت: "تاوەکوو ئێستا ئاگادار نەکراوینەتەوە بۆ کۆکردنەوەی بەرمیل و پارەی نەوت".

### • حاڵی سلێمانی چی دەبێت؟

ساڵی رابردوو بەهۆی ئەو نەوتەی لەبەغداوە گەیشتە پارێزگاکە، بارودۆخی سلێمانی لە پارێزگاکانی دیکە باشتر بوو، نەوت بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش کرا، بەڵام ئەمساڵ حاڵی سلێمانی هاوشێوەی پارێزگاکان دیکەیە.

د.غالب محەممەد عەلی، سەرۆکی لێژنەی سامانە سروشتییەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (رووداو)ی گوت: "ساڵی رابردوو بەتەکلیفی هەندێ کەس 25 ملیۆن لیتر نەوتمان لە بەغداوە بۆ هات و دابەشکرا، بۆیە بارودۆخی پارێزگای سلێمانی لە پارێزگاکانی دیکە باشتر بوو، بەڵام پێناچێ ئەمساڵ بەغدا نەوتمان بۆ بنێرێ".

د.غالب محەممەد گوتیشی: "بۆ دابەشکردنی بەشە نەوتی هاووڵاتیان، زیاتر لە 10 نووسراومان ئاراستەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کردووە، بەڵام هەر وەڵامیان نەداینەوە".

بە گوتەی ئەو، لە 27ی ئەیلولەوە، ئێران رێگەی بە هاوردەکردنی سووتەمەنی بۆ کوردستان نەداوە، جگە لە 40 تەنکەر سووتەمەنی کە پێشتر مامەڵەی هاتنە ژوورەوەیان بۆ کرابوو، بەڵام لەسەر سنوور گیریان خواردبوو.

### دارستانەکان لە مەترسیدان

دابەشنەکردنی نەوتی سپی و بەرزبوونەوەی نرخەکەی، ترسی بڕینەوەی دارستانەکانی خستووەتە دڵی بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ، بە تایبەتی زستانی ناوچە شاخاوی و کوێستانییەکانی کوردستان زۆر ساردە. بۆیە کۆتایی مانگی رابردوو بە راگەیەندراوێک بەرپرسانی حکومەتیان لەو مەترسیە ئاگادار کردەوە و داواشیان لە هاووڵاتیان کرد دەست بۆ دارستانەکان نەبەن.

دڵدار عەبدوڵڵا مەلازادە، بەڕێوەبەری دارستان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بە (رووداو)ی گوت "بەهۆی دابەشنەکردنی سووتەمەنی بەتایبەت لەو شارۆچکە و گوندانەی لە ناوچە سارد و شاخاوییەکانن، مەترسییەکی گەورە لەسەر دارستانەکان هەیە، رەنگە بەشێک لە خەڵک پەنا ببەنە بەر بڕینی دار بۆ خۆگەرمکردنەوە، بۆیە بە نووسراوێک ئەنجوومەنی وەزیرانمان لەو مەترسییە ئاگادار کردەوە، تاوەکوو گوشار بخاتە سەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە هەوڵ بدات بەزووترین کات نەوتی سپی دابین بکات".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ رێنمایی دەداتە هاووڵاتیان خۆیان بە دوور بگرن لە بڕینەوەی داری تەڕ، زۆرتر پەنا بۆ بڕینەوەی لق و پۆپی دارەکان ببەن بەشێوەیەکی زانستانە. زۆرتریش بەشە وشکهەڵاتووەکانی دارەکان ببڕن، چونکە ئەمە سوودی بۆ گەشەی دارەکانیش دەبێ.

# 200 هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان بێکارن

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت بەهۆی بەردەوامیی قەیرانی دارایی و وەستانی دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و مانەوەی ئاوارە و پەنابەران لەهەرێمی کوردستان، هەلی کار بە رێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە و رێژەی بێکاری دوو بەرامبەر زیادی کردووە.

بەپێی رووپێوێکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2012 کە بە هاوکاریی دامەزراوەی رەند (RAND)ی ئەمەریکی بۆ دیارکردنی رێژەی هێزی کار و بێکاری لە هەرێمی کوردستان کراوە، یەک ملیۆن و 296 هەزار و 701 کەس، ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 15 بۆ 64 ساڵیدایە، بەشدارییان لەهێزی کاردا کردووە و 102.439 کەسیش کە دەکاتە (7.9%)، بێکارن.

بەڵام ساڵی 2013 بەهۆی باشبوونی رەوشی ئابووریی کوردستان رێژەی بێکاری بۆ 6.5% دابەزی، بەشداربووانی هێزی کاریش لە کەرتی گشتی و تایبەتدا بۆ 1،339،687کەس بەرز بووەوە، لەم ژمارەیەش تەنیا 87.186 کەس بێکار بوون.

بەپێی رووپێوی ساڵی 2014 رێژەی بەشداربووانی هێزی کار 39.25% بووە، رێژەی بێکارییش لەو ساڵەدا بۆ 6.53% زیادبووە، واتە سەرەرای بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدا و هێرشی داعش لەمانگی ئاب، بەرزبوونەوەی زۆری بەخۆوە نەبینیوە.

بەڵام بەهۆی بەردەوامیی قەیرانی دارایی و پاشەکشێی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان و وەستانی کار لە زۆربەی سێکتەرەکاندا، رێژەی بێکاری لە ساڵی 2015 بۆ 13.53% بەرز بووەتەوە، لەکۆی ملیۆنێک و 382 هەزار و 285 کەس کە لە هێزی کاردا بوون، 187 هەزار و 22 کەس بێکارن. بەپێی رووپێوییەکان دەردەکەوێ رێژەی بێکاری لە 2015 دا دوو هێندە زیادی کردووە.

### ← وەزارەتی کار: رێژەی بێکاری 13%یە

### ← ئابووریناسێک: رێژەی بێکاری 16%یە

سیروان محەممەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت: "بەهۆی بەردەوامیی قەیرانی دارایی، بێکاری بە رێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەراورد بە پێش قەیرانەکە رێژەکە دوو بەرامبەر زیاد بووە".

سیروان محەممەد هۆکاری ئەم زیادبوونەی بۆ وەستانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و بەڵێندەرایەتی، دانەمەزراندنی دەرچووان، کەمبوونەوەی دەرفەتی کار بەهۆی ئاوارە و پەنابەران، زیادبوونی ساڵانەی هێزی کار گەڕاندەوە، نموونەشی بە رێژەی بێکاری لەنێو چینی خاوەن بڕوانامەی ئامادەیی هێنایەوە و گوتی: "لەساڵی 2014 رێژەکە 14% بوو، بەڵام لە ساڵی 2015 بۆ 24% بەرزبووەتەوە، واتە لە ماوەی ساڵێکدا 70% بەرز بووەتەوە، هۆکارەکەشی دانەمەزراندن لە کەرتی گشتی و کەمبوونەوەی کارە لە کەرتی تایبەت".

لە رووپێوەکەی ساڵی 2014ی دەستەی ئاماردا دەرکەوتووە 602 هەزار و 266 کەس لە کەرتی تایبەت کاریان کردووە، بەڵام ساڵی دواتر ژمارەکە بۆ 557 هەزار و 22 کەس دابەزیوە، واتە 45 هەزار و 244 کەس بێکار بوون. لە کەرتی گشتیش 5000 کەس لە کاردا نەماون، واتە ژمارەی کەسانی بێکار لەو دوو کەرتە لە ساڵی 2015دا 50 هەزار و 244 کەس بووە.

سیروان محەممەد گوتی: "ساڵی 2015 بەپێی رووپێوییەکان بۆمان دەرکەوت 178.022 کەس بێکارن. بەهۆی گەشەی دانیشتووان و کەمبوونەوەی دەرفەتی کار پێشبینی دەکەم ئێستا ژمارەی بێکاران گەیشتبێتە نزیکەی 200 هەزار کەس".

بەڵام بەشێک لە پسپۆڕانی ئابووری و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێیانوایە ئەو داتایانەی دەستەی ئامار و وەزارەتی کار راست نین و دەڵێن رێژەی بێکاری گەیشتووەتە 20%.

د.عارف حیتۆ، بەڕێوەبەری گشتیی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی دارایی لە دوو ساڵی رابردوودا رێژەی بێکاری زیاد بووە. بەپێی یاسای کار، خاوەنکار بۆی هەیە ئەگەر بارودۆخی دارایی خراپ بێت ژمارەی کرێکارەکانی کەم بکاتەوە، کۆمەڵێک لە کارگە و کۆمپانیاکانیش وایانکردووە، بەڵام رێژەی بێکاری لە 13% تێپەڕ ناکات".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کار، ساڵی رابردوو 6000 کەس ناوی خۆیان بۆ دەستکەوتنی کار تۆمار کردووە، بەڵام تەنیا 20 کەس بەو هەلی کارانە رازی بوون کە لەلایەن وەزارەتی کارەوە بۆیان دۆزراونەتەوە. د.عارف دەڵێت: "خەڵک فێری کاری ئاسان و وەرگرتنی پارەی زۆر بووە، بۆیە ئامادەنین هەموو جۆرە کارێک بکەن".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کار، 44 هەزار کرێکاری بیانی لە کوردستان هەن کە 25 هەزار و 878 کەسیان لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی هاتوونەتە کوردستان.

د.عارف حیتۆ دەڵێت: "مۆڵەتی هێنانی کرێکاری بیانیمان زۆر کەمکردووەتەوە، نزیکەی 50%ی ئەو کرێکارانەشی هاتوونەتە کوردستان، بۆ خزمەتکاری نێو ماڵان هاتوون کە خەڵکی ئێمە ئەو کارانە ناکەن".

بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لەهێزی کار و بێکاری و کارکردنی نێوەچڵی لە هەرێمی کوردستان روودەدەن، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە نیازە لە کۆتایی ئەمساڵ رووپێوێک بکات. سیروان محەممەد دەڵێت: "ئامانجمان لەو رووپێوە دەستکەوتنی داتای نوێیە لەسەر بەشداریی هێزی کار و رێژەی بێکاری و دیاریکردنی داهاتی ساڵانەی تاک".

ئیدریس رەمەزان، مامۆستا لە بەشی دارایی و بانک لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەلاحەددین، پێیوایە رێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان زیاترە لەو رێژەیەی دەستەی ئامار بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت "بەهۆی قەیرانی دارایی و وەستانی کار لە زۆربەی سێکتەرەکاندا، دەرفەتی کار زۆر کەمبووەتەوە، بۆیە پێشبینی دەکەم رێژەی بێکاری لەنێوان 16% بۆ 17% بێت".

بۆ کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری و دابینکردنی ئاسایشی خۆراک، ئیدریس رەمەزان بە پێویستی دەزانێ حکومەتی هەرێم گرنگیی زیاتر بە کەرتی کشتوکاڵ بدات و هانی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بدات وەبەرهێنان لەم کەرتە بکەن، چونکە وەک ئەو دەڵێت "لەرێگەی ئەو کەرتەوە دەتوانرێت ئاسایشی خۆراک دابین بکرێت و دەرفەتی کاریش بۆ سەدان بێکار بدۆزرێتەوە، پارەش بۆ سەوزە و میوە و دانەوێڵە نەچێتە دەرەوە".

رێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان (2012 تاوەکو 2015)

| پارێزگا | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | %7.5 | %4.3 | %4.56 | %13.45 |
| سلێمانی | %8.1 | %8.1 | %7.55 | %13.14 |
| دهۆک | %8.3 | %7.3 | %8.00 | %14.4 |
| هەرێم | %7.9 | %6.5 | 6.53 | %13.53 |
| هێزی کار | 1.296.701 | 1،339،687 | - | 1.382.285 |
| ژمارەی بێکار | 102.439 | 87.186 | - | 187.022 |



دەستەی ئامار: بە بەراورد لەگەڵ پێش قەیرانی دارایی، رێژەی بێکاری دوو هێندە زیادی کردووە (فۆتۆ: رووداو)

# ڤیتۆی رووسیا و گرێبەستەکانی وزەی لە کوردستان

عومەر ئەحمەد


روسنێفت نایەوێت گازی سرووشتیی کوردستان ببێتە مەترسیی لەسەر هەژموونی رووسیا لە دابینکردنی گازی ئەورووپا

پاش ئەوەی کۆمپانیای روسنێفت، مانگی شوباتی ئەمساڵ رایگەیاند کە لە پەراوێزی هەفتەی پێترۆلیۆمی لەندەن گرێبەستێکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کردووە، بۆ ئەوەی بۆ ماوەی سێ ساڵ و تاوەکو 2019 نەوتی کوردستان بکڕێت و وەبەرهێنانیش لە بنیاتنانی ژێرخانی گواستنەوەی نەوتی کوردستاندا دەکات، وەرچەرخانێکی گەورە لە کەرتی نەوتی کوردستاندا روویدا. زۆری نەخایاند ئەو کۆمپانیایە جگە لە نەوت، چووە بواری گازی سرووشتیش و بڕیاری دا یەک ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە دامەزراندنی بۆڕی گواستنەوەی گازی سرووشتیی کوردستاندا بکات.

روسنێفت یەکەم کۆمپانیای نەوتە کە ئامادە بووە نەوتی کوردستان بە ئاشکرا بکڕێت. لە پشت هاتنی رۆسنێفتەوە بۆ کوردستان، ئیگۆر سچین گەورە راوێژکاری فلادیمیر پوتین هەیە کە لەلایەن ئەمریکاوە گەمارۆی خراوەتەسەر. سچین دەڵێت: "هیچ بەربەستێک و هیچ وڵاتێک نابنە رێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەکانمان لە کوردستان".

هاتنی کۆمپانیای روسنێفت بۆ باشووری کوردستان و وەبەرهێنانە زەبەلاحەکەی (4 ملیار دۆلار) لە کاتێکدا بوو کە بەدەگمەن وەبەرهێنانی نەوتی بەو قەبارە گەورەیە لەسەر ئاستی جیهاندا دەکرا. هاتنی روسنێفت لەو رووەشەوە بۆ باشووری کوردستان گرنگ بوو کە لەبەر دابەزینی قازانجی کۆمپانیا نەوتییەکان بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە و هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان، زۆر لە کۆمپانیا گەورەکانی جیهان، وەک ئێکسۆن، شێڤرۆن، تۆتاڵ و رێپسۆل کارەکانی دۆزینەوەی نەوتیان لە کوردستان راگرتبوو، کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان زیانێکی زۆری بەرکەوتبوو، خەریکبوو بەرەوڕووی قەیرانی گەورە ببێتەوە. تەنیا کۆمپانیا بچووکەکان بەردەوامییان بەکارەکانیان دەدا کە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی بڕێکی سنووردار لە نەوتی خاو بوون، بەڵام روسنێفت جارێکی دیکە کەرتی نەوتی کوردستانی زیندوو کردەوە. تێڕوانینی دوورمەودای رووسیا بۆ کەرتی وزەی باشووری کوردستان تەنانەت دوای بەڕێوەچوونی گشتپرسی سەربەخۆیی نەگۆڕدرا، بەڵکو رووسیا بووە یەکەم وڵات کە هەڵویستی نەرمی بەرانبەر گشتپرسی هەبێ.

گرێبەستەکانی کۆمانیای روسنێفت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی گرێبەستەکانی کۆمپانیا نەوتییەکانی دیکە نییە. قەبارەی هاوکارییەکانی روسنێفت و حکومەتی هەرێمی کوردستان هێندە بەربڵاو و گەورەیە کە هەر لە دەرهێنانی نەوتەوە تاوەکوو گواستنەوە و فرۆشتنی لە بازاڕە جیهانییەکاندا، روسنێفت رۆڵێکی سەرەکی تێدا دەبینێ. بۆیە گرێبەستەکەی روسنێفت زۆرترین کاریگەری سیاسیشی بەدوای خۆیدا هێناوە. لێدوانەکانی فلادیمێر پوتین لەبارەی پرسی سەربەخۆیی کوردستان تەنیا نموونەیەکە لەو رەهەندە سیاسییانەی گرێبەستەکانی روسنێفت.

دەگوترێ هەندێ لەو بلۆکە نەوتییانە کە کۆمپانیای روسنێفت بڕیارە کاریان تێدا بکات، کێڵگەکانی بای حەسەن، ئاڤانا و خورمەڵەن کە لە گەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووکن.

روسنێفت دەتوانێت ئاستی بەرهەمهێنانی ئەو کێڵگانە دوای لێکۆڵینەوەی ورد و ئەنجامدانی کارە تەکنیکییە پێویستەکان، بەرزبکاتەوە. هەر ئەو کارە کە کۆمپانیای BPی بەریتانی دەیویست لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق لە کەرکووک بیکات، ئێستا روسنێفت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیکات. ئەمە چەقی ستراتیژە درێژخایەنەکەی رووسیایە لە کوردستان لە بواری نەوتدا.

ئێستا ئابووریی کوردستان بەهۆی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووکەوە توانیویەتی بەردەوام بێت و نەڕووخێت کە رۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنن. هەر بۆیە حکومەتی عێراق بەو سانایییە واز لە کەرکووک ناهێنێ. وڵاتانی ناوچەکەش ترسیان لەوەیە کە باشووری کوردستان بە پەیوەستکردنی کەرکووک بتوانێت وەک وڵاتێکی سەربەخۆ بەردەوام بێت، لەبەر ئەوەشە دژایەتیی سەربەخۆیی دەکەن.

لە بواری گازی سرووشتیدا، کۆمپانیای روسنێفت دەیەوێت سەرچاوە گەورەکانی گازی سرووشتیی کوردستان نەبنە مەترسییەک لەسەر هەژموونی رووسیا لە دابینکردنی گازی ئەورووپا، لەبەرئەوەیە ئێستا خۆی بەنیازە بۆڕی گازی سرووشتیی کوردستان دامەزرێنێ و شادەماری هەناردەکردنی گازی سرووشتی کوردستان بۆ تورکیا و ئەورووپا بەدەستەوە بگرێت.

ئەورووپییەکان دەمێکە هەوڵدەدەن لەڕێی چەندین پرۆژەی گەورەوە، جێگرەوەیەک بۆ گازی رووسیا بدۆزنەوە بۆ ئەوەی رێگری بکەن لەوەی رووسیا ئەو کارتە وەک گوشارێکی سیاسی لەدژیان بەکاربهێنێ. یەکێک لەو پرۆژانە، پرۆژەی تاناپە کە گازی سرووشتیی کێڵگەی شاهدەنیز 2ی ئازەربایجان لەڕێی خاکی جۆرجیا و تورکیاوە دەگوازێتەوە بۆ سنوورەکانی تورکیا و یۆنان، لەوێشەوە بەڕێی پرۆژەیەکی دیکە بەناوی " تاپ" دەگوازرێتەوە بۆ ئیتاڵیا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا.

بەڵام رووسیا بە دامەزراندنی پرۆژەی تورکیش ستریم کە ئەویش هەر لە خاکی تورکیاوە تێپەڕ دەبێت، دەیەوێت لە گرنگیی سەرچاوەکانی گازی ئازەربایجان کەم بکاتەوە. دوایین هەوڵی رووسیاش بۆ ئەوەی جێگرەوەیەکی دیکە بۆ گازی خۆی دروستنەبێت، ئەوەیە کە دەیەوێت گازی سرووشتیی کوردستان لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بێت.

> **هیچ بەربەستێک و وڵاتێک نابنە رێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەکانمان لە کوردستان**
>
> خاوەنی روسنێفت

وەبەرهێنانی گەورەی رووسیا و تێڕوانینی ستراتیژیی ئەو وڵاتە بۆ سەرچاوەکانی نەوت و گازی کوردستان دەکرێ ببێتە چەترێکی بەرگری لە باشووری کوردستان، بەتایبەت ئەو کاتەی کە سەربەخۆیی راگەییندرا و دوورنییە ئەو کات، لە ژێر گوشاری وڵاتانی ناوچەکەدا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان گەمارۆی ئابووری بەسەر دەوڵەتی کوردستاندا بسەپێنێ. ئەوکات ئەگەر ئەمریکییەکان هەروا بێخەم بمێنن و بەردەوام بن لە دژایەتیکردنی سەربەخۆیی کوردستان، بەرژەوەندییەکانی رووسیا لە باشووری کوردستان هێندە دەهێنێ کە مافی ڤیتۆی خۆی بەکاربهێنێ.

# رووسیا بۆچی دژی راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کوردستانە؟

کاردۆ کەمال

دوای گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان، هەڕەشەکانی رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا بەوەی دەتوانن گواستنەوەی نەوتی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان رابگرن، ترسێکی خستە دڵی بازرگانانی نەوتەوە و ئەمەش نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنتی گەیاندە بەرزترین ئاست لەچاو دوو ساڵی رابردوودا کە 59 دۆلار بوو. بە راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان راستەوخۆ رۆژانە 650 هەزار بەرمیل نەوت لە بازاڕدا کەم دەبێتەوە، ئەمەش خستنەڕووی نەوت لەبازاڕدا کەمدەکاتەوە و نرخی نەوت بەرز دەکاتەوە.

بەڵام لەدوای خاوبوونەوەی هەڕەشەکانی تورکیا لە راگرتنی نەوتی کوردستان، نرخی بەرملێک نەوتی برێنت بۆ 55 دۆلار دابەزی. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە ترس سەبارەت بە راگرتنی نەوتی باشووری کوردستان کەمبووەتەوە.

لەمیانەی کۆڕبەندی وزەی رووسیا لە مۆسکۆ، فلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا رایگەیاند کە لە بەرژەوەندیی کەسدا نییە پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان ببڕێت یان رێگە بگیرێت لە هەناردەکردنی نەوتەکەی. هەروەها گوتی هەر سزایەکی ئابووری بەسەر کوردستاندا بسەپێنرێ، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە جیهاندا، کەسیش لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت نییە.

رۆژی پێنجشەممەی رابردوو لەکاتی گەڕانەوەی لە ئێران، ئەردۆغان، لە نێو فڕۆکەوە وەڵامی لێدوانەکەی فلادیمیر پوتینی دایەوە و بە پێکەنینەوە بە رۆژنامەڤانانی گوت: "پێدەچێت سوعبەتی کردبێ، چونکە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بەرژەوەندی رووسیایە، ئەوەشی بڕیار لەسەر هەناردەی نەوتەکە دەدات تورکیایە نەک رووسیا".

لێرەدا پێویستە شیکردنەوەیەک بۆ لێدوانەکانی سەرۆکی رووسیا و تورکیا بکەین، بۆچی رووسیا نایەوێت نەوتی هەرێمی کوردستان رابگیرێ، بۆچیش ئەردۆغان بە پێکەنینەوە گوتی "پێدەچێت پوتین سوعبەتی کردبێت" چونکە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بەرژەوەندی رووسیایە؟

ئەگەر تەماشای رێککەوتننامەکەی ئۆپیک بکەین کە ئامانجی کەمکردنەوەی یەک ملیۆن و 800 هەزار بەرمیل نەوتە لە رۆژێکدا، بۆمان دەردەکەوێت کە لە سەرەتای واژۆکردنی رێککەوتننامەکەی ئۆپیکەوە تا ئەو کاتەی کە رێککەوتننامەکە لەگەڵ رووسیا درێژکرایەوە بۆ کۆتایی چارەگی یەکەمی ساڵی 2018، ئامانج گەڕانەوەی هاوسەنگی بوو بۆ بازاڕی نەوت نەک بەرزکردنەوەی نرخی نەوت، کاتێک باس لە گەڕانەوەی هاوسەنگی دەکەین بۆ بازاڕی نەوت، باس لە ئەساسیاتی بازاڕ دەکەین، واتا زیادکردنی خواست و کەمکردنەوەی خستنەڕووی نەوت، نەک ببێتە هۆکارێک بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بەشێوەیەکی کاتی.

ئێستا بازاڕی نەوت لە دۆخی (کۆنتانگۆ) دایە، واتا نرخی گرێبەستە نەوتییەکانی ئەمڕۆ هەرزانتر دەبن لە نرخی گرێبەستە نەوتییەکانی ئایندە، هۆکاری ئەم رەوشەش بۆ بوونی نەوتێکی زۆر لە بازاڕدا دەگەڕێتەوە، ئەمەش بازرگانان هاندەدات کە نەوت هەڵبگرن بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بە نرخێکی گرانتر بیفرۆشنەوە. لەسەر ئاستی درێژخایەن، کۆنتانگۆ دەبێتە هۆی زیادبوونی تێچووی کۆگاکردنی نەوتەکە، ئەمەش قازانجی نەوتەکە کەمدەکاتەوە، هەر بۆیە بازرگانەکان دووبارە دەست دەکەن بە فرۆشتنی ئەو نەوتەی کە کۆگایان کردبوو، ئەمەش دووبارە خستنەڕووی نەوت لەبازاڕدا زیاد دەکاتەوە. دوای ماوەیەک لە فرۆشتنی نەوتی کۆگاکراو، ئۆپیک دێت و بڕیار لە کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان دەدات، ئەمەش هانی بازرگانان دەدات قەرەبووی ئەو کورتهێنانە بکەنەوە کە لە نەوتی کۆگاکراودا روویداوە، واتا یارمەتی گەڕانەوەی بنەماکان دەدات بۆ بازاڕ کە بریتییە لە زۆربوونی خواست.

ئەوەی کە ئۆپیک و بەرهەمهێنەرانی دەرەوەی ئۆپیک چاوەڕێی دەکەن، سەرکەوتنی خواست نییە بەسەر خستنەڕوودا، بەڵکو گۆڕانی تەواوی رەوشی بازاڕە لە دۆخی کۆنتانگۆ بۆ (باکوردیشین)، بەو شێوەیەش نرخی ئەو نەوتەی لە ئایندەدا دەفرۆشرێت، هەرزانتر دەبێت لەو نەوتەی کە ئێستا دەفرۆشرێت، ئەمەش هانی بازرگانان دەدات کە کۆتایی بە نەوتی کۆگاکراو بهێنن.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە رووسیا و سعودیە هەوڵەکانیان بۆ گەڕانەوەی هاوسەنگییە بۆ بازاڕی نەوت نەک بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەسەر ئاستی کورتخایەن، چونکە لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و گەیشتنی بە 60 دۆلار، ئەوا دووبارە ژمارەی سەکۆ نەوتییەکانی ئەمریکا چالاک دەبنەوە و ئەمریکا نەوتێکی زیاتر دەخاتە بازاڕەوە، ئەمەش روویدا. کاتێک بەهۆی هەڕەشەکانی تورکیاوە لەسەر راگرتنی نەوتی باشووری کوردستان نرخی نەوت گەیشتە 59 دۆلار، راستەوخۆ ئەمریکا ئاستی هەناردەکردنی نەوتی خاوی تەکساسی بەرزکردەوە بۆ یەک ملیۆن و 980 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا.

رووسیا هەوڵدەدات زیان بە کۆمپانیاکانی بواری نەوتی بەردینی ئەمریکا بگەیەنێت لەڕێی جێگیرکردنی نرخی نەوت لە نێوان 50- 55 دۆلار، ئەم نرخە ئابووریی رووسیا لەو داکشانە دەپارێزێت کە لە ساڵی رابردوودا تووشیبوو، هەروەها سعودیە ئامادە دەکات بۆ ئەوەی پشکەکانی ئارامکۆ بخاتەڕوو کە دەیەوێت لەڕێی فرۆشتنی پشکەکانی ئارامکۆ سەرمایەی پێویست کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی ئابوورییەکەی هەمەجۆر بکات.



بە راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان زۆرترین زیان بەر روسنێفت دەکەوێت

ئەگەر تورکیا هەناردەکردنی نەوتی کوردستان رابگرێت، نرخی نەوت بۆ سەرووی 60 دۆلار بەرز دەبێتەوە، ئەمەش جگە لەوەی لە قازانجی کۆمپانیا ئەمریکییەکانە، لە هەمانکاتدا ناکۆکی لەنێوان ئەندامانی ئۆپیک دروست دەکات، هەر وڵاتەو هەوڵ دەدات ئاستی بەرهەمهێنانی زیاد بکات کە رەنگە بەشێک لە وڵاتان پابەندبوونیان بە رێککەوتننامەکەوە کەمبێتەوە و لە کۆتاییدا بەزیانی بازاڕی نەوت و وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بشکێتەوە، چونکە لەسەر ئاستی کورتخایەن نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە، بەڵام لەسەر ئاستی درێژخایەن بەهۆی زۆربوونی نەوت لە بازاڕدا نرخی نەوت دادەبەزێتەوە بۆ خوارووی 40 دۆلار، ئەمەش کێشە بۆ ئۆپیک و رووسیا دروست دەکات، بۆیە رووسیا لەگەڵ ئەوەدا نییە هەناردەکردنی نەوتی کوردستان رابگیرێت، بۆ ئەوەی کۆمپانیا ئەمریکییەکان بەشێوەیەکی سنووردار رۆڵیان هەبێت لە بازاڕی نەوتدا.

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای روسنێفتدا واژۆ کردووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێک لە نەوتەکەی بە کۆمپانیاکە فرۆشتووە و پێشەکی پارەکەی وەرگرتووە، بۆیە ئێستا رووسیا گوشار دەخاتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی هەناردەکردنی نەوتی باشووری کوردستان رانەگرێت، چونکە بە راگرتنی هەناردەکردنی ئەو نەوتە، زۆرترین زیان بەر روسنێفت دەکەوێ کە کۆمپانیایەکی نیشتیمانییە.

پرسیارەکە ئەوەیە لەدوای تەواوبوونی گرێبەستەکەی کۆمپانیای روسنێفت چی روودەدات؟ ئەگەر روسنێفت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان رێکبکەوێتەوە کە بەردەوام بێت لە کڕینی نەوت، ئەوە لە قازانجی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت، بەڵام ئەگەر کڕیارانی نوێ پەیدابن بۆ کڕینی نەوتی باشووری کوردستان، ئەوە رەنگە داوای داشکاندنی زیاتر بکەن لە نرخی کڕینی نەوتەکە کە ئێستا یەک بەرمیلی بە 10-12 دۆلار کەمتر لە خوار نەوتی برێنت دەفرۆشرێ، ئەگەر ئەمەش روویدات و کڕیارە نوێیەکان داوای داشکاندنی زیاتر بکەن، ئەوە داهاتی هەرێمی کوردستان لە فرۆشتنی نەوت کەم دەبێتەوە، بەمەش هەنگاوەکانی حکومەت بۆ دەستکاریکردنی سیستمی مووچەی فەرمانبەران دوادەکەون.



## بورهان خۆشناو:

### قسەکانی مام جەلال بوونە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی لە حەیرانگوتن بەردەوام بم

# مام جەلال پێیگوتم حەز لە دەنگی تۆ دەکەم





**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

سەرەڕای سەرقاڵیی زۆری بە کاری سیاسی و کێشە و گیروگرفتەکانی کوردستان و عێراق، مام جەلال سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق و سکرتێری کۆچکردووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کاتیشی بۆ هونەر و ئەدەب هەبووە، رەنگە زۆر لە خەڵکی حەز بکەن بزانن مام جەلال حەزی لە دەنگی کامە هونەرمەند بووە، خۆی لە کتێبی دیداری تەمەندا ئاماژەی بە ناوی هەندێ لەو هونەرمەندانە داوە کە حەز لە دەنگیان دەکات، هونەرمەند بورهان خۆشناویش لێرەدا ناوی دیکە ئاشکرا دەکات.

بورهان خۆشناو کە دەڵێت ساڵی 2000 لە نزیکەوە چاوی بە مام جەلال کەوتووە، دەڵێت لەو دانیشتنەدا باسی ئەو هونەرمەندانەی کرد کە ئەو رۆژانە بەپێی دەرفەت گوێیان بۆ دەگرێت. خۆشناو بە (رووداو)ی گوت: "لەگەڵ چەند هونەرمەندێک چووینە خزمەت مام جەلال، ئەو پاڵپشت و هاوکارێکی نزیکی هونەرمەندان و رۆشنبیران بوو، هەمیشە لە کۆڕ و مەجلیسەکانی مام جەلالدا هونەرمەند یان رۆشنبیر و ئەدەبدۆست هەبوون، مام جەلال لەنێو ئێمە دانیشت، لە کاتی نانخواردن باسی دەنگی ئەو هونەرمەندانەی کرد کە شەوانە گوێیان لێدەگرێ".

بورهان خۆشناو، حەیرانبێژ و لاوکبێژێکی شاری هەولێرە، چەند ساڵێک لە شاری سلێمانی ژیاوە، ئەو بە چاوێکی پڕ لە گریانەوە

---

## مام جەلال: لەگەڵ مۆسیقا و گۆرانیدا کۆنەویستم

---

باسی لەو رۆژە کرد کە مام جەلالی بینیوە و دەڵێت: "مام جەلال لەبەردەم هەموو ئامادەبووان، کە کاک ئازاد جوندیانی یەکێک بوو لە بەشداربووانی ئەو دیدارە، بە منی گوت، زۆر شەیدای حەیرانم، حەیرانیش زیاتر بە دەنگی تۆ حەزی لێدەکەم، گوتیشی کە سەرەڕای سەرقاڵبوونم بە دونیای سیاسەت، بەڵام کە گوێ لە حەیران دەگرم ئارام دەبمەوە، ئەم قسەیەی مام جەلال گوڕوتینێکی زیاتری بە من دا و وایکرد زیاتر سەرقاڵی حەیران و هونەری رەسەنی کوردی بم".

وەک بورهان خۆشناو دەگێڕێتەوە، مام جەلال لە ژیانیدا حەزی لە دەنگی سێ هونەرمەندی کورد کردووە و بەردەوام گوێی لێگرتوون "مام جەلال هەر لەو دیدارەدا بەمنی گوت کە لە ژیانیدا حەزی لە دەنگی سێ هونەرمەندی کورد کردووە، ئەوانیش لاوکەکانی کاوێس ئاغا، هومەر دزەیی و حەیرانەکانی بورهان خۆشناو".

لە کتێبی دیداری تەمەندا کە پرسیار لە مام جەلال کراوە: "بەینت لەگەڵ گۆرانی و مۆسیقادا چۆنە، حەز لە دەنگی کێ دەکەیت؟" مام جەلال لە وەڵامدا دەڵێت: "لەگەڵ مۆسیقا و گۆرانیشدا من کۆن ویستم، لە کوردیدا حەز لە دەنگی سێوە و مریەم خان و حەسەن زیرەک و سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و تایەر تۆفیق و حەیرانەکان و چەند دەنگخۆشێکی تریش دەکەم. لە هی عەرەبدا حەزم لە دەنگی ئوم کەلسوم و عەبدولوەهاب و فەیرووز و سەباحە".

لەبارەی گۆرانیگوتنیش مام جەلال دەڵێت "کە قوتابی بووم زۆرجار سرودی نیشتیمانیم گوتووە، لە ناوزەنگ بە تایبەتی لە یادەکاندا، بۆ نموونە یادی سەری ساڵمان دەکردەوە گۆرانییان پێدەگوتین، منیش گۆرانیم دەگوت، بەڵام دەنگم خۆش نییە".

بورهان خۆشناو هەر لەبارەی دیدارەکەیان لەگەڵ مام جەلال، باسی زەوقی هونەریی مام جەلال دەکات و دەڵێت:

"مام جەلال زانیاریی باشی لەبارەی حەیران هەبوو. لە بواری حەیرانی دەشتی هەولێر شارەزا بوو، ئەو پێیگوتم منیش کوڕی حەیرانم، ئەو سووتانە هەر تەنیا لای جەنابتان نییە، بەشێکی بەر منیش دەکەوێت، ئەو قسانەی مام جەلال تاوەکو ئێستاش لە بیرەوەریمدا زیندوون، هەر ئەوەش بووە پاڵنەرێکی مەزن بۆ ئەوەی لە حەیرانگوتن بەردەوام بم".

## لەیلا مالک، نمایشکاری کورد:

# بۆ بەدیهێنانی خەونەکانم لە هەولێرم

**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

لە یەکێک لە ئارایشگاکانی هەولێر خەریکی خۆئامادەکردنە، دەیەوێت بە جوانترین شێوە خۆی نمایش بکات، لەیلا مالک کچێکی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانە و نمایشکاری

---

## وەرزشکردنی زانستی گرنگترین شتە بۆ مۆدێل

---

جلوبەرگی کوردییە. خولیای دونیای مۆدێلینگ و نمایشکاری ئەوی هێناوەتە باشووری کوردستان، دەیەوێت ئەو خەونەی کە لە منداڵییەوە هەیەتی لێرە بیکاتە راستی.

لەیلا چەند ساڵێکە شاری هەولێری کردووەتە مەنزڵگای خۆی، مەنزڵگەیەک هیوا و ئاواتی منداڵیی تێدا کۆکردووەتەوە کە نمایشکارییە. لەیلا بە (رووداو)ی گوت:

"نزیکەی شەش ساڵە لە هەولێرم، خولیاو حەزی من هەمیشە بۆ کاری نمایشکاری و مۆدێلینگ بووە، بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونەش رووم کردە باشووری کوردستان، خۆشبەختانە دەرگای بەختم لێرە کرایەوە و بەشداریم لە دەیان کاری نمایشکاری و فۆتۆ مۆدێلینگ کردووە".

ماوەیەکە لە باشووری کوردستان فۆتۆ مۆدێلینگ بووەتە دیاردە و دەیان گەنج سەرقاڵی ئەم هونەرەن، بەڵام لەیلا پێیوایە وێنەگرتن و فۆتۆ مۆدێل مەرج و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و هەموو کەسێک بۆ ئەم کارە ناشێت. لەیلا دەڵێت: "بۆ هەموو کچێک ناشێت روو بکاتە کاری مۆدێلینگ، لە دونیای دەرەوەدا ئەم کارە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی دەخوێنرێت، تاوەکو ببێتە مۆدێل یان نمایشکاری جلوبەرگ، چونکە ئەمەش یاسا و رێسای خۆی هەیە، بەژن و باڵا و جوانی و لێهاتوویی رۆڵی سەرەکی دەبینێت، بەڵام بەداخەوە لە کوردستان بەشێکی زۆر لە کچان و کوڕان روویان لەم کارە کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ لە نمایشکاری و مۆدێلینگ بزانن".

لەیلا هەر تەنیا نمایشکار و فۆتۆ مۆدێلینگ نییە، بەڵکو راهێنەرێکی لێهاتووی وەرزش و لەشڕێکییە، ئێستا لە هەولێر سەنتەرێکی کردووەتەوە و بەشێوازێکی ئەکادیمی وەرزش و کاری مۆدێل فێری خەڵک دەکات. لەیلا لەبارەی وەرزشەوە دەڵێت: "وەرزشکردن و مانەوەی لەش بەرێکی، یەکێکە لە خاسیەتە باشەکانی مۆدێل، من رۆژانە بەشێوەیەکی زانستی و بەرنامەدار وەرزشی جۆراوجۆر دەکەم، چونکە لەهەموو شتێک گرنگتر بۆ مۆدێل وەرزشکردنێکی زانستییە".

لەیلا لە ئێران لە بواری وەرزشی مۆدێل خوێندوویەتی و پلەی راهێنەری لەشڕێکی و وەرزشی وەرگرتووە. لەیلا دەڵێت "هەر کچێک حەز بکات ببێتە مۆدێل دەتوانێت بێتە لای من و بەشێوازێکی زانستی فێری بکەم".

لەیلا هێندە کە دڵخۆشە بەم کارەی، دوو هێندەش نیگەرانە، چونکە ئەو پێیوایە لە کوردستان گرنگی بەم هونەرە نادرێت و مۆدێل و نمایشکارەکان مەغدوورن. لایلا دەڵێت:

---

## تێناگەم بۆچی دیزاینەرەکانمان پەنا بۆ مۆدێل و نمایشکاری بیانی دەبەن؟

---

"بەداخەوە لە باشووری کوردستان گرنگی بە مۆدێل و نمایشکارەکان نادرێت، تەنانەت بەشێک لە فۆتۆگرافەرەکان بە خۆڕایی و بێ بەرامبەر کاریان پێدەکەن، کەچی لە دونیای دەرەوە نمایشکارەکان گرنگیی زۆریان پێدەدرێ و ناسنامەی تایبەت بەخۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بە گرێبەست کاریان لەگەڵ دەکرێ، بەڵام ئەمە لە کوردستان زۆر بە کەمی دەبینرێ".

بەشێکی زۆر لە کچانی کوردستان حەزیان لە کاری مۆدێل و نمایشکاری جلوبەرگە، بەڵام وەک لەیلا دەڵێت کۆمەڵگا و بنەماڵەکانیان کۆسپی زۆریان بۆ دروست دەکەن، لەیلا دەڵێت "رۆژانە خەڵکانێکی زۆر پەیوەندیم پێوە دەکەن کە دەڵێن زۆر حەزیان لە کاری مۆدێلینگ و نمایشکاریی جلوبەرگە، بەڵام دایک و باوک رێگرییان لێدەکەن، چونکە بە چاوێکی سووک سەیری ئەم کارە دەکرێ".

سەرەڕای بوونی چەندین مۆدێل و نمایشکاری کچ لە کوردستان، بەڵام دیزاینەرانی کورد بۆ نمایشکردنی بەرهەمەکانیان پشت بە نمایشکاری بیانی دەبەستن، ئەمەش لەیلای نیگەران کردووە" تێناگەم بۆچی تاوەکو ئێستا دیزاینەرەکانمان پەنا بۆ مۆدێل و نمایشکاری بیانی دەبەن، لە کاتێکدا دەیان نمایشکاری باشی کوردمان هەن. من داوا لە دیزاینەرە کوردەکان دەکەم پشت بە نمایشکاری کورد ببەستن، چونکە مۆدێل و نمایشکاری زۆر باشمان هەن، ناکرێت فەرامۆشیان بکەین".

---

## لە کوردستان بە چاوێکی کەم سەیری مۆدێل دەکرێت

---

بڕوا، فۆتۆگرافەرێکی گەنجی شاری هەولێرە و ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ لەیلا کار دەکات، ئەوەی بڕوای زۆر خۆشحاڵ کردووە، خەونی لەیلایە کە هەمیشە بە گوڕوتینێکی زۆرەوە بۆ هێنانەدی خەونەکانی تێدەکۆشێ. بڕوا باسی لەیلا دەکات و دەڵێت "لەیلا نمایشکارێکی سەرکەوتووە، ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشاوم فێسی لەیلایە کە زۆر جوانە بۆ کامێرا، لەگەڵ ئەوەشدا بەژن و باڵای گونجاوە، هاوکات بیرۆکەی زۆر جوانیشی هەیە و هاوکارێکی باشی ئێمەیە".

چرکاندنی وێنە، ئەرشیفکردنی سات و زەمەنێکی دیاریکراوە، بەڵام بۆ لەیلا رەنگە زیاتر لەوە بێت، چونکە لەیلا خەونی گەورەتری لەکۆڵناوە و دەیەوێت ناوبانگی ئەو سنوورەکانی کوردستان ببڕێ.


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
1121
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب


Life
NATUREL SPRING WATER
UBHOLD



## ئافرەتێک خۆی دەکوژێ

**ڕووداو – چەمچەماڵ**

ڕۆژی 2017/10/8 ژنێکی دانیشتووی قەزای چەمچەماڵ خۆی کوشت. عادل ساڵح بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ، ڕایگەیاند دوای ئەوەی ڕۆژی یەکشەممە پۆلیس لە ڕووداوێکی کوشتن ئاگادارکراوەتەوە، تیمەکانیان چوونەتە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمی ئافرەتێکیان هەڵگرتووەتەوە و ڕەوانەی نەخۆشخانەیان کردووە. بە گوتەی پۆلیس ئافرەتەکە گوللەیەک بە سینگییەوە بووە و بە گوتەی شایەتحاڵەکان ئافرەتەکان بە چەکی کەسێکی نزیکی خۆی، خۆی کوشتووە، پۆلیس دەستی بەسەر چەکەکەدا گرتووە. پۆلیس بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی زیاتر لە ڕووداوەکە، تەرمی ئافرەتەکەی ڕەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی کردووە، بەڵام ناسنامەی ئافرەتەکەی ئاشکرا نەکردووە.

# شوفێرێکی تاکسی پەردەداتە کچێکی بیانی

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**



خراپیی گوزەرانی خێزانەکەی شەیما لە مەغریب، ئەو کچەی ناچار کردووە بێتە کوردستان و لە کافتریایەک کار بکات، بەیانییەک لە کاتی چوونی بۆ سەر کارەکەی، لەلایەن شوفێرێکی تاکسییەوە دەبردرێتە دەرەوەی شار، بەڵام ئەو بە زۆر خۆی لە دەستی ڕزگار دەکات و ئێستا شوفێری تاکسییەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە.

شەیما، تەمەن 22 ساڵ، ماوەی دوو ساڵە لە مەغریبەوە هاتووەتە هەرێمی کوردستان،

> بۆ کارکردن هاتووینەتە ئێرە، نەک بۆ لەشفرۆشی
>
> کچێکی بیانی

ئەو هۆکاری هاتنەکەی بۆ (ڕووداو) باس کرد و گوتی: "ئێمە لە مەغریب خێزانێکی گەورەین، بژێوی ژیانمان تەنیا بە باوکمان بەڕێوەنەدەچوو، بۆیە هەژاری ناچاری کردم ڕوو بکەمە کارکردن، بیستم لێرە ئیش هەیە و کرێیەکەشی باشە، بۆیە هاتمە هەولێر، ماوەی دوو ساڵە لە کافتریایەکی ئێرە ئیش دەکەم".

بەڵام ڕۆژی یەکی ئەم مانگە شەیما بەرەوڕووی ڕووداوێکی نەخوازراو دەبێتەوە، کاتێک دەیەوێ بچێتە سەر کارەکەی. شەیما گێڕایەوە "من لە شارۆچکەی عەنکاوە نیشتەجێم، بەیانی زوو دەستم لە تاکسییەک ڕاگرت بۆ ئەوەی بمگەیەنێتە سەر کارەکەم، بەڵام ئەو پیاوە خراپی بەسەرهێنام".

شەیما باسی ئەو پیاوە دەکات و دەڵێت "پیاوێکی بە تەمەن بوو، لە تەمەنی باوکم دەبوو، سەری کەمێک سپی بوو، دوای ئەوەی کەوتینەڕێ، لە ئاوێنەکەوە بینیم بەردەوام تەماشام دەکات، بەس من زۆر بەسەرخۆم نەهێنا. لەناکاو بینیم ڕێڕەوی ڕێگاکەی گۆڕی، لە جیاتی بچێت بۆ کافتریاکە، بە ئاراستەیەکی دیکەدا ڕۆیشت. زۆر ترسام لێمپرسی ڕێگاکەت هەڵە کردووە؟ ئەوە ڕێگای من نییە، بەڵام ئەو زۆر بەبێ شەرمییەوە گوتی تۆ زۆر جوانی دەمەوێ لەگەڵم بیت".

بەگوتەی شەیما، زۆر هەوڵی داوە قەناعەت بەو شوفێرە بهێنێ وازی لێ بێنێ و پێیگوتووە ئەو لەو کەسانە نییە کە بەدوایدا دەگەڕێ، بەڵام شوفێری تاکسییەکە گوێی پێنادات. شەیما دەڵێت "لە شوێنێکدا ئۆتۆمبێلەکەی وەستاند و ڕاستەوخۆ پەلاماری دام، زۆر هەوڵمدا و بەزۆر لەدەستی هەڵهاتم".

شەیما یەکسەر خۆی دەگەیەنێتە بنکەیەکی پۆلیس و سکاڵا لەسەر ئەو پیاوە تۆمار دەکات.

شەیما داوا دەکات پیاوان وەک خوشک و دایکیان بڕواننە کەسانی بیانی نەوەک وەک لەشفرۆش. بەڵام شوفێرێکی تاکسی کە لە هەمان شوێنی تۆمەتبارەکە کار دەکات بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ئافرەتە بیانیانە جلوبەرگیان لەگەڵ دابونەریتی ئێمە ناگونجێت و زۆر ناشەرعییە، هەرچەندە هەر کەس مافی خۆیەتی چ جلوبەرگێک دەپۆشێ، بەڵام دەبێت ئەوانیش ڕێز لە کولتووری ئێمە بگرن".

ئەو شوفێری تاکسییە سەری لەوە سوڕماوە کە هاوڕێکەیان چۆن ئەو کارەی کردووە. ئەو گوتی "(ف) کەسێکی زۆر بەڕەوشت و ڕێکوپێکە، چەندینجار لە مزگەوت بانگی داوە، خاوەن ژن و منداڵە، نازانم چۆن ئەو کارەی کردووە".

(ف.ح.ح) کە تەمەنی 46 ساڵە و ئێستا لە زیندانە، دوای دەستگیرکردنی دانی بە تاوانەکەیدا ناوە کە دەستدرێژی کردووەتە سەر کچە مەغریبییەکە و گوتوویەتی "خۆشم بڕواناکەم چۆن کاری وامکردووە!!".

### بە کامێرای چاودێری دۆزرایەوە

هەر دوای تۆمارکردنی سکاڵاکە، پۆلیس دەستی بە بەدواداچوون کرد. ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی کەیسی ئەو کچە بە (ڕووداو)ی گوت "پاش سکاڵاکردنی ئافرەتێکی بیانی لەسەر ڕفاندن و گێچەڵپێکردنی لەلایەن پیاوێکی تەمەن 46 ساڵان لە شاری هەولێر، ئەفسەر و پۆلیسەکانی نووسینگەی نەهێشتنی تاوان لە عەنکاوە توانیان لەڕێگەی کامێرای چاودێرییەوە بیدۆزنەوە و دەستگیری بکەن. ئێستا تۆمەتبارەکە ڕاگیراوە بەپێی ماددە 421 لە یاسای سزادانی عێراقی.

### ناوێرن سکاڵا تۆمار بکەن

لەبارەی حاڵەتەکانی گێچەڵ و دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتانی بیانی، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت "ئەمە یەکەم حاڵەت نییە کە ڕوودەدات، بەڵام زۆربەی ئافرەتانی بیانی لەکاتی گێچەڵ و توندوتیژی سێکسی بەرامبەریان، بێدەنگی هەڵدەبژێرن و کەمن

### شوفێرەکە لە سێدارە دەدرێ؟

لە ماددە 421 لە یاسای سزادانی عێراقیدا باسی سزای ئەو کەسانە کراوە کە خەڵک دەڕفێنن، یان دەستدرێژی دەکەنە سەر کەسێک. لەوێدا هاتووە: "سزا دەدرێت بە لە سێدارەدان هەر یەکێک کەسێک دەستگیر بکات یان دەستبەسەری بکات، یان بێبەشی بکات لە ئازادی، جا بە هەر وەسیلەیەک بێ و بەبێ ئاگاداری دەسەڵاتی تایبەتمەند بێ".

یاساکە لە هەندێک حاڵەتدا سزاکەی بە بەندکردن دیاری کردووە کە تاوەکوو 15 ساڵ دەچێت. یەکێک لەو حاڵەتانەش لە ماددەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە: "ئەگەر مەبەست لەو کارە دەستدرێژی بۆ سەر نامووسی تاوانلێکراو یان تۆڵەکردنەوە بێ لێی".

> چەندینجار لە مزگەوت بانگی داوە و خاوەن ژن و منداڵە. نازانم چۆن ئەو کارەی کردووە!
>
> هاوڕێیەکی شۆفێرەکە

ئەوانەی کە دێنە لای ئێمە و سکاڵا تۆمار دەکەن. هۆکارەکەشی ترسانیانە و وا دەزانن ئەگەر سکاڵا تۆمار بکەن، دواتر کێشەی دیکەیان بۆ دروست دەبێت، چونکە ئەوان لە وڵاتی خۆیان نین، بەڵام ئێمە دڵنیایان دەکەینەوە ئەگەر بەرەوڕووی حاڵەتێکی لەو شێوەیە بوونەوە و سکاڵایان تۆمار کرد، دڵنیا بن مافیان نافەوتێ، کەسی تاوانبار ئەگەر تاوانەکەی زۆر گەورە بێ، ڕەنگە لە سێدارە بدرێ".

ئەو ئافرەتە بیانیانەی لە هەولێر و سلێمانی قسەیان بۆ (ڕووداو) کردووە، نایشارنەوە ناوبەناو بەرەڕووی دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی دەبنەوە.

سی هوای کچێکی چینیی تەمەن 26 ساڵە، ماوەی شەش ساڵە هاتووەتە سلێمانی و لە کاسۆ مۆڵ کاردەکات، دەڵێت "سەرەتا زۆر بە خەڵکی نامۆ بووین، توانجی زۆرمان لێدەدرا و داوای ژمارە مۆبایلیان لێدەکردین. ئێمە زیاتر لە سەت کچین کە بۆ کارکردن هاتووین، هەموومان سەرەتا تووشی توانجلێدان و گێچەڵی سێکسی بووین. بەڵام نەماندەوێرا سکاڵا تۆمار بکەین، ئێستا چاومان کراوەتەوە و لە هەر حاڵەتێکی وا پەنا دەبەینە بەر پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان و ئەوانیش پشتگیریمان دەکەن، بۆیە ئێستا کەمتر گێچەڵی سێکسیمان پێدەکرێت. خەڵکیش لەوە تێگەیشتوون کە ئێمە بۆ کارکردن هاتووینەتە ئێرە، نەک بۆ لەشفرۆشی".

# کچێکی 30 ساڵان لە کەلار خۆی دەسووتێنێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**



ئەژینی تەمەن 30 ساڵان لە هەموو خوشکەکانی دیکەی بچووکتر بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی 3 خوشکەکەی دیکەی هاوسەرگیرییان کردبوو، ببووە کچی گەورەی ماڵەوە، ئەو نزیکەی 10 ساڵ بوو وازی لە خوێندن هێنابوو، خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتکردنی دایک و براکەی، بەگوتەی کەسوکارەکەی، چەند مانگێک بوو بێتاقەت و کەمدوو بوو، تاوەکو دواجار لە سەربانی ماڵەکەی خۆیان نەوتی بەخۆیدا کرد و خۆی سووتاند.

کامەران محەممەد کە یەکێکە لە ئامۆزاکانی ئەژین، زۆر پەسنی ئەژین دەدات و دەڵێت "کچێکی زۆر باش بوو، خۆشەویست بوو لەلای هەمووان، بەتایبەتی دایک و براکەی زۆریان خۆشدەویست، چونکە دوای ئەوەی باوکی ژنی دووەمی هێنا و بەجێیهێشتن، ئەژین خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتکردنی دایک و براکەی، بەردەوام سەرقاڵی کاری ناوماڵ بوو، سەردانی خزمەکانی نەدەکرد و زۆربەی کات لە ماڵەوە بوو، زۆر بە کەمی خزم و کەسوکار دەیانبینی".

ئەژین ئێوارەی ڕۆژی 2017/9/8 دەچێتە سەربانی ماڵەکەی خۆیان و دەبەیەک نەوت بەخۆیدا دەکات و خۆی دەسووتێنێ، بەو هۆیەوە گیان لەدەست دەدات. کامەران محەممەد لەبارەی ڕووداوەکەوە دەڵێت: "ئەو ئێوارەیە تازە لەسەر کار گەڕابوومەوە، لەناکاو کوڕەکەم هات و هاواری کرد و گوتی دادە ئەژین خۆی سووتاند، بەپەلە ڕامکردەوە دەرەوە و بەرەو ماڵی ئەوان ڕۆیشتم کە چەند خولەکێک لە ماڵی ئێمەوە دوورە، بینیم خەڵکی گەڕەکەکە کۆبوونەتەوە، دواتر بە ئەمبوڵانس ئەژینیان ڕەوانەی نەخۆشخانەی سووتاوی لە سلێمانی کرد، بەڵام بەداخەوە بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی و سەختیی برینەکەی، دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو".

### "لە ژیان بێزارم"

کامەران کە وەک خۆی دەڵێت بەردەوام سەردانی کردوون و کەموکوڕییەکانی ژیانی بۆ پڕکردوونەتەوە، نایشارێتەوە چەند مانگێک بووە ئەژین بێتاقەت و نیگەران هاتووەتە پێش چاو و وەک پێشتر نەبووە. کامەران گوتی "نزیکەی سێ مانگ بوو ئەژین گۆڕابوو، زۆر بێتاقەت بوو، تەنانەت قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد، هەستم دەکرد باری دەروونی تێکچووە، بۆیە چەند جارێک لەبارەی هۆکاری بێتاقەتی و قسەنەکردنی لەگەڵ ئامۆژنم قسەم کرد، بەڵام ئەویش دەیگوت نازانم بۆ ئاوایە، تەنانەت باسی هیچ شتێک بۆ منیش ناکات، تەنیا دەڵێت من لەم ژیانە بێزارم".

ئەو ئامۆزایەی ئەژین دەڵێت بەهۆی ئەم ڕەشبینی و تێکچوونە دەروونییەی چەند جارێک داوایان لە ئەژین کردووە سەردانی پزیشکی دەروونی بکات، بەڵام بەقسەی کەسی نەدەکرد و ڕەتی دەکردەوە بچێتە لای پزیشکی دەروونی.

ئەژین سێ خوشکی هەیە و کچی بچووکی ماڵەوە بوو، هەرسێک خوشکەکەی شوویان کردووە و تەنیا خۆی لە ماڵەوە مابوو، پێدەچوو بەهۆی زۆر بیرکردنەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبێت. کامەران دەڵێت "چەند ڕۆژێک پێش خۆسووتاندنی، ئەژینم بینی ڕەنگ زەردهەڵگەڕاو و بێتاقەت بوو، زۆر هەوڵمدا تا پێم بڵێت کێشەی چییە؟ بەڵام ئارەزووی قسەکردنی نەبوو، هەستم پێدەکرد کە لە ناخەوە زۆر خەفەت بە شتێک دەخوات و نایدرکێنێ، بەداخەوە ئەو نهێنییەی هەر نەدرکاند".

یەکێک لە دراوسێکانی ماڵی ئەژین کە نەیویست ناوی بهێنرێت، ڕووداوەکە و دیمەنی سووتانی ئەو کچە 30 ساڵانە بەبەرچاوی خەڵکەوە بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ئێمە لە ماڵەوە دانیشتبووین، ئێوارە بوو، لەناکاو دووکەڵ لە سەربانی ماڵی ئەژین بەرز بووەوە، بینیم شتێکی وەک تۆپەڵێک ئاگر لە سەربانەکە بەخێرایی دەجووڵا، هیچ دەنگێکم نەبیست، بەڵام کاتێک نزیکتر بوومەوە زانیم ئەوە کەسێکە دەسووتێت، ئینجا گوێم لە ئەژین بوو کە بەدەم هاوار و زریکەوە لەمسەر بۆ ئەوسەری سەربانەکە ڕایدەکرد و ئاگرەکەش زیاتر تەشەنەی دەسەند، کاتێک ئەو دیمەنەم بینی، منیش هاوارم کرد و داوام کرد فریای بکەون، خۆشم بەرەو ماڵی ئەژین ڕامکرد، هێشتا دایکی نەیزانیبوو".

ئەو شایەتحاڵەی دراوسێیان باس لەو دیمەنە تراژیدییەی سووتانی ئەژین دەکات و دەڵێت "کە گەیشتمە سەربانەکە، بینیم وەک بەفر دەتوێتەوە، قژ و جلوبەرگەکانی بە جەستەیدا دەتوانەوە، ئیتر خەڵکی گەڕەکەکە کۆبوونەوە و بە هەموومان ئاگرەکەمان کوژاندەوە، بەپەلە ئەژینمان خستە نێو بەتانییەک و بردمانە نەخۆشخانە، بەڵام بەشی زۆری جەستەی سووتابوو، لەتاو ئازاری جەستەی لەهۆش خۆی چووبوو".

> بینیم جەستەی وەکو بەفر دەتوایەوە
>
> دراوسێیەکیان

لەبارەی ڕووداوەکەوە عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە گەرمیان بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێوارەی ڕۆژی 2017/9/8 کچێکی تەمەن 30 ساڵ لە سەربانی ماڵەکەی خۆیان لە شارۆچکەی کەلار دوای ئەوەی نەوتی بەخۆیدا کردووە، خۆی سووتاند، دواتر لە نەخۆشخانە گیانی دەرچووە".

بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە گەرمیان گوتیشی "دوای ڕووداوەکە بەدواداچوونیان کردووە و پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ کراوەتەوە، گوتەی کەسوکاری کچەکەش وەرگیراوە، ئەوان دەڵێن نازانن هۆکاری خۆسووتاندنی کچەکەیان چییە؟، بەهۆی ڕووداوەکەشەوە هیچ کەسێک دەستگیر نەکراوە و چاوەڕێی بڕیاری دادگاین".

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (476) - دووشەممە 2017/10/9



## پزیشکێکی ددان خۆی دەخنکێنێ

**ڕووداو- هەولێر**

پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند پزیشکێکی ددان لە ماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێر کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر لە پەیجەکەیاندا لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاویان کردووەتەوە کە ڕۆژی "کاژێر شەشی بەیانی ڕۆژی 2017/10/5 پۆلیس لە ڕووداوێکی نەخوازراو لە گەڕەکی کرێکارانی شاری هەولێر ئاگادارکراوەتەوە، دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداو، دەرکەوت گەنجێک بە ناوی (هاوڕێ عومەر سوڵتان)، تەمەن 35 ساڵ کە دکتۆری ددان، دوای ئەوەی چووەتە ژوورەکەی خۆی بە پەتێک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە". پۆلیس تەرمەکەی ڕەوانەی دادپزیشکی کرد و پەڕاوی لێکۆڵینەوەشی بۆ ڕووداوەکە کردەوە.



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## ژنهێنان بە نهێنی

زوو زوو کەسێک بە ئافرەتەکەی دەگوت، هاوژینەکەت دەستی لەگەڵ ئافرەتی دیکە تێکەڵ کردووە و خیانەتت لێ دەکات، بەڵام ئەو باوەڕی نەدەکرد، کاتێکیش ئەو باسەی لەگەڵ هاوژینەکەی دەکردەوە، ئەو نکۆڵی لێدەکرد. دواتر دەرکەوت ئەو پیاوە دەستی لەگەڵ ئافرەتێکی دیکە تێکەڵ کردووە.

ئەو ئافرەتە کە دۆسیەکەی هێنرایە لای ئێمە، سکاڵای ئەوەی لە هاوژینەکەی هەبوو کە ناپاکیی لەگەڵ کردووە. ئەو ئافرەتە گێڕایەوە "زۆر کەس پێیاندەگوتم کە هاوژینەکەم دەستی لەگەڵ ئافرەتی دیکە تێکەڵ کردووە، بەڵام من باوەڕم نەکرد، چەند جارێکیش ئەو بابەتەم لەگەڵ کردووە کە خەڵک لە دەرەوە وا دەڵێن، بەڵام ئەو نکۆڵی لێدەکرد، تاوەکو ڕۆژێک بە چاوی خۆم بینیم. ڕۆژێکیان خستمە ژێر چاودێرییەوە، بینیم لەگەڵ ئافرەتێک پێکەوە چوونە نێو خانوویەک".

ئەو ئافرەتە یەکسەر پەنا بۆ دادگا دەبات و سکاڵا لەسەر هاوژینەکەی تۆمار دەکات و دەڵێت بە چاوی خۆی هاوژینەکەی بینیوە لەگەڵ ئافرەتێک چوونەتە نێو خانوویەک، شایەتیشی هەن و ئامادەن شایەتی بدەن، بەڵام بە نهێنی. دادگا لەسەر بنەمای قسەی ژنەکە بانگی شایەتەکان دەکات و گوتەیان لێوەردەگرێ، ئەوانیش قسەی ژنەکە پشتڕاست دەکەنەوە. بۆیە دادگا بڕیاری دەستگیرکردنی پیاوەکە و ژنەکە دەدات بەپێی مادده 377 لە یاسای سزادانی عێراقی کە تایبەتە بە خیانەتی هاوژینی. بەڵام دوای دەستگیرکردنی پیاوەکە، دەرکەوت ئەو ژنەی لەگەڵی بینراوە، ژنی خۆیەتی و بە دزیی ژنی یەکەمی، هێناویەتی. بۆ ڕاستی و دروستیی قسەکانیشی، گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەی پێشکەشی دادگا کرد، کاتێک دادوەر گرێبەستەکەی بینی، بڕیاری ئازادکردنی ئافرەتەکەی دا. هەروەها ماددەکەشی لە خیانەتی هاوژینییەوە گۆڕی بۆ هێنانی ژنی دووەم بەبێ ڕەزامەندی ژنی یەکەم.

ئەو ئافرەتە ناهەقی نەبوو کە یەکسەر تۆمەتی خیانەتی دابووە پاڵ هاوژینەکەی، چونکە پێشتر چەند جارێک پرسیاری لێکردبوو، بەڵام ئەو پیاوە نکۆڵی لەوە کردبوو کە پەیوەندی لەگەڵ هیچ ژنێکدا هەبێ، دواتریش دەرکەوت کە بەبێ ئاگاداری ژنی یەکەم، ژنێکی دیکەی هێناوە. ئەو پیاوە دەبووایە پرس بە ژنەکەی بکات بۆ هێنانی ژنی دووەم، لە کاتێکدا ئەوەشی نەکردووە، دەکرا نهێنییەکە لەلای ژنەکەی بدرکێنێ و کێشەکە بە هێمنی چارەسەر بکات.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتەکە ئێستاش مافی ئەوەی هەیە سکاڵا لەسەر هاوژینەکەی تۆمار بکات، ئەویش بەپێی مادده 3 لە یاسای باری کەسی کە دەڵێت: "هەر کەسێک گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ زیاتر لە ژنێک کرد بە پێچەوانەی بڕگەکانی (ا ب ج د ه)ی ئەو ماددەیە، ئەوە سزا دەدرێ بە بەندکردن کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە ساڵێکیش زیاتر نەبێ، هەروەها غەرامە دەکرێ بە بڕی 10 ملیۆن دینار".

هەر بەپێی یاسای باری کەسی، ئەو ژنە دەتوانێ داوای جیابوونەوەش لە هاوژینەکەی بکات و هەموو مافەکانیشی لێ وەربگرێ، چونکە لە مادده 40ی یاساکەدا هاتووە: "ئەگەر مێرد، بەبێ ڕەزامەندی ژنی یەکەم، ژنێکی دیکەی هێنا. ئەوە ژنی یەکەم مافی داواکردنی جیابوونەوەی هەیە و مافەکانیشی لە مێردەکەی وەردەگرێ".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

### 5 ساڵە لە سلێمانی دەژیت

# پیاوێکی چینی بەدوای ژنێکی کورددا دەگەڕێت



ئەکین نۆ سلێمانی لەلای من بەهەشتی سەر زەوییە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – سلێمانی**

تا دوێنێ خەمی گەورەی ئەکین نۆ پەیداکردنی پاروە نانێک بوو بۆ منداڵەکانی کە لە چین بە زەحمەتییەکی زۆر دەستدەکەوێ، بەڵام ئەو ئێستا کێشەی پەیداکردنی نانی نەماوە و لە شاری سلێمانی ئیشی باشە، ئێستا خەمی گەورەی ئەو، دووبارە پێکەوەنانی خێزانە، بەڵام ئەمجارەیان دەیەوێ ببێتە زاوای کوردان.

ئەکین نۆ، پیاوێکی چینیی تەمەن 65 ساڵە، ماوەی پێنج ساڵە لەگەڵ سێ کوڕەکەی زێدی خۆیان جێهێشتووە و هاتوونەتە کوردستان. ئەوان ئێستا لە سلێمانی دەژین و لە مۆڵێکی شارەکە دووکانێکی فرۆشتنی عەتریان داناوە.

ئەکین لە نێو مۆڵەکە بە پیاوە شیکەکە نێودەبرێ، ریشێکی کەمێک درێژی هەیە و بەردەوام بۆنی خۆش لە خۆی دەدات و کڵاوێک لەسەر دەکات. ئەو دەڵێت لە کوردستان هیچ کێشەیەکی نییە، تەنیا یەک ئامانجی هەیە، ئەویش ئەوەیە ژنێکی کورد بخوازێ.

ئەکین نۆ باسی هۆکاری هاتنی خۆی و کوڕەکانی بۆ کوردستان دەکات و دەڵێت "لە وڵاتی خۆم کار کەمە و بەرامبەر بە بڕە پارەیەکی زۆر کەمیشە. پارەکە هێندە کەمە ناتوانین بژێوی ڕۆژانەمانی پێ دابین بکەین، لە ژیانمدا زۆر کاری سەختم کردووە، گەنجی ئەو سەردەمە لە خەویشدا پێی ناکرێ".

ئەکین نۆ گلەیی لە خەڵکی کوردستان هەیە و بە خەڵکێکی کارنەکەر وەسفیان دەکات و دەڵێت: "لە وڵاتی ئێمە پاروە نانێک بەرامبەر لەکۆڵنانی 10 بلۆکە، بۆیە قەدری پارە و ماڵ و هەموو شتێک زۆر دەگرن، بە سەتانمان ڕوومان لە هەرێمی کوردستان کردووە بۆ دەستکەوتنی پارەیەک کە لێرە کەس قبوڵی نییە بەو پارەیە کاربکات".

ئەکین هەروەها دەڵێت: "بەهۆی کاری سەخت توانیومە لەسەر پێیەکانم بوەستم و ژن و ماڵ و منداڵ بەڕێوەببەم، زۆر شت بە خەیاڵمدا دەهات، بەڵام هەرگیز بیرم لە دوورە وڵاتی نەدەکردەوە، چونکە زۆر لە غەریبی و هەڵسوکەوتی خەڵکانی بیانی دەترسام. ئەوەی چاوەڕێی نەبووم سەفەرکردنم بوو".

> ئەگەر ژنێکی کورد بخوازم هەتا مردن لێرە دەمێنمەوە
>
> ئەکین نۆ

ئەکین دەڵێت کوڕە تەمەن 37 ساڵەکەی تێکەڵاوی لەگەڵ ئەو بازرگانانەی کوردستان هەبوو کە بۆ کڕینی کاڵا دەچوونە چین، پرسیاری لەبارەی کارکردن لە کوردستان لەو بازرگانانە کردبوو، پاشان بڕیار دەدەن بێنە کوردستان.

ئەکین دەڵێت "هاتنم بۆ کوردستان بیرۆکەی کوڕە گەورەکەم بوو کە بازرگانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و چین دەکات. ئەو پێیگوتم کورد دێن لێرە کەلوپەل دەبەن، بۆچی ئێمە نەچین بۆ کوردستان و لەوێ کاربکەین؟ بەرهەمی خۆمان دەبەین و لەوێ دەیفرۆشین، منیش ڕازی بووم".

ئەکین ماوەی پێنج ساڵە لە سلێمانییە و نەگەڕاوەتەوە چین، تەنیا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئاگاداری هەواڵەکانی وڵاتەکەیەتی. بەڵام تەواو هۆگری کوردستان بووە و دەڵێت: "سەرەڕای ئەو هەموو کێشە و قەیرانە، سلێمانی وەک کچێکی جوانی نازدار دەبینم، لای من سلێمانی بەهەشتی سەر زەوییە و دڵم نایە بەجێیبێڵم".

ئەوەی ئەکین بەدوایدا دەگەڕێ و مەبەستیەتی، ئەگەر بۆی مەیسەر ببێ، ئەوە بە یەکجاری لە کوردستان نیشتەجێ دەبێ. ئەکین لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە و ئێستا دەیەوێ ژنێکی کورد بخوازێ. ئەو دەڵێت: "حەز بە ژنی کورد و خواردنی کوردی دەکەم، چەند جارێکیش هەوڵمداوە، بەڵام نەبووەتە قسمەت. ئەگەر ژنێکی جوان لە کوردستان هاوسەرگیریم لەگەڵ بکات، هەتا مردن لەلای دەمێنمەوە و ناگەڕێمەوە بۆ چین".

# مووچەی خانەنشینییەکەی وەرگرت و نەگەڕایەوە

**ڕووداو – هەولێر**

دوای ئەوەی خشتەی دابەشکردنی مووچەی فەرمانگەکەی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاودەکرێتەوە، ڕۆژی دواتر پیرۆت ئەحمەد لە شارۆچکەی سەنگەسەری سەر بە قەزای پشدەرەوە بەڕێدەکەوێ بۆ هەولێر. دوای وەرگرتنی مووچەی خانەنشینییەکەی، لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا کۆتایی بە ژیانی دێ، کەسوکارەکەی دەڵێن کوژراوە، بەڵام پۆلیس دەڵێت خۆی کوشتووە.

ئێوارەی ڕۆژی 2017/10/5 پیاوێکی تەمەن 64 ساڵ بەناوی پیرۆت ئەحمەد محەممەد، دانیشتووی شارۆچکەی سەنگەسەری سەر بە قەزای ڕانیە، لە گەڕەکێکی شاری هەولێر لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا کۆتایی بە ژیانی هات.

پیرۆت، پێشمەرگەیەکی خانەنشینکراوی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، ئەو ڕۆژە هاتووەتە هەولێر بۆ ئەوەی لە بانکێکی شارەکە، مووچەی خانەنشینییەکەی وەربگرێ، بەڵام بە زیندوویی نەگەڕایەوە نێو ماڵ و منداڵەکەی.

پیرۆت کە خاوەنی حەوت منداڵە (کچێک و شەش کوڕ)، جگە لەوەی پێشمەرگەی خانەنشین بوو، لە نێو ماڵەکەیدا دووکانی بەرگدرووی هەبوو.

بایز مەولود، ئامۆزا و هاوڕێی پیرۆت بە (ڕووداو)ی گوت: "پیرۆت کەسێکی باش بوو، تەنیا خەریکی کاری خۆی بوو، کە دەڕۆیشتە سەرمەکینەی خەیاتیەکەی تا ئێوارە درەنگ هەڵنەدەستا، دوکانەکەی لەناو ماڵی خۆی بوو، لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی زۆر ڕێک بوون و باری ئابووریشی باش بوو".

بایز باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە ئامۆزاکەی تێدا کوژرا و دەڵێت "ئەو ڕۆژە (پیرۆت) لە سەنگەسەرەوە چوو بۆ هەولێر تاوەکوو مووچەی خانەنشینییەکەی وەربگرێت، دوای وەرگرتنی مووچەکەی سەردانی نەخۆشێکی کردبوو لە نەخۆشخانە. دوای نیوەڕۆیەکەی ئەو ڕۆژە ویستبووی بازاڕ بکات، بەڵام دواتر پەیوەندیان پێوەکردین کە بایز کوژراوە".

بایز گوتی: "سەعات هەشتی شەو تەلەفۆنیان بۆ کردین، گوتیان بایز تووشی ڕووداوێک بووە و لە نەخۆشخانەیە. کە گەیشتینە نەخۆشخانە، هەموو ئیشێکیان بۆ کردبوو، نەشتەرگەرییان بۆ کردبوو، چوار بوتڵ خوێنیان تێکردبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی برینەکەی قورس بوو، گوللە بەر سەری کەوتبوو، گیانی دەرچوو".

هەرچەندە گومان دەکرێ خۆی کوشتبێ، بەڵام ئامۆزاکەی ئەو گومانە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت کوژراوە، بەڵام نازانێ لەلایەن کێ و بۆچی کوژراوە؟

بایز دەڵێت: "ئێمە نازانین کێ ئەو تاوانەی کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە هیچ کەسێک لە بنەماڵەکەمان کێشەی لەگەڵ کەس نییە و لەناوخۆماندا زۆر تەباین و وەستا پیرۆتی ئامۆزاشم هیچ کێشەیەکی نەبووە و قەتیش حەزی لە هەڵگرتنی چەک نییە، بۆیە دەڵێین کوژراوە، ڕەنگە لەلایەن کەسێکەوە بە هەڵە کوژرابێ، یان کەسێکی دوژمندار بە هەڵە کوشتبێتی و وایزانیبێ دوژمنەکەیەتی، هیوادارین دەزگا ئەمنییەکانی هەولێر ڕاستی ڕووداوەکەمان بۆ ئاشکرا بکەن و ئێمەش ئاسوودەبین".

بەپێی زانیارییەکان، گوللەیەک بەر لای چەپی سەری پیرۆت کەوتووە و لەلای ڕاستی سەری دەرچووە، لە نزیک شوێنی ڕووداوەکەش، دەمانچەیەک و چەند پارچە حەبێک دۆزراونەتەوە، بەڵام بایز ڕەتیکردەوە کە پیرۆتی ئامۆزای چەکی هەبووبێ، بۆیە گومان دەکات کەسێک کوشتبێتی.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "سەرلەئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە 2017/10/5 دوای ئەوەی ئاگاداریان کردینەوە کە پیاوێک لە نزیک بازاڕی نیشتیمانی شاری هەولێر کەوتووە و گوللەیەکی بەرکەوتووە، دەستبەجێ پۆلیس گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و پیاوەکەیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانە، هەرچەندە لە نەخۆشخانە نەشتەرگەی بۆ کرا و چوار بوتڵ خوێنیشی تێکرا، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەی، گیانی دەرچوو".

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش، ڕائید هۆگر گوتی "نازانین هۆکاری ڕووداوەکە چییە، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەو پیاوە خۆی کوشتووە، گوللەیەک بەر سەری کەوتووە، پۆلیس لە شوێنی ڕووداوەکە چەند پارچە حەبێک و دەمانچەیەکی دۆزیوەتەوە".

پیرۆت ئەحمەد کادیری پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، لە ڕێگەی ئەو حیزبەوە خانەنشینی پێشمەرگەی بۆ کراوە. ئەوانیش دوای ڕووداوەکە دەیانەوێ وەڵامی ئەو پرسیارەیان دەستبکەوێ کە ئایا پیرۆت کوژراوە یان خۆی کوشتووە.

باپیر کامەلا، سکرتێری پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران بە (ڕووداو)ی گوت: "کاک پیرۆت هەڵسوڕاوی ئێمە بوو، پێشمەرگەیەکی خانەنشین بوو، دوای ئەوەی مووچەی خانەنشینییەکەی وەرگرتووە، تووشی ئەو ڕووداوە بووە، ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە کۆڵانێکی نزیک بازاڕی نیشتیمان گوللەیەک بەر سەری کەوتووە، دواتر لە نەخۆشخانە گیانی دەرچووە".

باپیر کامەلا کە سەرۆکی فراکسیۆنی ئاراستەی سێیەمە لە پەرلەمانی کوردستان، باسی هەڵوێستی حیزبەکەی دەکات و دەڵێت: "ئێمە وەکو حیزب هەر دوای ئەوەی هەواڵمان بۆ هات، گەیشتینە نەخۆشخانە و لەگەڵ کەسوکارەکەی بووین تاوەکو ناشتمان، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆ ئێمە ڕوون نییە کە ئایا خۆی کوشتووە یان کوژراوە، هەر کاتێک دەرکەوت کەسێک دەستی لەو تاوانەدا هەیە، ئەوە هەڵوێستی خۆمان ڕادەگەیەنین، بەڵام لە هەموو بارێکدا هاوکاری پۆلیس و دادگا دەبین بۆ دۆزینەوە و دەستگیرکردن و دادگایی تۆمەتبار".



پیرۆت ئەحمەد کادیری پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران بوو

## دەنگدانی ئەلیکترۆنی، سەرکێشی و ئەنجامێک لە سەرووی پێشبینییەکانەوە

# عێراق و هەرێمی کوردستان.. بەراوردێک لە نێوان دەنگدانی دەرەوەی وڵات



ئیسماعیل حەمەعەلی خورماڵی*

ئەنجوومەنی کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، لە مانگی دیسەمبەری 2014 دا متمانەی پێدرا و بەفەرمی دەستبەکار بوو، بەڵام بەهۆی قەیرانە کارگێڕی و دارایی و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، پرۆسەی دامەزراندن و بنیاتنانی ژێرخانی کۆمیسیۆن دواکەوت. لە 2017/3/13 فەرمانی هەرێمی بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەرچوو، دواتریش دامەزراندنی فەرمانبەرەکانی دیکەی کۆمسیۆن دەستی پێکرد. یەکەمین ئەزموونی کردارەکی کۆمیسیۆنیش پرۆسەی گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان بوو لە 2017/9/25. واتە کەمتر لە شەش مانگ لەبەردەم کۆمیسیۆندا بوو بۆ پرۆسەیەکی گرنگ و مێژوویی وەک گشتپرسی لە ڕووبەرێکی فراوان و جوگرافیایەکی نائارام و پڕ مەترسی و لە فەزایەکی دابەشبووی سیاسی و پڕ کێشەی وەک ئێستای کوردستاندا. ئەگەرچی هیچ کارێکی مرۆڤ بەدەر نییە لە کەموکورتی، بەڵام بەگەواهیی چاودێرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، کۆمیسیۆن ئەزموونێکی سەرکەوتووی پێشکەش کرد. ئەم ئەزموونە ئەوەندە خاڵ و گۆشەنیگای پرشنگداری تێدایە، بەشی ئەوە دەکات چەندین وتاری لەسەر بنووسرێت، لێرەدا تەنیا تیشک دەخەینە سەر پرۆسەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی بۆ کوردستانیانی دەرەوەی وڵات.

دەگوترێت سەرکردە و بەڕێوەبەری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە بتوانێت ئەو سامانە (ماددی و دارایی و مرۆیی)یەی لەبەر دەستیدایە بەشێوەیەکی باش سوودی لێوەرگرێت. کەمترین کات، کەمترین تێچوون، زۆرترین بەرهەم بە کوالێتییەکی بەرز. زۆرجار پڕۆژەیەک بە بەراوردکردنی بە پڕۆژەیەکی هاوشێوەی هەڵدەسەنگێنرێ، بەڵام پرۆسەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی یەکەمین ئەزموونە لە مێژووی کوردستان و عێراقدا، ئەزموونەکەش لە ئاست و کوالێتییەکی بەرزدا بوو.

> **تێچووی دەنگدانی ئەلیکترۆنی 62 هەزار دۆلار بوو**

ئەمەیە ئەو داهێنانەی کە کۆمیسیۆنی کوردستان خاوەنیەتی، چونکە لە عێراق و کوردستان، دەنگدەرانی دەرەوەی وڵات تەنیا لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا توانیویانە بەشدار بن و لە هیچ هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی کوردستان و پارێزگاکاندا نەیانتوانیوە بەشداری بکەن. بەشداریکردنەکەش بەشێوازی کلاسیکی و بەتێچوونێکی زۆر و دروستکردنی ئەرکێکی زۆر بووە بۆ دەنگدەر.

### چۆن ئەو بیرۆکەیە لەدایک بوو؟

ڕۆژێک دوای بڕیاردان لە دیاریکردنی وادەی گشتپرسی لە ڕۆژی 2017/9/25، دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی ئەنجوومەنی کۆمیسیارانی کرد بۆ گفتوگۆ لەسەر بابەتی گشتپرسی و وردەکارییەکانی. هەفتەی دواتریش بەهەمانشێوە شاندێکی ئەنجوومەن بۆ گفتوگۆی بودجە و کارەکانی دیکە لەگەڵ دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە، یەکێک لەو تەوەرانەی بەگرنگییەوە باسی لێوە کرا، دەنگدانی کوردستانیانی دەرەوە بوو. لەو کۆبوونەوەیەدا چەند بیرۆکە و سیناریۆیەک خرانەڕوو، شەرەفمەندم بۆ یەکەمجار بیرۆکەی دەنگدانی ئەلیکترۆنیم خستە سەر مێزی گفتوگۆ و داکۆکیم لێکرد. سەرەتا وەک کارێکی ئەستەم و پڕ مەترسی باسی لێوە کرا و تەنانەت هەندێ لە هاوڕێکانیشم پێیانوابوو کە ئەستەمە بتوانین ئەو کارە بە سەرکەوتوویی بکەین. چونکە زۆر لە وڵاتان وازیان لەو جۆرە دەنگدانە هێناوە لەبەر مەترسیی هێرش و هاککردن و لەکارخستن و گۆڕینی داتاکان، بەڵام پێداگریمان لەسەر کرد و دڵنیاییمان دا کە دەتوانین بە تێچوونێکی کەم و لەکاتێکی پێوانەیی کەمدا کارەکە جێبەجێ بکەین.

لەماوەیەکی زۆر کورتدا پڕۆژەکەمان بەسەرجەم قۆناغ و وردەکارییەکانییەوە ئامادە کرد، دەستمان کرد بە گفتوگۆ لەگەڵ کۆمپانیای تایبەتمەند بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە. بەلامانەوە گرنگ بوو سوود لە کۆمپانیای خۆماڵی وەرگرین تا لەحاڵەتی بوونی گوشاردا بەدوور بین لە مەترسیی پاشەکشەکردن لە پڕۆژەکە. قۆناغی یەکەمی پڕۆژەکە کۆمپانیای (دۆت نێت) جێبەجێی کرد بە پشتبەستن بە تۆماری دەنگدەرانی کۆمیسیۆن کە لەسەر بنەمای فۆرمی خۆراک بوو. لەماوەی (20) ڕۆژدا کەمتر لە سێ هەزار کەس خۆیان تۆمار کرد، چونکە زۆربەی ئەوانەی لە دەرەوەی کوردستان بوون فۆرمی خۆراکیان نەبوو، لەکاتێکدا لە ئاهەنگ و کەرنەڤاڵەکانی پشتگیریی گشتپرسیدا لە وڵاتان ژمارەیەکی زۆری کوردستانیان بەشدارییان دەکرد و بەجۆش و خرۆشەوە چاوەڕوانی ڕۆژی دەنگدانیان دەکرد، بەڵام لەم سیستەمەدا ڕێگایان پێنەدەدرا. ئەمەش وایکرد گوشار لەسەر ئەنجوومەن دروست بێت بە پەیوەندیی بەردەوام و شێوازی جیاجیا تا هەلی دەنگدانیان بۆ بڕەخسێنرێت و بتوانن لەو پرۆسە مێژووییەدا دەنگیان هەبێت.

### بڕیارە هەستیارەکە

لەپێناوی ڕەخساندنی هەل بۆ دەنگدەران، ئەنجوومەنی کۆمیسیاران لە 2017/9/14 بڕیاریدا بە پشتبەستن بە داتاکانی ڕەگەزنامەی عێراقی دەست بە پرۆگرامێکی دیکە بکات. ئەو ئەرکەش بە من سپێردرا. ئەگەرچی وەک شانازییەکی گەورە لەو ئەرکەم دەڕوانی، بەڵام کارێکی پڕ مەترسی بوو بۆ پرۆسەیەکی ئاوها گرنگ کە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، نەیارێکی زۆری هەبوو. تەنیا چەند ڕۆژێکیش لەبەردەست بوو، بەڵام خۆشەویستیم بۆ کارەکەم و گەورەیی پرۆسەکە هاندەر بوو کە هەموو کات و تواناکانمی بۆ تەرخان بکەم. بەزوویی لەگەڵ کۆمپانیاکان گفتوگۆمان کرد و سەرەنجام لەگەڵ کۆمپانیای (ئەوڕۆ سۆفت) گەیشتینە ئەنجام کە بەخێرایی دەست بەکارەکان بکەین، ئەوەی کە زۆر جەختمان لەسەر دەکردەوە لایەنی سکیوریتی پرۆسەکە بوو. پاش هەفتەیەک سیستەمەکە بەتەواوەتی ئامادە بوو و دەستکرا بە تێستکردنی. لە 2017/9/23 پڕۆژەکە چووە بواری جێبەجێکردن و لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەوە دەستکرا بە خۆتۆمارکردن و دەنگدان. یەکەمین کاتژمێری دەنگدانی ئەلیکترۆنی میدیاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد. هێشتا لە کوردستان مقۆمقۆی کردن و نەکردنی گشتپرسی گەرم بوو، ئێمە بەکردەیی دەستمان کرد بە پرۆسەکە.

### لە ماوەی سێ ڕۆژدا چی کرا؟

ژوورێکی عەمەلیاتمان پێکهێنا لە چەند فەرمانبەرێکی کۆمسیۆن و بەهەماهەنگی لەگەڵ فەرمانبەرانی کۆمپانیای (ئەوڕۆ سۆفت)، تیمەکان بەشەونخونی و لێبڕانێکی زۆر کاری گەورەیان ئەنجامدا بۆ سەرخستنی ئەم پڕۆژەیە، سێ ژمارە مۆبایل بە ڤایبەر و واتس ئاپ و پەیوەندیی ئاسایی 24 کاژێر وەڵامی دەنگدەرانی دەدایەوە. سێ ئیمەیڵ بەردەوام وەڵامیان دەناردەوە. بەشێکی دیکەی تیمەکەش سەرقاڵی پێداچوونەوەی مامەڵەکان بوون بۆ ئەوەی پەسەندی بکەن، یان پشتگوێی بخەن. لەماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژدا بەدەیان هەزار پەیوەندی و نامە و ئیمەیڵ ئاڵوگۆڕ کران. بۆ ئاسانکاری بۆ دەنگدەران ڤیدیۆیەکی فێرکاری ئامادەکرابوو، لەڕێی ماڵپەڕی کۆمیسیۆن و ئەژماری تایبەتی ئەندامانی تیمەکەشەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زانیارییەکان پەخش دەکران. بەشی یەکەمی سیستەمەکە خۆتۆمارکردن بوو. بەشی دووەم دەنگدان. هەر دەنگدەرێک کە زانیارییەکانی دروست بووایە دەیتوانی خۆی تۆمار بکات و ڕاستەوخۆ دەنگ بدات. بەپێچەوانەوە تەنیا بەشی یەکەمی جێبەجێ دەکرد و زانیارییەکانی دەهاتە لای تیمەکانی کۆمسیۆن تا پێداچوونەوەی بکەن و بڕیاری لەسەر بدەن. بۆ ڕێگری لە ساختەکاری و زانیاری نادروست، چەندین ڕێوشوێن گیرابوونەبەر. پرۆگرامەکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی شوێنی دەنگدەری دەستنیشان دەکرد. پاشان کۆدی پەیوەندی ئەو وڵاتەی جێگیر دەکرد بۆ ئەوەی ژمارە مۆبایلی هەمان وڵات بنووسرێ. دواتر کۆدێک بۆ ئەو ژمارە مۆبایلە دەنێردرا تا دەنگدەر بتوانێت لەڕێی نووسینی ئەو کۆدەوە خۆی تۆمار بکات. هەر ژمارەیەکیش تەنیا یەکجار بەکار دەهات و هەوڵدانی چەند بارە و هەڵەکردن دەبووە هۆی بلۆککردنی بەکارهێنەر. تەنیا زانیارییەکانی ڕەگەزنامەی عێراقیش پەسەند دەکرا بۆ دەنگدان. زانیاری دووبارەی هیچ دەنگدەرێک پەسەند نەدەکرا.

### ئەنجامی پرۆسەکە

بەشی دووەمی ئەم پرۆسەیە لە دواساتەکاندا بڕیاری لەسەر درا، بۆیە تەنیا سێ ڕۆژ دانرا بۆ خۆتۆمارکردن و دەنگدان، توانرا تەنیا (98،945) کەس تۆمار بکرێت لەم سیستەمەدا. ئەگەر کاتی زیاتر لەبەردەست بووایە بەدڵنیاییەوە ژمارەیەکی زۆر زیاتر خۆیان تۆمار دەکرد. لەو ژمارەیەش (12.256) کەسیان داواکارییەکانیان ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی بە بەڵگەنامەی دیکەی وەک (پاسپۆرت و پێناسی باری شارستانی و...هتد) خۆیان تۆمار کردبوو، ڕێژەی دەنگی بەڵێ (99.13%) بوو، ڕێژەی دەنگی نەخێر (0.87%) بوو. زۆرترین ڕێژەی دەنگدەریش بەڕیزبەندی لە وڵاتانی (ئەڵمانیا، سوید، بەریتانیا، ئەمریکا، هۆڵەندا، نەرویج، سویسرا، دانیمارک، کەنەدا، تورکیا، ئێران) بوو. ئەوەی جێی دەستخۆشییە، تیمە تەکنیکییەکانی (ئەوڕۆ سۆفت) لەماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا ڕێگایان نەدا بۆ یەک خولەکیش سیستەمەکە ڕاوەستێ یان لەکاربخرێ، ئەگەرچی سەدان هەزار جار هێرش کرایە سەر ماڵپەڕەکە و هەوڵی لەکارخستنی درا.

> **تێچووی دەنگی هەر دەنگدەرێکی دەرەوە لە گشتپرسییەکەدا 62 سەنت بوو، کەچی تێچووی دەنگی هەر دەنگدەرێکی دەرەوە لە دواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا 151 دۆلار بووە**

### بەراوردێک لەنێوان دەنگدانی دەرەوە لە هەڵبژاردنەکاندا

لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئامار و داتای جیاواز هەیە سەبارەت بەو عێراقیانەی کە لە دەرەوەی عێراقن و مافی دەنگدانیان هەیە. لە هەڵبژاردنەکانی (2005، 2010، 2014)ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، دەنگدانی مەرجدار پەیڕەو کراوە. بەو مانایەی هەر کەسێک بەڵگەنامەی پێویستی هەبووبێت دەنگی داوە و لەنێو زەرفێکدا پارێزراوە. دواتر کۆمسیۆن ئەو ناوانەی لەگەڵ تۆماری خۆیدا بەراورد کردووە، هەر کەسێک ناوی هەبووبێت پەسەند کراوە، ئەوانی دیکەش ڕەتکراونەتەوە. تۆماری کۆمسیۆن لەسەر بنەمای فۆرمی خۆراک بووە، بۆیە زۆرینەی ئەو دەنگانە وەلا نراون و ئەژمار نەکراون.

لە یەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا لە ساڵی 2005 کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ، سەرپەرشتی پرۆسەی دەنگدانی عێراقییەکانی دەرەوەی وڵاتی کرد، ژمارەی دەنگدەرانی دەرەوە بە (1،277،331) دەنگدەر خەملابوو، بەڵام تەنیا (265،148) کەس دەنگیان دا، واتە بە ڕێژەی (20.7%). بۆ ئەم پرۆسەیە 92 ملیۆن دۆلار خەرج کرا. واتە تێچووی دەنگی هەر دەنگدەرێک 346 دۆلار لەسەر حکومەت کەوتووە.

لە پرۆسەی گشتپرسی بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی 2005 کە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرپەرشتی کرد، تەنیا (298.300) کەس لە دەرەوە بەشداربوون، بە ڕێژەی (23.3%). بۆ ئەم پرۆسەیە (17.685.922$) خەرج کراوە، واتە زیاتر لە (59) دۆلار بۆ هەر دەنگدەرێک. سەبارەت بە هەڵبژاردنی ساڵی 2014 ، بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ، ژمارەی دەنگدەرانی دەرەوەی عێراق بە (2.178.052) دەنگدەر خەملێنراوە، لەو ژمارەیە تەنیا (165،532) کەس بەشداریی دەنگدانیان کردووە بە ڕێژەی (7.6%). بۆ ئەم پرۆسەیەش نزیکەی (25.000.000$) خەرج کراوە، واتە زیاتر لە (151) دۆلار بۆ هەر دەنگدەرێک.

سەبارەت بە پرۆسەی گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان لە 2017/9/25، لەبەر نەبوونی ئامارێکی ورد نەتوانرا ژمارەی دەنگدەری کوردستانیانی دەرەوە دیاری بکرێ، بەڵام توانرا تەنیا لەماوەی سێ ڕۆژدا هەلی خۆتۆمارکردن بۆ (98.945) دەنگدەر بڕەخسێنرێت. ئەگەر ماوەکە زیاتر بووایە، ئەوا ئەو ژمارەیە زۆر هەڵدەکشا. کۆی تێچووی بەشی دووەمی ئەو پرۆژەیە کە کاری پێکرا تەنیا (60.870) دۆلار بوو، واتە کەمتر لە (0.62) سەنت بۆ هەر دەنگدەرێک. لەکاتێکدا ئەگەر دوو ئەوەندەی تریش دەنگدەر بەشدار بووایە ئەو بڕە تێچوونە زیادی نەدەکرد و بۆ هەر دەنگدەرێکیش زۆر کەمتر دەبووەوە.

جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەین پێشتر لەزۆر وڵات بنکەی دەنگدان نەبووە، یان تەنیا لە شارێک هەبووە، بۆیە بە سەتان هەزار دۆلار لەلایەن دەنگدەرانەوە خەرج کراوە بۆ گەیشتن بە بنکەکانی دەنگدان، جگە لەوەی کاری ئەو ڕۆژەیان لەدەست چووەو کاتێکی زۆریان بۆ تەرخان کردووە. بەڵام لە پرۆسەی گشتپرسیدا دەنگدەر بەچەند خولەکێک لە شوێنی کارەکەی خۆی یان لەماڵەوە یان لە نێو شەمەندەفەر بەبێ هیچ خەرجییەک بەشداری کردووە و دەنگی داوە.

**تێچووی دەنگدانی دەنگدەرانی دەرەوە لە چوار هەڵبژاردندا:**

| هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکان | 2005 (پەرلەمان) | 2005 (دەستوور) | 2014 (پەرلەمان) | 2017 (گشتپرسیی کوردستان) |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی دەنگدەر | 265،148 | 298.300 | 165،532 | 98.945 |
| بودجەی تەرخانکراو بە دۆلار | 92.000.000 | 17.685.922 | 25.000.000 | 60.870 |
| تێچووی دەنگدەر بە دۆلار | 346 | 59 | 151 | 0.62 |



لە ماوەی سێ ڕۆژدا وەڵامی داواکاریی 98 هەزار دەنگدەری دەرەوە درایەوە

### کۆتایی

کۆمسیۆنی کوردستان توانی لە ماوەیەکی زۆر کورتی پێوانەییدا (تەنیا یەک هەفتە) هەلی دەنگدان بۆ (98.945) کوردستانی لە دەرەوەی وڵات بڕەخسێنێ، بەتێچوونی 0.004% ی تێچووی دوا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی ئیتیحادی سەرپەرشتی دەکرد، لە کاتێکدا ئەو کۆمیسیۆنە خاوەنی زیاتر لە 13 ساڵ ئەزموونی کارە و ملیۆنەها دۆلار خەرج کراوە بۆ بنیادنانی توانای مرۆیی و تەکنەلۆژی و هونەری .

ئەمە ئەو کارە ناوازەیەیە کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی کوردستان لە یەکەمین ئەزموونیدا کردی و دەتوانێت شانازی پێوە بکات. ئەنجامدانی کارێکی ناوازە بە کەمترین کات، کەمترین تێچوو، زۆرترین بەرهەم، کوالێتییەکی بەرز، بەبێ ئەوەی هیچ ئەرکێک بۆ دەنگدەرانی دروست بکات، سەرەتایەکی گەش و پڕ شانازی و ئومێدە بۆ داهاتوویەکی پرشنگدار لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا.

> **تێچووی دەنگدانی ئەلیکترۆنی 0.0004% ی تێچووی دەنگدانی دەنگدەرانی دەرەوەی دواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بووە**

### سەرچاوەکان:

- ماڵپەڕی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان – عێراق.
- د.فريد أيار . فضيحة انتخابات الخارج ... نسبة المشاركة 7%. 2014.
- البعثة الدولية للانتخابات العراقية، تقييم برنامج التصويت من خارج البلاد الخاص بالانتخابات العراقية، 2005.

*** بڕیاردەری ئەنجوومەنی کۆمسیاران، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی.**

# قۆڵۆن.. دەردێکی بێ دەرمان

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

ئازاد ئەحمەد، 39 ساڵ، ماوەیەکی درێژە سکاڵا لە دەست سکئێشە و سکچوون و قەبزی و غازاتی ناوبەناو دەکات، ئەو دەڵێ نەخۆشییەکە هێندەی ئەوە بێزاری ناکا کە هەرچی پشکنین دەکات، پێیدەڵێن پاکە و هیچی تێدا نییە، ئەو وا هەست دەکات پزیشکەکان لە ئازارەکانی تێناگەن "ئەگەر هیچم نییە و پشکنینەکان پاکن، بۆچی ناو سکی من هەمیشە و ناڵە و هاواریەتی؟".

ئازاد یەکێکە لەوانەی گرفتارن بەدەست حاڵەتی وروژانی ریخۆڵەکان (قۆڵۆن). ئەو دەترسێ هەمان چارەنووسی ئەو خانمە بەتەمەنەی هەبێ کە سکچوونەکەی لە کۆتاییدا وەکوو شێرپەنجەی ریخۆڵە دەستنیشان کرا و گیانی سپارد.

ریخۆڵەی تووڕە (لەنێو خەڵکی بەنەخۆشیی قۆڵۆن ناسراوە) لە زانستی پزیشکیدا وەک ناڵەباریی کردارەکی (functional dysorder) پێناسە کراوە کە بە مانای ئەوە دێ ریخۆڵە لە رواڵەتدا هیچ ناتەواوییەکی بەرجەستەی نییە بە پشکنین دەربکەوێ، بەڵام ناوبەناو تووشی گرژبوون و خاوبوونەوەی نائاسایی دەبێ و ئەو نیشانانە دروست دەکات کە ئازادیان تووشی دڵەڕاوکێ کردووە.

بەپێی توێژینەوە پزیشکییەکان، قۆڵۆن یەکێکە لە گرفتە بەربڵاوەکان و تووشی نزیکەی پێنجییەکی خەڵکی دەبێ، خانمان دوو هێندەی پیاوان تووشی دەبن، هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە مەترسی لەسەر ژیان و تەندروستیی گشتی کەسەکە دروست ناکات و چەند درێژە بکێشێ، کوشندە و مەترسیدار نییە.

## لە کوردستان بڵاوە

دکتۆر هەرێم ستار، پزیشکی پسپۆڕی هەناو لە سلێمانی دەڵێ: "لە کوردستان توێژینەوەی ئەوتۆ بەردەست نییە لەبارەی بەربڵاویی نەخۆشییەکە، بەڵام وەکوو ئەزموونی خۆم، وای دەبینم نەخۆشییەکە لەوە بەربڵاوتر بێ کە مەزەندە دەکرێت".

پزیشکە پسپۆڕەکە دەڵێ هیچ کەسێک پارێزبەندیی نییە بۆ تووشبوون بەم نەخۆشییە و هەموو کەسێک ئەگەری تووشبوونی هەیە، بەڵام بەگشتی نەخۆشییەکە مەترسیدار نییە هەرچەندە درێژخایەنیش بێ.

وەکوو دکتۆر هەرێم دەڵێ، تاوەکوو ئێستا بە وردی دیار نییە بۆ ریخۆڵەی هەندێک کەس بەو شێوە بێزارکەرە تووڕە دەبێ "هەندێک هۆکار تەنیا وەک گریمانە دیاریکراون، وەکوو هەستیاریی ریخۆڵە ئەستوورە، کارتێکەری هۆرمۆنی و گوشاری دەروونی".

توێژینەوە زانستییە نوێیەکان ئاماژە بۆ گۆڕانی باڵانسی بەکتریایی نێو ریخۆڵەکان دەکەن وەک هۆکارێکی ڕێگاخۆشکەری تووشبوون بەم نەخۆشییە و دەڵێن گێڕانەوەی بەکتریا سوودبەخشەکان و بەروودان بە فرەجۆریی بەکتریاکان وەک ئەوەی لە کەسانی تەندروستدا هەیە، ریخۆڵەکان ئارام دەکاتەوە.

وەکوو لە تێکستە پزیشکییەکاندا هاتووە، نیشانەکانی ئەم ناڵەبارییە تەندروستییە لە هەموو تووشبوواندا وەکوو یەک نییە. زۆربەی تووشبووان نۆرەی ئازاریان هەیە لە خوارەوەی سک و دەوروبەری ناوک، زوو زوو سکیان هەڵدەئاوسێ و گاز دەکات و هەست دەکەن بە چوونە توالێت بەشێک لە ئازارەکەیان کەم دەکات، بەگشتیش تووشبووان تەمەنیان کەمترە لە 40 ساڵ.

لەگەڵ ئەو نیشانانەدا، بەشێک لە تووشبووان زوو زوو تووشی سکچوون دەبن، بەشێکی دیکە قەبزیی گرفتی سەرەکییانە، هەندێکی دیکە ماوەیەک سکچوون و ماوەیەک قەبزی و چوارەمین گرووپیش مەرج نییە هیچیەک لە قەبزی و سکچوونیان هەبێ.

## دەروون بەشێکی گرفتەکەیە



پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێ بەشێکی بەرچاو لە تووشبووان لەگەڵ ئەم ناڵەبارییەدا، دەروونێکی نائارامیشیان هەیە.

د.زانیار نووری عوسمان، کە دکتۆرای لە نەخۆشییەکانی هەناو هەیە، لەئەزموونی خۆیەوە دەڵێ "بەشێک لە نەخۆشەکان تووشی دڵەڕاوکێ دەبن و وا هەستدەکەن نەخۆشییەکی مەترسیداریان هەیە و هێشتا دەستنیشان نەکراوە، هەندێکی دیکە بیروباوەڕی هەڵەی کەسانی دیکە تووشی ترس و گوشاری دەروونییان دەکات، بەشێکی دیکەش لە گومانێکی قووڵدا دەژین و هەردەم بیردەکەنەوە بۆچی بە یەکجاریی چاک نابنەوە؟".

دکتۆر زانیار دەڵێ بەشێک لە تووشبووان هێندە لایەنە دەروونییەکە زاڵە بەسەریاندا، دەبێ رەوانەی لای پزیشکی پسپۆڕی دەروونی بکرێن، بۆ رەواندنەوەی گوشارە دەروونییەکانیان.

هەرچی دکتۆر هەرێمە، هۆشداری دەدات لەوەی چەندە کەسەکە تووشی دڵەڕاوکێ و گوشاری دەروونی ببێ، نیشانە جەستەییەکانی نەخۆشییەکەی قورستر دەبن "ریخۆڵەی تووڕە پەیوەندییەکی پتەوی بە ناسازیی دەروونی و ئاستی گەیێنەرە دەمارییەکانی وەکوو سیرۆتۆنینەوە هەیە و هەندێکجار ئارامبوونەوەی دەروون ڕێگایەکی زۆر کارایە بۆ ئارامکردنەوەی ئازار و ناسازییەکانی دیکەی ریخۆڵە".

پێشتریش د.زامدار حەمەڕەسوڵ، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، لە پرۆگرامی "هەتوان"ی رادیۆی (رووداو)دا جەختی کردبووەوە کە ریخۆڵەی تووڕە وەک نەخۆشییەکی "دەروون-جەستەیی" پۆلێن دەکرێ و لە بەشێکی بەرچاوی حاڵەتەکاندا، بەبێ چارەسەری رەهەندە دەروونییەکە، سەختە بتوانرێ نیشانە جەستەییەکانی کۆنترۆڵ بکرێ.

## هەموو سکئێشەیەک "ریخۆڵەی تووڕە" نییە

پزیشکان هۆشداری دەدەن لەوەی نابێ هەموو سکئێشە و سکچوونێک نادیدە بگیرێ و تەنیا بە کەسەکە بگوترێ ریخۆڵەکانت تووڕەن و پێویست بە نیگەرانی ناکات.

دکتۆر هەرێم دەڵێ دەبێ پزیشک لە ڕێگای پشکنینەوە دڵنیا ببێتەوە کە کەسەکە نەخۆشییەکی ئۆرگانی نییە. "هەوکردنی درێژخایەنی ریخۆڵەکان و شێرپەنجەی کۆڵۆنیش نیشانەکانیان زۆر لە ریخۆڵەی تووڕە دەچن، ئەمانە ئەگەر چارەسەر نەکرێن، مەترسی لەسەر ژیانی کەسەکە دروستدەکەن و بەشێکی بەرچاویان کوشندەن ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێن".

سەبارەت بەو نیشانانەی هۆشدارین بەوەی نیشانەکان هی نەخۆشییەکی گەورەترن نەک ریخۆڵەی تووڕە، دکتۆر زانیاری ئاماژە بەمانە دەکات:

- ئەگەر نیشانەکان پاش تەمەنی 50 ساڵی دەرکەوتن
- ئەگەر خوێن لە پیسایییدا هەبوو
- ئەگەر جۆری ئازارەکە بگۆڕێ.
- نەمانی ئارەزووی خواردن
- ئێڵنج و رشانەوە
- لەدەستدانی کێش بەبێ رێجیم
- ئەگەر لە خێزانەکەدا حاڵەتی شێرپەنجە و هەوکردنی درێژخایەنی ریخۆڵە تۆمار کرابوو.

## چارەسەرەکە تەنیا دەرمان نییە

پزیشکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە رێنماییدان بە نەخۆش و رۆشنبیرکردنی لەبارەی نەخۆشییەکەی، خاڵی هەرە گرنگە لە سەرکەوتنی چارەسەری ریخۆڵەی تووڕەدا.

وەک چۆن پشکنینێکی تایبەت نییە نەخۆشییەکە دەستنیشان بکات و هۆکارێکی روونیش شک نابرێ بۆ تووشبوون بە ریخۆڵەی تووڕە، هیچ دەرمانێکیش نییە ئەم نەخۆشییە بنەبڕ بکات. دکتۆر هەرێم دەڵێت: "دەرمانەکان زیاتر هێورکەرەوەی ریخۆڵەکان و رێکخەری جووڵەی ریخۆڵەکانن و کاریگەرییەکانیان کاتین و بۆ هەمیشە کۆتایی بە نەخۆشییەکە ناهێنن".

بەپێی خەمڵاندنی دکتۆر زانیاریش، دەرمان تەنیا چارەگێکی پرۆسەی چارەسەری ریخۆڵەی تووڕە پێکدێنێ "پشکی شێری چارەسەر بۆ هەندێک رێوشوێنی نادەرمانییە، وەکوو ئارامبوونەوە و دووربوون لە گرژی، رێکخستنی خۆراک و خۆگونجاندن لەگەڵ نەخۆشییەکە و نیشانەکانی".

# پێنج نیشانە پێتدەڵێن شەکرەت هەیە

رووداو- DPA

ئەگەر هەستت بەم پێنج نیشانەیەی خوارەوە کرد، ئەوە پێویستت بە راوێژی پزیشک هەیە و ئەگەری زۆرە پزیشک پشکنینی شەکرەت بۆ بنووسێ، چونکە ئەو نیشانانە دەتگەیێننە ئەو باوەڕەی کە رێی تێدەچێ تووشی شەکرە بووبی:

1

**زۆر میزکردن:** ئەگەر هەستت کرد لە جاران زیاتر دەچی بۆ تەوالێت، ئەوە رەنگە تووشی شەکرە بووبی، بۆیە پێویستت بە سەردانی پزیشکە.



2

**لەدەستدانی کێش:** زۆر میزکردن، شلەمەنییەکی زۆری جەستەت لەدەستدەدات و ئەوەش هۆکارێکی دابەزینی کێشە. هەروەک باش بەکارنەهێنانی شەکر لەلایەن خانەکانی جەستەوە لە تووشبووانی شەکرەدا، جەستەیان ناچار دەکات پەنا بۆ چەورییەکانی لەش ببەن وەکو سەرچاوەیەکی وزە و سەرئەنجام چەورییەکان شیدەکەنەوە.



3

**وشکبوونەوەی پێست:** زۆر میزکردن و لەدەستدانی شلەکانی لەش، پێست تووشی وشکبوونەوە و ژاکان دەکات.



4

لەش داهێزران و بێهێزیی بەردەوام



5

**تینوێتی زۆر:** ئەگەر هەستت کرد بەبێ ئەوەی کارێکی قورس بکەی زۆرت تینوو دەبێ، ئەوە ئەگەری هەیە تووشی شەکرە بووبی.



# هەڵامەتمە یان نەخۆشییەکی سەخت؟

رووداو- مێڵسکۆم

زۆربەمان نیشانەکانی هەڵامەت دەزانین، دەشزانین مەترسییەکی ئەوتۆ لەسەر تەندروستی دروست ناکات، بەڵام هەندێکجار هەمان نیشانەکانی هەڵامەت، نیشانەی تووشبوونن بە نەخۆشییەکی سەخت یان تەنانەت مەترسیدار.

هەر خودی هەڵامەت بۆ هەندێک کەس مەترسیدارە و باشترە سەردانی پزیشک بکەن، وەکوو "تووشبووانی شەکرە، رەبۆ، هەستەوەریی توند، سستبوونی گورچیلە، ئایدز، نەخۆشییە رۆماتیزمییە درێژخایەنەکان، خانمانی دووگیان، منداڵانی بچووک و کەسانی بەتەمەن".

بەڵام بۆ هەموو کەسێک لەم بارانەدا نابێ نیشانەکانی هەڵامەت نادیدە بگرین:



### 1 ئەگەر لە چوار رۆژ زیاتر درێژەی کێشا:

بەشێوەیەکی ئاسایی، نیشانەکانی هەڵامەت لەماوەی چوار رۆژدا کۆتاییان دێ و کەسەکە لەباری ئاسایی تەواو نزیک دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر نیشانەکان درێژەیان کێشا و بە توندی مانەوە، ئەوە ئەگەری هەیە کەسەکە نەخۆشییەکی سەختتری هەبێ، وەکوو ئەنفلۆنزا و مۆنۆنیوکلیۆسس و نەخۆشیی سەختی دیکە.

### 2 نیشانەکان دەڕۆن و دەگەڕێنەوە:

هەندێکجار نیشانەکانی هەڵامەت لە سێ چوار رۆژدا کۆتاییان دێ. کەچی پاش چەند رۆژێکی دیکە، دیسان نیشانەکان دەردەکەونەوە. زۆرجار ئەمە نیشانەی ئەوەیە کۆئەندامی بەرگری شکستی هێناوە و بەکتریاکان زاڵ بوون و کەسەکەیان تووشی هەوکردنی دووەم کردووە، وەکوو سییەکان، هەوکردنی بۆڕییەکانی هەوا و گیرفانەکانی لووت.

### 3 ئەگەر نیشانەکانی دوای گەشتێک دەرکەوتن:

ئەگەر پاش گەڕانەوە لە گەشتێکی دەرەوەی وڵات، نیشانەکانی هەڵامەت دەرکەوتن، دوور نییە بەهۆی ڤایرۆس یان بەکتریایەکی نائاسایی و بەهێز بووبێ لە دەرەوە. لەم بارەدا سەردانی پزیشک گرنگە.

### 4 ئەگەر "تا" یەکی بەرزی هەبوو:

بوونی تا لەکاتی هەڵامەت و پەتادا مەترسیدار نییە، بەڵام ئەم "تا"یە زۆربەی کات لە 38.5 کەمترە. تای بەرز، بە تایبەت ئەگەر هاوڕێ بوو لەگەڵ لەرز، زۆرکات نیشانەی نەخۆشییەکی سەختترە کە دەبێ پزیشک چارەسەری بکات.

### 5 "تا"ی کەم کە درێژە بکێشێ:

بوونی تا کە زۆر درێژە بکێشێ، نیشانەی ئەوەیە کۆئەندامی بەرگریت لە بەرگرییەکی درێژدایە لە دژی نەخۆشییەک کە لە هەڵامەت قورسترە و پێویست دەکات بە دەرمانی تایبەت لە دژی بجەنگێی، ئەڵبەت بە ڕێنمایی پزیشک، پاش ئەوەی جۆری نەخۆشییەکە دەستنیشان دەکات.

### 6 ئەگەر لەگەڵیدا بەدهەرسیت هەبوو:

ئێڵنج، رشانەوە و سکچوون لەگەڵ هەڵامەتی سادە دەرناکەون. ئەگەر ئەوانەت هەبوو لەگەڵ نیشانەکانی هەڵامەت، ئەوە نیشانەی ئەوەیە هەوکردنی سەختترت هەیە و دەبێ پزیشک بۆت دەستنیشان و چارەسەر بکات. ئەم نیشانانە تووشی وشکبوونەوەشت دەکەن و باری تەندروستیت زیاتر تێکدەدەن.

### 7 ئەگەر سەرئێشەیەکی توندت هەبوو:

سەرئێشەیەکی توند هاوکات لەگەڵ رەقبوونی مل، لە نیشانەکانی هەوکردنی پەردەی مێشکن. هەروەها سەرئێشەیەکی ئەوتۆ کە لەگەڵ سەردانەواندن زیاد دەکات، یان ئازاری چواردەوری لووت و چاو نیشانەی ئەوەن تووشی هەوکردنی گیرفانەکانی لووت بووی و پێویستت بە سەردانی پزیشکە.

### 8 ئەگەر سنگئێشە و هەناسەتوندیت هەبوو:

ئاساییە کۆکە لەگەڵ نیشانەکانی هەڵامەت هەبێ، بەڵام نابێ کۆکەیەکی هێندە توند بێ تووشی هەناسەتوندی، خیزەی سنگ و سنگئێشەت بکا. هەناسەتوندی نیشانەی هەوکردنی سییەکان و بۆڕییەکانی هەناسەن کە نابێ پشتگوێ بخرێن. هەرچی سنگئێشەو توندبوونی سنگ و هەناسەتوندیی کتوپڕیشە، هەندێکجار نیشانەی جەڵتەی سییەکانن کە مەترسیدارە.

### 9 ئەگەر نیشانەکان لە یەک شوێنی دیاریکراودا بوون:

هەڵامەت بە گشتی تووشی بەشی سەرەوەی کۆئەندامی هەناسە دەبێ، بەڵام ئەو نەخۆشییانەی توندتر و مەترسیدارترن، لە یەک شوێنی دیاریکراو ناسازیی دروستدەکەن. بۆ نموونە هەوکردنی ستریپتۆکۆکەس قورگئێشەیەکی ئەوتۆ دروست دەکات کە قووتدانی خۆراک ئەستەم دەکات، ئەمە پێویستی بە دەرمانی تایبەتی دژە زیندەیە کە پزیشک جۆرەکەی و ماوەی بەکارهێنانیت پێدەڵێ. هەرچی هەوکردنی گیرفانەکانی لووتە، ئەوە سەرئێشە و تەنانەت ئازاریی ددان دروستدەکات.

### 10 ئازار و تەشەنوجی توندی جەستە:

لەشداهێزرانێکی سادە ئاساییە رووبدات لەگەڵ هەڵامەت، بەڵام ئازارێکی زۆری گشتی و تەشەنوجی ماسولکەکان، نیشانەی ئەوەن ئەنفلۆنزات هەیە نەک هەڵامەتی سادە، ئەنفلۆنزا هەروەها ئەگەری زۆرترە هاوڕێ بێ لەگەڵ لەرز و لەشداهێزرانێکی زۆر.

# مۆسکۆ دەستی تاران و ئەنقەرەی لە بەرامبەر هەولێر بەستووە

**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی رابردوو، هەردوو سەرۆک کۆماری ئێران و تورکیا لە کۆنفراسێکی رۆژنامەڤانیی هاوبەشدا لە تاران باسیان لەو رێوشوێنانە دەکرد کە هەردوو وڵات بەنیازن بەرامبەر هەرێمی کوردستان بیگرنە بەر. هاوکات لەگەڵ ئەو پرێس کۆنفرانسە، سەرۆکی رووسیاش لە کۆڕبەندێکی تایبەت بە غازی سروشتی قسەی دەکرد و دەیگوت "لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێک نییە رێ لە گواستنەوەی نەوتی کوردستانی عێراق بگیرێ".

> ڕێککەوتنی مۆسکۆ و هەولێر لە بواری وزە دەسەڵاتێکی زیاتر بە رووسیا دەدات لە بەرامبەر ئێران و تورکیا
>
> توێژەرێک

رووسیا لە سەرەتاشەوە بە جۆرێک لە پارێزەوە مامەڵەی لەگەڵ دۆسیەی گشتپرسیی هەرێمی کوردستاندا کردووە، هەمان هەڵوێست لە بەشێک لە گوتارەکەی رۆژی چوارشەممەی پوتیندا دەرکەوت کە تێیدا جەختی کردەوە لەوەی رووسیا پەیڕەوی سیاسەتی دەستوەرنەدان دەکات و بە وریاییەوە گوتاری خۆی دادەڕێژێت "بۆ ئەوەی دۆخەکە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەتەقێتەوە".

لە هەڤپەیڤینەکەی مانگی تەمووزی (ڕووداو)دا لەگەڵ سێرگێی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی رووسیا، هۆکاری ئەم شێوازە لە مامەڵەکردنی رووسیا لەگەڵ پرسی گشتپرسیی بەڕوونی دەرکەوت.

لە بەشێکی ئەو هەڤپەیڤینەدا، لاڤرۆڤ گوتی "کاریگەریی کێشەی کورد دەگاتە دەرەوەی سنوورەکانی عێراقی ئێستا"، واتە کێشەی سەربەخۆیی کوردستان "دەرئەنجامی سیاسی، جیۆپۆلیتیکی، دیمۆگرافیک و ئابووری دەبێت". رووسیا دەزانێت هەرچەشنە کاردانەوەیەکی مۆسکۆ بەرامبەر سەربەخۆیی کوردستان رەنگدانەوەی بەرچاوی لەسەر پەیوەندییەکانی رووسیا لەگەڵ سووریا، تورکیا، عێراق و ئێران دەبێت.

هەڵوێستی دیپلۆماتکارانی رووسی لە کوردستان جیاوازە لە هەڵوێستی سەرکردەکانیان لە مۆسکۆ. دیپلۆماتە رووسەکان لە هەرێمی کوردستان دەڵێن رووسیا پشتگیری لەو بڕیارە دەکات کە خەڵکی کوردستان داویانە، جگە لەمەش چەند مانگێک بەر لە گشتپرسییەکە روسنێفت ژمارەیەک رێککەوتنی وزەی لەگەڵ هەولێردا واژۆ کردووە، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی مۆسکۆ پشتگیری لە یەکلابوونەوەی دۆزی کورد لە رێگەی گشتپرسییەوە دەکات.

لە پاش بەشداریکردنی راستەوخۆی رووسیا لە شەڕی نێوخۆی سووریا، مۆسکۆ سەلماندوویەتی کە دەتوانێت لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا رۆڵی یەکلاکەرەوە بگێڕێت. وەکوو یوری بارمین، شارەزای ئەنجوومەنی کاروباری دەرەوەی رووسیا، ئاماژەی بۆ دەکات "هیچ سەیر نییە کە دەبینین بەرپرسانی بەغدا و هەولێر روویان لە مۆسکۆ کردووە و بە دەست و دڵێکی کراوەوە ئۆفەری هاوکاری پێشکەش دەکەن". بارمین دەڵێت، عێراق و کوردستان هەوڵ دەدەن مۆسکۆ وەکوو پاڵپشتی دۆزەکەی خۆیان لە بەرامبەر دۆزی لایەنی بەرامبەر نیشانبدەن.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە هەڵوێستی راستەقینەی رووسیا بەرامبەر گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان چییە و بناغەی ئەو هەڵوێستە چییە؟ توێژەرە رووسەکە دەڵێت کە مۆسکۆ دوو هەڵوێستی بەرامبەر بە دەنگدانەکەی 25ی ئەیلول هەبووە. یەکەمیان لە لێدوانی ئاشکرای بەرپرس و دیپلۆماتەکانی رووسیادا دەردەکەوێت و تێیدا جەخت لە پشتگیریی رووسیا لە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەنەوە. بەڵام ئەم پشتگیرییە لەبەر دڵی عێراق نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە یەکپارچەیی عێراق لە خزمەتی پاراستنی ئەمری واقیعە لە هەموو ناوچەکەدا. سیاسەتی دەرەوەی رووسیا بەشێوەیەکی گشتی لایەنگری لە پاراستنی سنوورەکانی ئێستای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا دەکات، چونکە هەر چەشنە گۆڕانکارییەک لەو سنوورانە بە قازانجی رۆژئاوا دەزانێت، بەشداریی رووسیا لە شەڕی نێوخۆی سووریا تەنیا بۆ دۆزینەوەی رێگەیەک بەرەو دەریای نێوەڕاست نییە، بەڵکو بەشێکی بۆ پاراستنی ئەو ئەمری واقیعە سیاسییەیە کە ئێستا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە. ئەمە یەکێکە لەو رێگە سەرەکییانەی بەهۆیەوە رووسیا دەتوانێت هاوپەیمانییەک لە دەوری ستراتیژی خۆی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروستبکات.

بەڵام کۆمپانیا رووسییەکان بە بڕی چوار ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستاندا کردووە. لە مانگی حوزەیرانی 2017، کۆمپانیای روسنێفت گرێبەستێکی 20 ساڵەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کرد. بە گوێرەی ئەو رێککەوتنە، کۆمپانیا رووسییەکە نەوتی هەرێمی کوردستان دەکڕێت و رەوانەی پاڵاوگەکانی ئەڵمانیای دەکات. لە رۆژی 18ی ئەیلولیش کۆمپانیای روسنێفت ئاشکرای کرد کە پرۆژەیەکیان بەدەستەوەیە بۆ وەبەرهێنان لە ژێرخانی گازی سروشتیی کوردستاندا. بەپێی ئەو پرۆژەیە، هەتا ساڵی 2020 قەبارەی هەناردەکردنی گازی سروشتیی کوردستان بۆ دەرەوە دەگاتە 30 ملیار مەتر سێجا.

خاڵی دووەم لە سیاسەتی دەرەوەی مۆسکۆ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پەیوەندی بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی مۆسکۆوە هەیە کە وزە تێیدا رۆڵێکی جەوهەری دەبینێت. سێرگێی باڵماسۆڤ، توێژەری رووسی لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە مۆسکۆ، لە وتارێکدا لە ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر) دەڵێت ئامانجی رووسیا لە واژۆکردنی گرێبەستە غازییەکە ئەوەیە کە مۆسکۆ دەیەوێت "پێگەی خۆی وەکوو هەناردەکاری سەرەکیی گاز لە جیهاندا بەهێزتر بکات".

ئامی میەرز جافی، توێژەر لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا، لەوە زیاتر دەڕوات و پێیوایە رێککەوتنی مۆسکۆ و هەولێر لەبواری وزەدا دەسەڵاتێکی زیاتر بە رووسیا دەدات لە بەرامبەر ئێران و تورکیا.

لە چەند ساڵی رابردوودا تورکیا وەبەرهێنەری سەرەکیی بووە لە سەرچاوەکانی وزەی هەرێمی کوردستاندا. بەشێک لەو هەنگاوانەی تورکیا بۆ ئەوە بووە سەرچاوەی نوێی وزە بۆ خۆی بدۆزێتەوە و هێندە وابەستەی غاز و نەوتی رووسیا نەبێت. جافی پێیوایە روسنێفت و رووسیا بە وەبەرهێنان لە کەرتی گازی کوردستان و هەناردەکردنی لە رێگەی تورکیاوە شکست بە بەشێک لەو پلانەی تورکیا دەهێنن.

جافی ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات رێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیا رووسییەکان تەنیا قازانجی دارایی نییە، لە کاتێکدا ئۆفەری کورد بۆ رووسیا لە بواری وزە "یارمەتی رووسەکان لە ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ دۆسیەی کورد بەهێزتر دەکات، ئەگەر بەغدا و زلهێزەکانی ناوچەکە لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵی سەپاندنی سزا بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بدەن".

ئێران یەکەم وڵات بوو کە گەمارۆی ئاسمانی بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپاند. شارەزایان پێیانوایە یەکێک لەو بژارانەی ئێران بیری لێدەکاتەوە جووڵاندنی میلیشیا شیعەکانی عێراقە لە ناوچەکانی کەرکووک و دیالە، بەڵام جافی ئەوە بەدوور دەزانێ، چونکە بەشێک لە رێککەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ رۆسنێفت لەسەر کێڵگەکانی ناوچە کێشە لەسەرەکانە، بۆیە دەستی ئێران لە جموجۆڵەکانی لەو ناوچانە هێندە کراوە نابێت.

یوری بارمین رای وایە یەکێک لەو شتانەی لە گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی کوردستاندا وای کردووە رووسیا نەتوانێت هەڵوێستێکی روونی هەبێت، پەیوەندیی بە پرۆسەی چارەسەری قەیرانی نێوخۆی سووریاوە هەیە، بە تایبەتیش یەکلاکردنەوەی پێگەی کورد لە داهاتووی سووریادا. مۆسکۆ هەوڵێکی زۆری داوە قەناعەت بە تاران و ئەنقەرە بهێنێت بە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی رۆژئاوای کوردستان رازی بن. بۆیە دوودڵیی رووسیا لە هەڵوێستی بەرامبەر گشتپرسییەکە پەیوەندی بە "کات"ی گشتپرسییەکەوە هەیە.



ڕووسیا بە جۆرێک لە پارێزەوە مامەڵە لەگەڵ گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان دەکات

## پێشبینییەکانی ناوەندی ستراتفۆر بۆ کۆتایی 2017

# دانوستاندنی بەغدا و هەولێر دەکەوێتە ساڵی داهاتوو



ئەنجامی گشتپرسی ئەو دەسەڵاتە جەماوەرییە بە پارتی دەدات کە هەوڵی بۆ دەدا

**ڕووداو- هەولێر**

ناوەندی ئەمریکی (ستراتفۆر)، وەکوو نەریتێکی هەمیشەیی پێشبینییەکانی خۆی سەبارەت بە رەوشی جیهان بۆ چارەکی کۆتایی ئەمساڵ بڵاوکردەوە کە بەشێکی بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەرخان کردووە و لەو بەشەشدا رۆشنایی خراوەتە سەر دۆخی هەرێمی کوردستان لە دوای گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلول.

لەناو هەموو ئاریشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، گشتپرسییەکەی کوردستان یەکێکە لە و کێشە دەگمەنانەی کە "زلهێزەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتوانن لەسەری هاوڕا بن"، دەشڵێت رێژەی بەرچاوی دەنگی "بەڵێ" لە گشتپرسییەکەی کوردستاندا "ئەو دەسەڵاتە جەماوەرییە بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدات کە هەوڵی بۆ دەدا".

بەدووریشی نازانێ پارتی ئەو دەسەڵاتە بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی "پێگەی خۆی لە سەرکردایەتی کوردستانی عێراقدا بەهێزتر بکات و بەوجۆرە بچێتە دانوستاندنەوە لەگەڵ بەغدا سەبارەت بە کێشەی نەوت و غاز، دارایی و ناوچە کێشەلەسەرەکان". پێشبینیش دەکات دانوستاندنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراق بکەوێتە 2018، لەو دانوستاندنەشدا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و گۆڕان "وەکوو گەورەترین رکابەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان... هەوڵ دەدەن پشکی خۆیان لە دەسەڵاتی سیاسی و دارایی زامن بکەن".

کورد و عەرەب هێزی چەکداریان لە کەرکووک و دیالە هەیە کە هەردووکیشیان ناوچەی ناکۆکی لەسەرن. پاش رزگارکردنی حەویجە، مەترسیی داعش لەسەر میلیشیا شیعەکان و هێزەکانی پێشمەرگە یەکجار کەم بووەتەوە. ناوەندە ئەمریکییەکە پێشبینی دەکات رەوینەوەی مەترسی داعش هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی میلیشیا شیعەکان و هێزە کوردییەکان چەکەکانیان رووبەڕووی یەکدی بکەنەوە.

لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوودا تورکیا و ئێران هەڵوێستی توندیان بەرامبەر هەرێمی کوردستان و ئەنجامی گشتپرسییەکەی دەربڕیوە. بە گوێرەی راپۆرتەکەی (ستراتفۆر)، چاوەڕێ دەکرێت لە چارەکی کۆتایی ئەمساڵدا تاران و ئەنقەرە هێزە وەکیلەکانی خۆیان لە کوردستانی عێراق بەکاربهێنن تاوەکوو بەرژەوەندییەکانیان لە هەرێمدا پارێزراو بێت، دوشڵێت "پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا لەگەڵ بەغدا لەوەی ئێستا نزیکتر دەبێتەوە".

### ترەمپ، ئێران و ڕێککەوتنێکی ئەتۆمیی لەرزۆک

ئیدارەی کۆشکی سپی تاوەکو 15ی تشرینی یەکەم، کاتی بەدەستەوە ماوە بۆ ئەوەی راپۆرتی 90 رۆژەی خۆیان سەبارەت بە پابەندبوون یان نەبوونی ئێران بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە رادەستی کۆنگرێس بکەن. بە گوێرەی راپۆرتێکی واشنتن پۆست، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە رۆژی 12ی تشرینی یەکەم گوتارێک پێشکەش دەکات و تێیدا هێرش دەکاتە سەر ئێران و بە هۆکاری تیرۆریزم و ناسەقامگیریی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوی دەبات.

(واشنتن پۆست) لە زاری کەسانی ئاگادار لە گوتارەکەی ترەمپ ئاشکرای کردووە کە لەو گوتارەدا سەرۆکی ئەمریکا رایدەگەیەنێت ئامادە نییە متمانە بە رێککەوتنەکە بدات و جەختیش دەکاتەوە لەوەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا لە قازانجی ئەمریکا نییە. ئیدارەی کۆشکی سپی راپۆرتی خۆی لەسەر پابەندبوون یان نەبوونی ئێران بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە پێشکەش بە کۆنگرێس دەکات. بە گوێرەی (ستراتفۆر) لە ماوەی 60 رۆژی داهاتوودا "سەپاندنەوەی ژمارەیەک لەو سزایانە تاوتوێ دەکات کە بەهۆی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە لەسەر ئێران لادرابوون".

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (واشنتن پۆست)، ئیدارەی ئەمریکی بەنیاز نییە پێشنیاز بە کۆنگرێس بکات سزاکان لەسەر ئێران قورس بکەن. ناوەندی (ستراتفۆر)یش بەدووری دەزانێت کۆنگرێس هەنگاوی لەو جۆرە بنێت، چونکە "ئەم هەنگاوە نەک هەر رێککەوتنە حەوت قۆڵییەکە پێشێل دەکات، بەڵکو متمانەی وڵاتانی دیکەش لەدەست دەدات"، بەوەش ئەمریکا شانسی ئەوەی کەم دەبێتەوە بتوانێت ماوەی کارپێکردنی رێککەوتنەکە (کە 10 بۆ 15 ساڵە) درێژتر بکاتەوە.

ناوەندە ئەمریکییەکە پێشبینی دەکات ئێران، سەرەڕای هەوڵەکانی ترەمپ، هەوڵ بدات جەخت لەسەر پابەندیی خۆی بە رێککەوتنە 159 لاپەڕەییەکە بکاتەوە، ئەمەش لە لایەکەوە بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری وڵاتانی ئەورووپییە و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ چاککردنەوەی وێنەی خۆیەتی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا.

### ئێران لە دوژمنەکانی نزیک دەبێتەوە

کەم کێشەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە ئێران بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ دەستی تێدا نەبێت. بەڵام ئێران دەزانێت بۆ ئاساییکردنەوەی وێنەی خۆی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناتوانێ تەنیا پشت بە نزیکبوونەوەی لە ئەورووپا ببەستێت. بۆیەش ناوەندی (ستراتفۆر) پێشبینی دەکات "لە کاتێکدا گوشارەکانی واشنتن لەسەر ئێران زیاتر دەبن، تاران هەوڵ دەدات بۆ سووککردنی باری سەر شانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیە و تورکیا چاک بکاتەوە".

> دوای نەمانی داعش دەکرێ حەشدی شەعبی و پێشمەرگە ڕووی چەکەکانیان لە یەکدی بکەن

ناوەندە ئەمریکییەکە دەڵێت "سعودیە بە قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵاتدا تێدەپەڕێ"، لەو قۆناغەدا ریاز هەوڵ دەدات هەوڵەکانی ئێران بۆ لاوازکردنی حکومەتی سعودیە کەم بکاتەوە. ئێرانیش دەبێ رێگری بکات لەوەی توانا و دەسەڵاتی دیپلۆماتیکی سعودیە کاریگەری لەسەر هەوڵەکانی ئێران لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دانەنێت.

(ستراتفۆر) جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئەو هەوڵانە بەو مانایە نییە ململانێ سەختەکانی نێوان ریاز و تاران کۆتاییان دێت، بەپێچەوانەوە ململانێکانی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ تاران شێوەیەکی نوێی لە عێراق وەرگرتووە، بەتایبەتیش لە کاتێکدا عێراق لە ساڵی 2018 هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی لەپێشە.

لە دوو مانگی رابردوودا موقتەدا سەدر، سەردانی سعودیە و ئیماراتی کردووە. بە گوێرەی راپۆرتەکە لە کەشێکی وەکوو ئەوەی ئێستای بەر لە هەڵبژاردنەکاندا هەیە، سەرکردە شیعەکانی عێراق هەوڵ دەدەن لە نێوان دروشمی نەتەوەگەرا و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران و دۆزینەوەی هاوپەیمانی دەوڵەمەند و بەدەسەڵاتی نوێ لە ناوچەکەدا (بۆ نموونە سعودیە) هاوسەنگی دروست بکەن.



هەنگاوەکانی دوای گشتپرسی

# بژارەکانی هەرێمی کوردستان لەڕووی گوشاری عێراق و هەڕەشە ئیقلیمییەکان

> ئەگەر هەرێمی کوردستان پشووی درێژ نەبێ و پەلە لە ڕاگەیاندنی دەوڵەت بکات، یان لەکاتی گفتوگۆدا ڕەچاوی پەرتەوازەیی ناوماڵی خۆی و هەڕەشـەی هێزە ئیقلیمیەکان و ئەولەویەتەکانی هێزە جیهانییەکان نەکات، ئەوا دەبێ حیسابی بەربەست و تەحەدای مەزن بکات



دلاوەر عەلائەدین*

پێش و پاش گشتپرسی، بۆ خەڵکی جیهان دەرکەوت کە خواستی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە بەدەوڵەتبوون کەمتر نییە و نابێ، بەڵام پرۆسەی دامەزراندنەکەی و کاتی ڕاگەیاندنەکەی جێگەی مشتومڕە. ئەزموونی وڵاتانی دیکە نیشانیان داوە کە ڕاگەیاندنی دەوڵەت پێویستی بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک فاکتەری گرنگە، لەوانە هێزی ناوەکی، پاڵپشتی زلهێزێکی جیهانی و هەڵبژاردنی باشترین کاتی ڕاگەیاندن.

## هێزی ناوەکی

گرەوی هەرێمی کوردستان بۆ هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی لەو کاتوساتەدا تا ڕادەیەک پەیوەست بوو بەوەی کە ئیمڕۆ هێزە عێراقی و ئیقلیمییەکان پەرتەوازە و ناتەبان. بەڵام حاڵی هێزە ناوکیەکانی هەرێمیش بە هەمان شێوەیە. دیارە لەو چەند ساڵەی دواییدا حاڵەتی پەرتەوازەیی و ناتەبایی نێو هێزە کوردییەکان وەک ڕێژەی نەگۆڕ دەقی گرتووە و بووەتە حاڵەتە سروشتیە نۆرماڵەکە. بێگومان یەکڕیزیەکەی ڕۆژی 25ی ئەیلول دیاردەیەکی زۆر گرنگ و بێ وێنە بوو، بەڵام زۆر بە قورسی هاتە کایەوە و مەودای کاریگەریەکەی تەنیا بۆ 24 کاژێر بوو، لەوێ بەدواوە کەلێنەکان خێرا دەرکەوتنەوە. کەچی لە بەرامبەردا هێزە عێراقی و ئیقلیمیە لێکترازاوەکان بەهۆی گشتپرسییەوە لەیەکتر نزیکبوونەوە. بۆیە ئێستا لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر پێویستە هەڵوەستە لەسەر باری ناوەکیی هەرێم بکرێ، هەوڵی بەهێزکردنی سیستەمی حوکمڕانیەکەی بدرێت، پەرلەمانی کارا بێ و پرۆسەی بڕیاردانی بەدامەزراوەیی بکرێ و تەرکیزیش بخرێتە سەر ئاشتکردنەوەی هاووڵاتیان و باشترکردنی بژێوی ژیانیان.

## پاڵپشتی جیهانی

لە جیهانی ئیمڕۆدا، دامەزراندن و پاراستنی دەوڵەتێکی نوێ لە هەر قوژبنێکی دونیادا بەبێ پاڵپشتیی زلهێزان کارێکی زۆر زەحمەتە، چجای بەدەوڵەتبوونی هەرێمێکی خنجیلانە لە دەوروبەرێکی دژوار و ناهەموردا. ئەگەر هەرێمی کوردستان بیەوێ پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ خۆی مسۆگەر بکات، پێویستی بەوەیە ئاراستەی کاروانەکەی لەگەڵ هی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یەکبخات. بە وردی پاڵنەری هاوکێشەکان بخوێنێتەوە و بزانێ چۆن ئەولەویەتەکانی خۆی لەگەڵ هی زلهێزێکی دۆست و یەک دوانێک لە هێزە ئیقلیمییەکان هاوئاهەنگ بکات.

دیاردە و ململانێیەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وای دەگەیەنن کە گۆڕانکاری بنەڕەتیی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڕێوەن، ئەگەر کورد پشووی درێژ بێ و خەریکی پتەوکردنی هەناوی خۆی و لۆبیی دەرەکی بێ، ئەوا توانای قۆستنەوەی دەرفەتەکانی ئایندەی دەبێ.

## ئەولەویەتەکانی ئەمەریکا

لە ئێستادا، ئەولەویەتی هەرە بەرزی زلهێزی ئەمەریکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتیە لە شەڕی دژبە تیرۆر کە جارێ هیچ جۆرە سازشێکی لەسەر ناکات. هەر وڵاتێک یان بزووتنەوەیەک لەگەڵ ئەو ئەولەویەتە هەماهەنگ بووبێ، گەورەترین سوودی لە هاوکاریی ئەمەریکی بینیوە. ئەوەتا ڕێکخراوێکی وەکو (پەیەدە) کە سەر بە هێزی (پەکەکە)یە و ئەوەی دواییش لە ئەمەریکا و ئەوروپا بە تیرۆریست لەقەڵەم دراوە، کەچی نەک تەنیا ئەمەریکا خەریکە بەسەر سوریادا فەرزی دەکات، بەڵکو بەدوور نازانرێ تورکیاش ڕازی بکات کە پەیوەندی لەگەڵی باش بکات و دان بە حوکمڕانی (بەرەی دیموکراتی سوریا) دا بنێ. هەتا ئەوکاتەی هەرێمی کوردستان، یان حکومەتی عێراق تەرکیزیان لەسەر ئەو ئەولەویەتەی ئەمەریکا و ئەوروپا بێ، ئەوا بەشە شێری پاڵپشتییەکانی ئەو هێزە جیهانیانەیان دەستدەکەوێ.

ئەولەویەتی دووەمی ئەمەریکا ئەوەیە کە حکومەتی حەیدەر ئەلعەبادی لە حوکمی عێراقدا بەردەوام بێ و لە هەڵبژاردنی گشتیی ئایندەدا سەربکەوێ. ئەمەریکییەکان، ڕاست بن یان هەڵە، وای دادەنێن بەدیلی عەبادی توندڕەوێکی سەر بە کامپی نووری مالیکی دەبێ کە بە سەرسەختییەوە سەر بە ئێران دەبێ. ئەمەریکاییەکان وای دادەنێن کە عەبادی میانڕەوە و ئامادەیە هێدی هێدی عێراق لە ئێران دوور بخاتەوە. بێگومان ڕەنگە لەوەدا زۆر سەهوو بن، چونکە عێراق قولاییەکی ستراتیژی گرنگە بۆ ئێران و لە ماوەی حوکمڕانیی ئەلعەبادیدا، ئێران توانیویەتی عێراق زیاتریش بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، جا بە هێزی حەشدی شەعبی بێ یان بە پشتبەستن بە فاکتەری سیاسی و ئابووری و ئەمنی. لەگەڵ ئەوانەشدا، ئەمەریکا ئامادەیە هەموو هاوپەیمانەکانی هان بدات بۆ ئەوەی ئەو کارەی لێ تێکنەدەن. خۆ بەپێی لۆژیک، وا لە هاوپەیمانێکی بچووکی وەک هەرێمی کوردستان چاوەڕوان دەکرێ کە لەوەدا هاوکار بێ، چونکە تەنانەت مانەوە و سەرکەوتنی خۆی پێویستی بە پاڵپشتیی زلهێز دەبێ.

ئەولەویەتی دواتری ئەمەریکا بریتییە لە تەنگهەڵچنین بە ئێران تاوەکو چەکی ئەتۆمی لێ داماڵێ و نفوزی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەم بکاتەوە. ئەوە خواستێکی ئەمەریکی و ئەورووپی و عەرەب و تورکیا و ئیسرائیلە، زوو یان درەنگ دەبێتە ئەولەویەتێکی لووتکەیی بەڵام لە دوای بەدیهێنانی ئەولەویەتەکانی یەکەم و دووەم. لەو حاڵەتەشدا، هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و کارتێکی بەهێزی دەبێ کە نە ئێران دەتوانێ لێی بێباک بێ و نە ئەمەریکاش دەستی لێ هەڵگرێ.

ئەوکات، دۆستایەتی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان بۆ تەهران گرنگتر دەبێ وەک لە پێچەوانەکەی و لە بەرژەوەندیی ئێراندا دەبێ لە ئێستاوە بە سیاسەتی کۆنی خۆیدا بچێتەوە و هەرێمی کوردستان بۆ خۆی ڕابکێشێ و ڕێگە لە سەرفرازییەکەی نەگرێ. هەر کاتێک ئێران چاوپۆشی لە بەدەوڵەتبوونی کوردستان بکات، ئەوا عێراق و تورکیا توانای ڕێگریکردنیان لێی نابێ. خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە ئێران بووە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوا ئەڵتەرناتیڤی زۆر بەهێز لەبەردەستدا دەبن و ڕەنگە لە بەرژەوەندیی زلهێزە جیهانیەکاندا بێ کە هەرێم لە ئێران بپارێزن و لە عێراقێکی سەر بە ئێران جیای بکەنەوە.

> پێویستە لایەنی کوردی سەرجەم ئەو دەستپێشخەریانە بقۆزێتەوە کە جەخت لە ڕێککەوتن و دۆزینەوەی خاڵی ناوەڕاست دەکەنەوە

هەڵبەتە، هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان جموجۆڵ و گۆڕانکاریی زیاتریشیان لێ چاوەڕوان دەکرێ، هێزە ئیقلیمیەکانیش هەمیشە چاوەڕێی بڕیار و ئەولەویاتی ئەمەریکی نابن، بەڵکو ڕەنگە لە دەرەنجامی ململانێی ئاڵۆزی هەمەپاڵنەردا، هاوکێشەکان لە دیوی تورکیا زیاتر بگۆڕێن. ئیمڕۆ تورکیا تووڕەیی دەردەبڕێ، بۆ کەنارگیرکردنی هەرێمی کوردستان هەماهەنگی لەگەڵ ئێران دەکات، بەڵام ئەو دوو هێزە متمانەیان بەیەکتر نییە و دوورنییە بەهۆی بەرژەوەندیی گەورەتر سیاسەتی هەردوولایان دیسانەوە بگۆڕێ. لەو حاڵەتەدا ڕێی تێدەچێ ئەوجارەیان تورکیا لەگەڵ سعودیە هەماهەنگی بکات و بەیەکەوە ببنە فریادڕەسی هەرێم لە بەرامبەر هەژموونی ئێران.

## باری سیاسی هەرێم و بەغدا

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر هەرێمی کوردستان پشووی درێژ نەبێ و پەلە لە ڕاگەیاندنی دەوڵەت بکات، یان لەکاتی گفتوگۆدا ڕەچاوی پەرتەوازەیی ناو ماڵی خۆی و هەڕەشەی هێزە ئیقلیمیەکان و ئەولەویەتەکانی هێزە جیهانییەکان نەکات، ئەوا دەبێ حیسابی بەربەست و تەحەدای مەزن بکات. هێزی هەناویی ناو هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە کێشەی زۆرە. توانای ئێران و تورکیا لە دەستێوەردان و بنکۆڵکردنی هەرێم زۆر لەوە زیاترە کە درکی پێکراوە. حکومەتی بەغداش، کە لە بەرامبەر هێزە ئیقلیمیەکان و هێزی تیرۆردا لاوازە، لە بەرامبەر هەرێمی کوردستاندا خەریکە بەهێز و بەهێزتر دەبێ. حکومەتی عەبادی تازە لە شەڕی داعشدا وەک ڕزگارکەر خۆی دەنوێنێ و بەهۆی پشتگیریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە متمانەی بەخۆی زیاتر دەبێ. حکومەتی بەغدا پێش گشتپرسی تکای گفتوگۆی لە هەولێر دەکرد، کەچی ئێستا دەبێ تکای لێ بکرێت لە گفتوگۆدا بەشدار ببێ. کە بەشداریش بوو هەڵبەتە توندیەکی زێدە دەنوێنێ تاوەکو ببێتە قارەمانی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق لە بەرامبەر مەترسیی داعش و "خواستی جیاخوازیی کورد".

## ستراتیژی هەرێم

لەجیاتی ئەوەی بەگوتاری ئاگرین و بڕیاری یەکلایەنە دەستی حکومەتی عێراق بەهێزتر بکرێت، پێویستە لایەنی کوردی سەرجەم ئەو دەستپێشخەریانە بقۆزێتەوە کە جەخت لە ڕێککەوتن و دۆزینەوەی خاڵی ناوەڕاست دەکەنەوە. پێویستە ستراتیژی کوردی سێ قۆناغی جیاکەرەوەی تێدابێ: هەنووکەیی بۆ ئاساییکردنەوە، مامناوەندی بۆ گفتوگۆ و ڕێککەوتن، دوورمەودا بۆ دامەزراندنی دەوڵەت.

لە چەند ڕۆژ و هەفتەی ئایندەدا، پێویستە هەرێم لە بارەی فرۆکەخانە و دەروازە سنوورییەکان و مەسەلەی نەوت و گازەوە دەستپێشخەری بکات لە پێشکەشکردنی هەندێ سازش و پێشنیازی عەمەلی. بەوە تەرکیزی بەغدا بخاتە سەر وردەکارییە تەکنیکییەکان و بەهۆیانەوە پردی پەیوەندی و گفتوگۆ دروست بکاتەوە. لەو میانەدا شتێک بەدەست عەبادیەوە بدات تاوەکو مەوقیعی لە نێو شیعەکان لاواز نەکات و عەبادیش لە بەرامبەردا بتوانێ هاوکاری هەرێم بێت. ئەو جۆرە دەستپێشخەرییە دڵی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی ڕازی دەکات و ڕێگەیان بۆ خۆش دەکات هاوکاربن و گوڕێک بە نێوەندگیرییەکان بدەنەوە و ڕێگە نەدەن هەرێم لە عوزلەدا گیر بخوات. هاوکات، لایەنی کوردی پشووی لە گفتوگۆکاندا درێژ بێ و هەتا کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی عێراق تەنسیق لەگەڵ عەبادی بکات. لە گوتارەکاندا نەرمی بنوێنێ تاوەکو چیتر نەبێتە ئامانجی ڕمحەکان و چەقی موزایەدەی پۆپۆلیستی نێو عێراقیەکان و دراوسێکان.

لەو نێوەدا، پێویستە هەرێمی کوردستان خۆی بۆ قۆناغی گفتوگۆی جیددی سەبارەت بە داڕشتنەوەی پەیوەندی حوکمڕانی نێوان بەغدا و هەولێر ئامادە بکات و هەوڵ بدات لە مەودای مامناوەندیدا بە کۆمەڵێک دەستکەوتی نوێوە دۆزەکە بباتە پێشەوە. ئەوەی دەمێنێیەوە (واتە بەدەوڵەتبوون) بۆ ئەو کاتەی بهێڵێتەوە کە ئەستێرەکەی لەگەڵ مانگ و ڕۆژ دەکەونە سەر یەک هێڵی ڕاست.

پێویستە لە ئێستاوە سەرکردایەتی کورد کەمترین و زۆرترینی ئەو داواکاریانە دیاری بکەن کە لە گفتوگۆکاندا پێی ڕازی دەبن و دەشزانن لە بەغدا مایەی قەبوڵکردن دەبن. شایانی باسە کە پێش ئەنجامدانی گشتپرسی، سەرکردەکانی بەغدا ئامادە بوون، جگە لە سەربەخۆیی، گفتوگۆ لەسەر هەموو جۆرە گۆڕمەیەک بکەن بە سیستەمی فیدراڵیشەوە، بەڵام لە ئێستادا، ئەوانە بە هیچ شتێکی دەرەوەی دەستوور ڕازی نابن و بەلایانەوە دەبێ کورد سوپاسی خودا بکات ئەگەر مادەی 140 ی دەستووری بۆ جێبەجێ بکرێت.

جموجۆڵەکانی ئێستای بەغدا بۆ ئەوەن نەک تەنیا حاڵەتی پێشوو بەردەوام بکەن، بگرە دەسەڵاتە سیادیەکانیش لە هەرێم بستێننەوە. هەڵبەتە، ئەوە لە گفتوگۆدا یەکەم وەرەقەی دەستپێکی لایەنی عێراقی دەبێ، هەروەک چۆن یەکەم وەرەقەی دەسپێکی هەرێمیش بە پێچەوانەوە، بە میچێکی بەرزەوە دەستپێدەکات و داوای دەوڵەت دەکات. هەردوو لاشیان دەزانن لە بارودۆخی ئیمڕۆدا هیچکام لەو دوو جەمسەرە قابیلی قەبوڵکردنی هەردوولا نین، بەڵام لەنێوانیاندا مەسافەیەکی بەرفراوان هەیە کە دەکرێ خاڵی ڕێککەوتنی تێدا بدۆزرێتەوە. بە ڕێککەوتن لەسەر سازشێک بۆ قۆناغی ئێستا ئەو مانایە ناگەیەنێ کە ئەنجامی گشتپرسی پووچەڵ دەبێتەوە، بەڵکو لایەنی کوردی هەمیشە دەست بەو (بەڵێ)یە گرنگەی گشتپرسییەوە دەگرێت.

## خواستەکانی هەرێمی کوردستان

دەکرێ داواکاریەکان بە گۆڕمە (پاکێج) بن کە چەندین خواست و مەرجی سیاسی و ئابووری و عەسکەری و ئەمنی و دەسەڵاتی سیادییان تێدا بێت و بە وردەکاریەکی زۆرەوە بە شێوازی کۆنتراکتێکی چڕوپڕ بنووسرێنەوە. بە شێوەیەکی گشتگیرانە، دەکرێ گۆڕمەکان هەر یەکێک، یان تێکەڵێک لەوانەی تێدابێ:

> تواناى ئێران و تورکیا لە دەستێوەردان و بنکۆڵکردنی هەرێمی کوردستان زۆر زیاترە لەوەی درکی پێکراوە

- دەکرێ ئەو فیدراڵیەی ئێستا لە ئارادایە، گەشەیەکی بەرچاوی پێ بدرێت. بۆ نموونە، سەرجەم ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی هەرێمن، بەفەرمی بخرێنە سەر هەرێم و دەسەڵاتی سیادیی زۆر زیاتریش بە هەرێم بدرێت. واتە، وەک کیانێکی نیمچە کۆنفیدراڵی لێ دروست بێت، جا گرنگ نییە ناوی کۆنفیدراڵی لێ بنرێت یان نا.
- دەکرێ بەپێی دەستووری ئێستا، باس لە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەیکەری سیستەمی حوکمڕانی عێراق بکرێ و هەرێم ببێتە هاندەرێک کە تەواوی کێشەکانی حوکمڕانی لە عێراق چارەسەر بکرێ و عێراق بۆ چەندین یەکەی فیدراڵی خورد بکرێتەوە. لەو نێوەدا لایەنی کورد دەستی لە داڕشتنەوەی پارێزگاکانی کەرکووک و نەینەوا و دیالە و سەرجەم دەوروبەرەکەیدا هەبێ، لە هەمووشیاندا ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکان لە ناوچەکانی دیکە جیا بکرێنەوە و هەریەکەیان بە میکانیزمی نوێی جیاواز یەکلایی بکرێنەوە. بۆ نموونە، ناوچە کوردستانیەکانی نەینەوا کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدان، بە پێی گشتپرسیەک لە ئاستی قەزا و ناحیەکاندا بخرێنەوە سەر هەولێر و دهۆک، ناوچە هاوشێوەکانی خواروو بخرێنە سەر کەرکووک، سلێمانی یان هەڵەبجە.

دەکرێ پارێزگای کەرکووکیش بە میکانیزمێکی جیا بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، یان بکرێتە (حاڵەتێکی تایبەت) لەناو هەرێم یان هەرێمێکی سەربەخۆ بێت بەو مەرجەی کە هێزی پێشمەرگە و ئاسایشەکەی دەستاودەست نەکەن و لەژێر دەسەڵاتی کوردیدا بمێننەوە. پێشوەختە ڕێککەوتن هەبێ لەسەر ئەوەی دوای بەهەرێمکردنی کەرکووک و ئاساییکردنەوە، گشتپرسیەک لە ئاستی پارێزگا ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی لە نێوان یەکگرتنەوەیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان یان بەغدا یان مانەوە بە هەرێمی جیا بژارەیان هەبێ. لە هەموو حاڵەتێکدا، ئەگەر هەرێمی کوردستان بوو بە دەوڵەت، ئەوا هەرێمی کەرکووکیش لە هەمان پرۆسەدا بەشدار دەبێت و ملکەچی هەمان پرۆسە دەکرێت.

## دۆستداری و دۆستپارێزی

هەڵبەتە لە کەشی کرژیی دوای گشتپرسیدا، ڕەنگە ئەو جۆرە بژارانە لە لایەن هەرێم یان بەغداوە بە ئاسانی ڕەچاو نەکرێن، بەڵام بەدیلەکانیان زۆر لەوانە خراپترن. پێش گشتپرسی، هاوپەیمانانی دەرەکی دەستپێشخەریی زۆریان کرد و هەوڵی نێوانگیریی زۆریان دا، بەڵام ئێستا ئەوانە دڵشکاو و نیگەرانن و لە خیتابی کوردی بەگلەیین، چاوەڕێن هەرێمی کوردستان کارێکی وا بکات حکومەتی عێراق بێنێتە سەر مێز و گفتوگۆی جیددی لەگەڵدا بکات. پێیانوایە، هەرێمی کوردستان ئەو گرفت و ئاڵۆزیانەی بەسەر خۆی هێناوە و هەر دەبێ خۆیشی لە زەمینەسازکردن بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی بێ پێشمەرج دەستپێشخەربێ. ئەگەر هەرێم لە ڕۆژێکی وادا چاوی لە هاوکاری دۆستە هاوپەیمانەکانیەتی، دەبێ خۆیشی تا نیوەی ڕێگاکە بپێوێ و یارمەتی خۆی بدات تاوەکو دۆستەکانی بتوانن یارمەتی بدەن.

دەبێ گوتاری کوردی کەمتر باس لە براوە و دۆڕاو بکات، یان باس لە یەک دەرئەنجام بکات، لەجیاتیان باس لە سیناریۆی براوە-براوە بکات و بە هەموو شێوازێک شەبەحی شەڕ یان ئابڵۆقەی درێژخایەن لەسەرخۆی لابەرێ. لەوەدا پێویستە ئاڵقەی لۆبی فراوانتر بکات و سەرجەم دۆستەکانی بەکاربێنێ بۆ گوشارخستنە سەر حکومەتەکانی عێراق و تورکیا و ئێران. ڕاستە زۆر لە ئەمەریکی و ئەورووپیەکان ڕەنجاون، بەڵام مانای وانییە کە چیتر دۆستی کورد نین. تەنانەت لەنێو عێراقی و تورکی و ئێرانیەکانیشدا هەرێمی کوردستان دۆستی زۆری ماوە. چیتر ڕاست نییە کە دەڵێن کورد دۆستی نییە لە غەیری چیاکانی، بەڵکو پێویستە خۆیشی فێری دۆستپارێزی ببێ و نەبێتە گەورەترین دوژمنی خۆی.

*سەرۆکی ئینستیتیوتی مێری



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# ئێران ڕێگاکەی دەگۆڕێت؟

کوردستان بەحوکمی پێگە جوگرافیەکەی، هەروەها بەهۆی ئەو ڕووداوانەی وەک لێکەوتەی شەڕی داعش لە ناوچەکەدا کەوتوونەتەوە، بەبێ خواست و ئیرادەی خۆمان بووە بە بەشێک لە ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوچەکە و بووین بە بەشێک لە ململانێ نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان. ئێستا ئەوەی لەسەر مێزی زلهێزەکانی دونیا دەگوزەرێ پەیوەست بە ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕاستەوخۆ بەشێکی گرنگی پەیوەندی بە چارەنووسی ئێمەوە هەیە. هەروەها ئەو ستراتیژ و ئامانجە دوورمەودایانەی سیاسەتی نێودەوڵەتی دیارییان کردووە بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە، لەوەشدا ئێمە بەشێکی گرنگی ئەو ستراتیژەین.

یەکێک لە پرۆژە ستراتیژییەکانی ئەمریکا بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرۆژەی بەرنارد لویسە کە لە 1983 پێشکەش بە کۆنگرێسی ئەمریکا کراوە بۆ دابەشکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەت ساڵ دوای سایکس پیکۆ. بەپێی پلانەکە، بڕیار وایە لە 2018 دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت و ناوچەکە بۆ زیاتر لە 30 دەوڵەت دابەش بکرێتەوە. لە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا دەوڵەتی کوردستانیش لەدایک دەبێت. یەکێکی دیکە لە پێشهاتە پێشبینیکراوەکانی ئەو پرۆژەیە پێکەوەبەستنەوەی نفوزی ئێرانە، ئەوەی شا عەبدوڵڵای پادشای ئوردن لە 2004 بە هیلالی شیعی ناوی برد. مەبەستم لە پێکەوەبەستنی ئەم دوو پێشهاتە (دەوڵەتی کوردستان و هیلالی شیعی)، لەم وتارەدا ئەوەیە کە ئەگەرەکانی (وابەستەیی و بەریەککەوتن)ی کوردستان و ئێران شەنوکەو بکەین. کورد و فارس زۆر لە پێش هاتنی ئیسلامەوە لەم ناوچەیە پێکەوە دەژین، ڕەگوڕیشەی کولتوور و زمان و مێژووی هاوبەش زیاتر پێکەوەیان دەبەستێت وەک لەو دابەشبوونە مەزهەبییەی لە ئاینی ئیسلامەوە بۆیان ماوەتەوە، پرسیار ئەوەیە ئایا لە پێشهاتەکانی داهاتوودا ئەگەری بەریەککەوتن دەبێتە دوا بژارەی نێوانیان، یان دەتوانن ئەو وابەستەییە بپارێزن و بە ئاشتی پێکەوە بژین؟ کە ئەمەش لە سادەترین دەربڕیندا بەوە دەستەبەر دەبێت ئێران چاوی لە خاکی کوردستان نەبێت.

دوای ڕووخانی سەدام و بەدیاریکراوی لە دوای کشانەوەی ئەمریکاوە لە عێراق، دەرگا بەڕووی ئێراندا کرایەوە تا ئەوەی لە خەیاڵ و لەسەر نەخشە خەونیان پێوە دەبینی، دەست بەهەنگاوی کرداری بکەن بۆ بەدیهێنانی کە ئەویش پێکەوەبەستنەوەی ئێران، عێراق، سووریا و لوبنان بوو. ئەمریکا عێراقی لەسەر سینییەکی زێڕ پێشکەش بە ئێران کرد، زوو کۆنترۆڵی ناوەندەکانی دەسەڵاتیان کرد، بەڵام گرفتی گەورەی بەردەمیان ئەو دابەشکارییە جوگرافیەی کورد و سوننە بوو کە بووە لەمپەر لەبەردەم گەیشتن بە سووریا. سیناریۆی داعش و ئەو ڕووداو و لێکەوتانەی وەک دەرئەنجام لێی کەوتوونەتەوە، ئەو کێشەیەی بۆ ئێران چارەسەر کرد. کوردستانی ناچار کرد پەنا بۆ سەربەخۆیی بەرێت، ئێستا کوردستان قۆناغی سەختی ئەنجامدانی گشتپرسی تێپەڕاند و کار بۆ چەسپاندنی ئەنجامەکەی دەکات. هەمان ئەو هۆکارانە ڕێگەی بۆ پێکەوە بەستنەوەی ناوچە شیعەنشینەکان خۆشکرد و ئێستا ئێران لە تارانەوە بەڕێگەی وشکانی گەیشتووەتە عێراق و سووریا و لوبنان کە ئەمە یەکێک لە ئامانجەکانی شۆڕش و ستراتیژەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو.

لەم دۆخە ناسەقامگیرەدا ئێران گەیشتووە بە ئامانجەکەی، بەڵام هێشتا دۆخەکە ئارام نەبووەتەوە و ئەوەی بۆ ئایندە دەبێتە سەنگی مەحەکی ئارامیی ئەم ناوچەیە و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی کوردستان و ئێران ئەوەیە، ئێران کام ڕێگا هەڵدەبژێرێت وەک پردی پەڕینەوە. چونکە سەرباری ئەوەی ئێران وەک ستراتیژێک دەیان ساڵە کار بۆ ئەو پلانە دەکات، بەڵام ئاراستەی ڕووداوەکان و هەلومەرجە بابەتییەکان دۆخێکی ناسەقامگیریان بۆ دروستکردووە کە نەتوانێ بە ئاسانی بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی ڕێگەکە بدات. ئەوەی ئێستا بۆی دەستەبەر بووە بەهۆی ناسەقامگیری و بوونی شەڕەوەیە لە ناوچەکە.

سەرەتای دەرکەوتن و هاتنی داعش بۆ عێراق، ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچوون کە ئێران بەهۆی ناسەقامگیریی دەسەڵات و بوونی عەرەب و تورکمانی شیعە لەو ناوچانە، چاوی بڕیبێتە ناوچە کوردستانییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، تا وەکوو پردی پەڕینەوە (تاران بە دیمەشق)ـەوە ببەستێتەوە کە بەهۆی ناکۆکیی نێوان کورد و بەغدا و ململانێی نێوان پێکهاتەکانەوە لەسەر ئەرزی واقیع، دەرفەتی زۆری بۆ دەستوەردانی دەسەڵاتی شیعی دەڕەخساند تا بەپاساوی ڕێگری لە بەریەککەوتن هێزی زۆری میلیشیا شیعییەکان بەرێتە ناوچەکە و بەوهۆیەوە ئێران وەک ڕێگەیەکی ئارام بەکاری ببردایە کە شەنگال بە حوکمی جوگرافیا یەکێک لە قوربانییەکانی پێویستیی دەستەبەربوونی ئەو ڕێگەیە بوو. بەڵام سەرکەوتنی هێزە کوردییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان کە نزیک لە ئێران بوون، هەروەها کۆنترۆڵکردنەوەی شاری حەلەب لەلایەن دەسەڵاتداریتی سووریاوە و پەیوەندیی بەرفراوانی یەکێتیی لە زۆنی سلێمانی لەگەڵ ئێران، خواستی ئێرانی فراوانتر کرد کە بیر لەوە بکاتەوە ئاراستەی ئەو ڕێگە وشکانییە بگۆڕێت بۆ قووڵاییەکی دڵنیاتر و دوورخستنەوەی لە ناوچە سوننییەکان، وەک ئەوەی لە زاری ڕۆحانییەوە پلانەکەی ئاشکرا کرد و بەهێڵی شەمەندەفەری نێوان تاران کرماشان سلێمانی حەلەب ناوی برد و لە بنەڕەتدا پرۆژەیەکی سیاسی ئابووری سەربازی بوو.

کاتێ کوردستان بڕیاری گشتپرسی دا، ئێران تووشی شۆک بوو کە ڕیسەکەی لێ ببێتەوە بە خوری، گوشار و هەڕەشەی زۆری کرد، بەڵام بێ ئاکام بوو، هیچکات چاوەڕوانی ئەوە نەبوو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەو جۆرە وەڵامیان بداتەوە، تەنانەت دواجار گەڕایەوە سەر پرۆژە کۆنەکەی خۆی کە پێشتر چاوی لەسەری بوو (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم)، بەڵام یەکێتی لەوەشدا سازشی نەکرد، یەکێتی ئەوەی بۆ خستنەڕوو کە پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ ئێران بەمانای سازشکردن نییە لەسەر خواست و مافەکانی گەلی کوردستان. لە هەمانکاتدا هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیش کە ئێران ئومێدێکی زۆری لەسەر هەڵچنیبوون، پشتیانکردە ئێران و کەوتنە بەرەی ئەمریکاوە. ئەمە دۆخەکەی بۆ ئێران ئاڵۆزتر کرد، تەنانەت لە ئەگەری بڕینی سنوورەکانی باشووری کوردستانیشدا، هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوا بە پشتیوانیی ئەمریکا دەبنەوە بە کۆسپ بۆ ئێران. بۆیە باشتر وایە ئێران هێڵی (کرماشان سلێمانی حەلەب) لە خەیاڵدانی بسڕێتەوە، بەتایبەت کە ئێستا ئەگەرێکی زۆریش هەیە (ئیدلب) بکەوێتە ژێر هەژموونی تورکیاوە و بەوەش لەمپەرێکی سەختتر بۆ گەیشتنی ئێران بە دەریا دروست دەبێت.

دوای ئەم پێشهاتە تازانە، ئێران دەبێ بە نەخشەکەیدا بچێتەوە و باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان وەک یارمەتیدەر لە ستراتیژی هیلالە شیعیەکە بخاتە دەرەوە. چاو ببڕێتە ئەو دوو ڕێگایەی تر کە دەتوانن ئامانجەکەی بۆ دەستەبەر بکەن، ئەوانیش ڕێگەی (ئیلام سامەڕا قائیم حەما) کە هێنانەوەی داعش بۆ ناوچەکانی ئەلبوکەمال و هەوڵە چڕەکانی سوپای ئەسەد بۆ گەیشتن بە مەیادین و دێرەزوور یەکێک لە ئاماژەکانی ئەو پردی پێکگەیشتنەیە، یان ڕێگەی سەقامگیرتری (ئەسفەهان کوت کەربەلا ڕوتبە حمس). بەمەش لەلایەک ئامانجە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی لە هیلالە شیعیەکە دەستەبەر دەکات و لەگەڵ کوردستانیش بۆ داهاتوویەکی دوورمەودا دەتوانێ وەک دراوسێیەکی باش پێکەوە بژین.



میشێل ڤیڤیۆرکا*

# بەرەو کۆنفیدراڵیزمی عێراقی

لە ڕۆژگاری خۆماندا، بیرۆکەی نەتەوە دەمودەست دەبەسترێتەوە بە بیرۆکەی ناسیۆنالیزمەوە، لەویشەوە پەیوەندیدار دەکرێتەوە بە خراپترین جۆرەکانی توندئاژۆیی - لەوانەش توندئاژۆیی بزووتنەوە ڕاسترەوەکان، ڕەگەزپەرستی، زینۆفۆبیا، کە داوای داخران و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی یەکڕەنگ لەڕووی ئەتنیکی و نەژادییەوە دەکەن. بەڵام مێژوو هەمیشە بەو چەشنە نەبووە، گشتپرسییەکانی ئەمدواییەی سکۆتلاند، کاتالۆنیا و کوردستانی عێراق بۆ دیاریکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس جەخت لەسەر کۆمەڵێک داوای دیموکراتیک دەکەنەوە کە زۆر دوورن لە مەیلە سروشتییە ناسیۆنالیستییەکان، واتە ئەو مەیلانەی هێزی پاڵنەری دەنگدەرە ڕاسترەوە توندئاژۆکان و هەندێکجاریش پاڵنەری بزووتنەوە هەرە توندئاژۆ ڕاسترەوەکانن.

ڕەنگە کەیسی کوردستان زیاتر لە هەموو کەیسەکانی دیکە شایانی بیرکردنەوەی ورد بێت. کورد ئەو نەتەوەیەیە کە بەڵێنەکانی پەیماننامەی ڤێرسالیس، لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ جێبەجێ نەکراوە. کورد گەلێکە کە بەدەستی ڕژێمی سەدام حوسێن ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی، کیمیاباران و هەموو جۆرەکانی دڕندەیی بووەتەوە. یانیش نیمچە دەوڵەتێکە خاوەن نەزم کە هێزە چەکدارەکانی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە جەنگی دژی داعشدا هەبووە و تاوەکوو ئێستاش هەیانە. (کاتێک باسی کوردستان دەکەین) باسی دیموکراسییەک دەکەین کە بە ئاشکرا لە دەستوورەکەیدا یەکسانیی نێوان پیاو و ئافرەت لەبەرچاو گیراوە و سیستەمە سیاسییەکەی، بە هەموو لاوازییەکانییەوە، هەر هێندەی ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە قەیراندایە. هیچ کەسێک هەیە بتوانێت لە ناوچەیەکی وەکوو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا باشتر لەوە بکات کە کوردستان کردوویەتی؟

ڕەنگە لە سازدانی گشتپرسییەکەدا کە هاوشێوەی گشتپرسییەکەی سکۆتلاند و بە پێچەوانەی گشتپرسییەکەی کاتالۆنیا، بێ شەڕ و پێکدادان بەڕێوەچوو، مەسعود بارزانی، سەرۆکی ئەو ناوچەیەی هەتا ئێستاش هەرێمێکی ئۆتۆنۆمە، کۆمەڵێک تموحی کەسی و دڵنیاکەرەوەی هەبووبێت، لەوانەش ئاواتی بەدەستهێنانەوەی ئەو پێگەیەی پێشتر لە کوردستان هەیبووە و ئێستا لاواز بووە. بەڵام ئەمە پرسە سەرەکییەکە نییە: بەڵکو خاڵە سەرەکییەکە ئەو ژمارە بەرچاوەی دەنگی "بەڵێ"یە بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە ئەو شەرعییەتەی (بەهۆی دەنگی "بەڵێ"وە بەدەستهێنراوە) دەسەڵاتدارانی کوردستان هان دەدات بەرەو ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا سەربەخۆیی ڕابگەیەنن؟ بێگومان نەخێر.

ڕاستیەکەی، سەرۆک بارزانی بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە حەز دەکات لە ئێستا بەدواوە دەست بە دانوستاندن بکەن. وێناکردنی قۆناغی گرنگی داهاتوو لە پرۆسەیەکی لەوجۆرەدا کارێکی سەخت نییە. دەشێت لەناو ئەو هەلومەرجەی ئێستا، واتە فیدراڵیزمی عێراق و ئەو سەربەخۆییەی کورد لەمێژە خەونی پێوە دەبینێت، وێنای مۆدێلێکی نێوانگیری کۆنفیدراڵی بکەین، کە تێیدا ئاستی ئۆتۆنۆمییەکە زیاترە و دەشێت کوردی عێراقیش لەناو دەوڵەتی عێراقدا پێی ڕازی بن.

سیناریۆیەکی لەم جۆرە یەکسەر ڕووبەڕووی (دژایەتی) حکومەتی عێراق دەبێتەوە، بەڵام عێراق دەوڵەتێکی لاوازە. ئەوان بەبێ پێشمەرگە هیچکات نەیاندەتوانی بەشداری لە شکستی داعشدا بکەن. بنیاتنانەوەی عێراق دەبێ بە پرۆژەیەکی واقیعبینانە ئەگەر بێت و حکومەتی عێراق هەوڵبدات بە دانوستاندن لەگەڵ کوردستان ڕێکبکەوێت. لێرەدا مەسەلەکە دابەشکردنی دەوڵەتێک نییە، وەکوو چۆن لە کەیسی کاتالۆنیادا دەشێت وێنەی دۆخێکی لەو جۆرە بکەین، بەڵکو مەسەلەکە جەختکردنەوە لەسەر دەوڵەتی کوردستانە لەناو چوارچێوەی مۆدێلێکی کۆنفیدراڵیدا، ئەمەش لەناو دەوڵەتێکدا کە ئێستا بە ڕەوشێکی یەکجار خراپدا تێدەپەڕێت.

گشتپرسییەکەی کوردستان بووە هۆی ئەوەی کاردانەوەی نەرێنی لە زۆر وڵاتدا سەرهەڵبدات: ئیسرائیل تاکە وڵاتە پشتگیری خۆی پیشان دابێت. ڕاستە ئەگەر لەبری دەوڵەتی نیمچە سەربەخۆی کوردستان دەوڵەتێکی تەواو سەربەخۆ دابمەزرێت بارودۆخی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام هەڵەیە ئەگەر بگوترێت دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەبێت بە سەرچاوەی هێز بۆ کوردی پارچەکانی دیکەش، بە تایبەتیش کوردی تورکیا. کوردستانی عێراق زۆر جیاوازە لە پەکەکە لە تورکیا.

ئەو وڵاتانەی لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خاوەنی زۆرترین دەسەڵات و کاریگەرین دەبێ هەرچی زووترە واز لەو ڕوانگەیە بهێنن کە تێیدا ڕەتی دەکەنەوە مەسعود بارزانی لەبەرچاو بگرن. کاتی ئەوە هاتووە ئەو وڵاتانە ڕازی بن بەوەی پشتگیری لە پرۆسەیەک بکەن کە تێیدا نەتەوەیەک دەیەوێت دەوڵەتێک دابمەزرێنێت، توانای ئەوەی هەیە لەڕووی سەربازییەوە بەشداری لە سەقامگیرکردنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بکات و دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بۆ خەڵکەکەی خۆی گەرەنتی بکات.

***پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا سەرۆکی خانەی زانستە مرۆییەکانی پاریسە و ئەم وتارەی بە تایبەتی بۆ (ڕووداو) نووسیوە.**



هیلال ئیبراهیم

# راستیی مەزن

# کورد و تاقیکردنەوەی جیهان

کورد پاش سەدان ساڵ بەم کردارە سیاسییەی کە دەنگدان بوو بۆ سەربەخۆیی، جارێکی دیکە جیهان تاقی دەکاتەوە. لەگەڵ تاقیکردنەوەی جیهان ئەو هەڵوێستە تەواو جوامێرانە و جێگای بایەخ بوو کە چاوەڕێی جیهانمان نەکرد ئەو (حەق)مان پێبدات ئیرادەی خۆمان تاقی بکەینەوە.

بەدرێژای مێژوو هیچ گەل و نەتەوەیەک بۆ تاقیکردنەوەی (حەق) و (ئازادی لە بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی) پرسی بە گەل و نەتەوەی دیکە نەکردووە. ئەوە (حەق-ماف)ە و پێویستە ئازادانە بەکاربهێنرێت. ئێستا دوای هەزاران ساڵ بۆچی کورد ئەم پرسیارە بکا.

پێشتر ڕام وابوو پێویستە کورد دەوڵەتی خۆی تاقی بکاتەوە، دەوڵەت و نەتەوە و گەلان هەڵبرەخسێنن و شانس بدەنە کورد تا خۆی ببینێتەوە لەنێو ئەو چوارچێوەیەدا، واتە خۆی لەناو دەوڵەتدا تاقی بکاتەوە کە ئایا دەتوانێت خۆی خۆی بەڕێوە ببات، لەدوای دووبارە خوێندنەوەی مێژوو. کورد لەنێو چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی پێشوو (لە سەردەمی ئیمپراتۆرە جیاجیاکانی وەک ساسانی، بێزەنتی، سەفەوی و عوسمانی و کۆنتریش لەوان. .. تا دەوڵەتانی مۆدێرنیش) لەو ئەزموونە جیاجیایانەی ڕابردوو ئیمپراتۆرەکان، نەتەوە و گەلان و دەوڵەتان کوردیان خستووەتە دڵەڕاوکێوە کە ناتوانێ خۆی خۆی بەڕێوە ببات، هەر بەو پاساوەش ڕێگایان گرتووە لە خۆبەڕێوەبردنی، بەڵام ڕاستیی ڕووداوە مێژووییەکان وێنە و نەقشی دیکەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، هەر لەبەر ئەوە سەرلەبەری ئەو پرسیارە لەبارەی خۆتاقیکردنەوەی (خۆبەڕێوەبردنی کورد) دەخەمە لاوە و هەر کاتێک، هەر کەسێک و لە هەر شوێنێک ئەم پرسیارە بخاتە ڕوو (ئایا کورد دەتوانێ خۆی خۆی بەڕێوە ببات؟) دەکەوێتە هەڵەوە، تەنانەت دەکەوێتە حاڵەتی گەمژەییەوە، لەبەر ئەوە ئێستا ئەو پرسیارە دەخەمە ڕوو ئێمە لەکوێی عەقڵی ئەم جیهانەداین؟

دەبێ جیهان چۆن وەڵامی ئەو تاقیکردنەوە مێژووییە بداتەوە کە تێیکەوتووە؟

پێشتر و تا ئەم ساتەوەختەش ئێمە لە هەموو شوێنێکی جیهانین و لە هیچ شوێنێکیش. هەموو وڵاتانی جیهان وڵاتی ئێمەن و لەگەڵ ئەوەدا بێ وڵات دەژین. زیاتر لە سێ هەزار ساڵە وەک گەڕیدە دەژین. لەو گەشتە درێژەماندا زۆر جۆری ئازارمان تاقی کردەوە، ئازاری هەر قۆناغ و سەدەیەک تامێکی هەبوو، زوڵم و ستەمی هەر سەدەیەک قوربانیی زیاتری بە ئێمە دا. لەگەڵ ئەو گەشتە درێژە لە گەڕیدەیی و ئازار هەر سەدەو هێزی زیاتری بەخشیە ئێمە. ئەو هەستکردنەی کورد بە غەریبی و ئازارچەشتن لەم جیهانەدا ڕۆچووەتە ناو ڕۆحی مێژوو.

لە دێرزەمانەوە زانیومانە کە کێشەی ئێمە لەم جیهانەدا کێشەی بوونە، کێشەمان ئەوەیە کە هێشتا زۆربەی یان دەتوانم بڵێم هیچ گەل و نەتەوەیەکی ئەم جیهانە بە (ڕاستی) نەیویستووە یان نایەوێت دان بە ڕاستیی وجودی کورد وەک نەتەوەیەک بنێت. کێشەی ئێمە لەگەڵ جیهان بەدرێژایی سەدەکانی ڕابردوو چوارچێوەیەک یان سنوورێک بۆ بەڕێوەبردن یان سیستەمێکی وەک میرنشین یان هەرێم و دەوڵەت نەبووە، بەڵکو کێشەی ئێمە دانانان بووە بە هەبوونمان وەک بوونەوەرێک لەسەر ئەم هەسارەیە، نەک ئێستا و لە سەدەکانی ڕابردووش ئەگەر کورد بیتوانیایە و خاوەنی ئەو هێزە بووایە، لە دژی ئەو نکۆڵیەی کە لێی کراوە و لێیدەکرێت، سەرزەویی جێدەهێشت و دەڕۆیشت بۆ ئەستێرەیەکی تر. ئەو ڕۆحی هەستکردنە بە غەریبی و نکۆڵیکردن وای لە کورد کردووە بەدڵ بجەنگێت (جەنگان بە دڵ)*.

تائێستاش کورد بەدڵ دەجەنگێت، لەگەڵ جەنگان بەدڵ لە دژی عەقڵ و بیری نکۆڵیکردن و سڕینەوە، کورد هەموو هێز و توانای عەقڵی و جەستەیی بۆ هەمان حاڵەت (ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ عەقڵی نکۆلیکردن) خەرج کردووە.

لەئێستا بەدواوە هیوا دەخوازین دەوڵەت و نەتەوە و گەلان ڕێگا بدەن کورد ئەو توانا و هێزە بۆ دەرخستنی تواناکانی خۆی بۆ خۆی تەرخان بکا، هیوا دەخوازین گەل و نەتەوە و دەوڵەتانی جیهان دان بەهەبوونی کورد وەک نەتەوەیەک بنێن.

ڕێگای کورد بۆ گەیشتن بەو ڕۆژە کە گەل و نەتەوە و دەوڵەتەکانی نێو ئەم جیهانە هەست بە بوونی بکەن گەلێک سەختە، بەڵام لە کۆتاییدا زۆر ڕوون و درەوشاوەیە. کاتێ ئەو حاڵەت و سەردەمە دەستپێدەکات، ئیتر دیوە شاراوەکانی مێژووەکەی، توانا و هێزەکەی دەبینین.

بۆ لەمەودوا ڕێگای سەختی نوێ لەبەردەم ئێمەدا دەستپێدەکات کە بۆ جیهان و مرۆڤایەتی بسەلمێنین ئێمە کێین؟ دەمانەوێت چۆن لەم جیهانە بژین؟

بەڵام ڕاستیی مەزن ئەوەیە کە ئێمە جیهان لەخۆماندا تاقی دەکەینەوە، نەک جیهان ئێمە تاقی دەکاتەوە.

* کسێنۆفۆن یان گەزنەفۆن لە گێڕانەوەکەیدا کە بە ( ئاناباسیس) بۆ زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی وەرگێڕدراوە، بەڵام بە زمانی یۆنانی کتێبەکەی (کیرووئاناڤاسیس) (گێڕانەوەکەی کە لە چوار کتێبی (ئەلف-ئەلڤا، ب- ڤیتا، ج- غاما، د-ژ ێلتا ) پێکهاتووە، سەبارەت بە هێزی دە هەزار سەربازی یۆنانە کە لە ساڵانی 400-401 ی پێش زاین دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ یۆنان، لە بابلەوە بەرەو ناو خاکی کودستان و پاشان بۆ دەریای ڕەش و لەوێوە بۆ یۆنان. کسێنۆفۆن لە گێڕانەوەکەیدا وشەی کاردۆخی _ یان کارزۆخی بۆ خەڵکی کوردستان بەکارهێناوە.

لەزمانی یۆنانیدا بە دڵ دەڵێن کارزیا، لەو باوەڕەدام وشەی (کارزۆخی یان کاردۆخی) لە وشەی دڵەوە هاتبێت. کارزۆخی یان کاردۆخی مەبەست لێی (بەدڵ جەنگان یان شەڕکردن بە دڵە) ڕەنگە بەو مانایە لەلایەن کسێنۆفۆنەوە بەکارهاتبێت، واتە ئەو میللەتەی کە کورد بوون و ڕووبەڕووی هێزەکەیان بوونەتەوە، ئەو ناوەی بۆ بەکارهێناوە، وەک خۆی دەڵێت کۆمەڵە خەڵکێک بوون لە دژی سوپاکەیان بەدڵ دەجەنگان .(لە داهاتوودا هەوڵ دەدەم زیاتر لەسەر ئەو مێژووە و کێبەکەی کسێنۆفۆن بوەستم).



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# دەنگی پێی "مامی گچکە" دێت

## 1

مەسەلەی جێگرەوەی مام جەلال نیقاشێکی تازە نییە و دەمێکە لەناو یەکێتیدا بە حزووری مام جەلالیش هەبووە. هەر ئەوەش وایکرد کە نەوشیروان مستەفا مۆمەکەی خۆی داگیرسێنێ و لە چەپکە گوڵەکەی مام جەلال بێتەدەرێ. بەڵام دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال، خانەوادەکەی ئەڵقەیەکی پۆڵاینیان لە دەورە دروست کرد و نزیکەی بیست مانگ ڕێگەیان نەدا جگە لە خۆیان کەس ئاگاداری ڕەوشی تەندروستیشی بێت، ئەوەش بەس بوو بۆ ئەوەی کە هەوڵەکان و بەڵێنەکان سەبارەت بە کۆنگرە، پلینیۆم و دیزاینکردنی سەرکردایەتیی یەکێتی، بە هەواڵی لەناکاوی "تەندروستیی مام بەرەو باشتر دەڕوات" پووچەڵ بکەنەوە و کە واقیعی تەندروستیی مامیش بۆ هەمووان ئاشکرا بوو، گوتیان "هەتا مام لەژیاندا بێت، کەس جێگەی ناگرێتەوە".

کێشەی جێگرەوەی تاڵەبانی تەنها جێگرەکانی لەناو حیزبدا نەبوون و نین، بگرە سێ جۆر میراتگری هەیە: یەکەمیان خانەوادەی خۆی، دووەمیان هی خەزووری و سێیەمیان هی حیزبەکەی و هەر سێ لایەنیش بۆ بەرتەرەفکردنی ئەوی دیکە دەڵێن: "مام جەلال جێگرەوەی نییە"! ڕاستە کەسایەتییەکی وەک مام جەلال (کە ئوستادی ئیدارەدانی قەیران بوو) جارێکی دیکە دروست نابێتەوە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە حیزبەکەی ماوە و ناشتوانن وەکو پێنج ساڵی ڕابردوو بەڕێوەی بەرن. بەسەرنجێکی خێرا لەبارەی مەراسیمی بەخاکسپاردنی تاڵەبانی، دەردەکەوێت کە ڕێککەوتنێکی ڕانەگەیەندراو لە نێو سێ میراتگرەکاندا کراوە. ئەگەرچی پێشتر پرۆژەیەک هەبوو بۆ دروستکردنی ترۆیکایەک (کە دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلالیش پیادەکرا و سەری نەگرت)، بەڵام دۆخی ئێستای یەکێتی و بەتایبەتیش دوای جیابوونەوەی دکتۆر بەرهەم، بەجۆرێکە کە دەبێ یەکێتی هەم براگەورەیی کۆسرەت ڕەسوڵ قەبوڵ بکەن و هەمیش قوباد تاڵەبانی لە هەرەمی دەسەڵاتی ئیدارە و بڕیاری یەکێتیدا جێگەیەکی بۆ بکرێتەوە. لەوەیاندا ئەگەر لە داهاتوودا، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە قازانجی کوڕەکەی لە هاوکێشەی سیاسی بکشێتەوە، بە دڵنیاییەوە ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات کە سکرتێری گشتیی داهاتووی یەکێتی بۆ قوبادی کوڕی بێت (یەک دوو وەسیشی دەبێ) و، هەموو لایەنەکانیش بەو بڕارەیە و لەسەر"مامی گچکە" ڕازی دەبن. بەتایبەتیش کە پارتی پشتیوانیی تەواوی ئەو مەسەلەیە دەکات. دەمێنێتەوە ئەوەی کە یەکێتی چۆن دەتوانێ بە خێرایی بەرەو کۆنگرە هەنگاو بنێت و ئیستیسماری ئەو حەماسەتە جەماوەرییەی خۆی بکات کە بۆ کۆچی دوایی مام جەلال دروست بووە.

## وە ئەخیرەن کۆنفیدراڵی

## 2

ئەو دوو هەفتەیەی کە بەسەر ئەنجامدانی گشتپرسیی سەربەخۆییدا تێپەڕبوو، دەریخست ناوەڕۆکی هەموو هەڕەشە و گوڕەشەکانی ئێران، تورکیا و بەغدا، لە ئەرزی واقیعدا هەر ئەوانەن کە تا ئێستا پیادەیان کردوون و ڕەنگبێ دەست بۆ هەندێکی دیکەش ببەن. گشتپرسی ڕووداوێک نەبوو بۆ بینینی دۆستەکانی کوردستان، بەقەدەر ئەوەی نەیارانی پەردەیان لە ڕووی خۆیان هەڵماڵی و کەوتنە دژایەتیکردنی. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئیرادەی کوردستان سەلما و پەیامەکە گەیشتە دونیا کە پاشگەز بوونەوە لە سەربەخۆیی مەحاڵە. بۆیە ئێستا بیر لە چارەیەکی ناوەندیی ئەوتۆ دەکرێتەوە کە هەم ئیرادەی گەلی کوردستان پارێزراو بێت و هەمیش ئەو جیابوونەوەیە لە عێراق بەرگێکی دیکەی لەبەر بکرێت.

بژارەی کۆنفیدراڵی لەسەر بنەمای دوو دەوڵەتی خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەش کە هەردوولایان پابەند بکات بە ژمارەیەک مەرجی مانەوە لەناو یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەدا، هەموو لایەنەکان ڕازی دەکات. واتا کوردستان سەرخۆ دەبێت، بەڵام لەناو یەکێتییەک لەگەڵ عێراقی عەرەبیدا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی ئارەزووی لێبێت. باشترین نموونەی کۆنفیدراڵی لە دنیادا، یەکێتی ئەوروپای ئێستایە کە هەم سەروەریی خۆیان هەیە و هەمیش پابەندی هەندێک بنەمای هاوبەشن لە مەسەلەی بەرگری، ئابووری و سیاسی.

ڕاستییەک هەیە کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان قەت لە سنووری فیدراڵیدا نەبووە و لەوەیاندا هەرێمی کوردستانیش زۆرجار تەجاوەزی مافە دەستوورییەکانی کردووە، بەڵام گشتپرسی دەرفەتێکە بۆ سەرلەنوێ تەعریفکردنەوەی کیانی کوردستان وەکو دراوسێیەکی باش نەک بەشێک لە عێراق. ئەمریکا و ڕۆژئاواییەکانیش باش لەو ڕاستییە تێگەیشتوون کە دەبێ وەزعەکە بە جۆرێک ئیدارە بدەن عێراق و کوردستان وەک یەکەیەکی یەکپارچە وێنا بکرێن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، کوردستان وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەگەر ئەوە ڕوویدات و ڕێککەوتنێکی لەو چەشنە بێتە ئاراوە، مەسەلەی داننان بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە زۆر ئاسان دەبێ.

## گۆڕان مەحکومە بە گەڕانەوە

## 3

تا ئێستا مانۆڕە سیاسییەکانی گۆڕان بۆ دوورخستنەوەی پارتی و یەکێتی لە یەکتری بێ ئەنجام بوونە، بە هەر پینە و پەڕۆیەکیش بووبێ، پارتی و یەکێتی بەرەو ڕێککەوتنێکی ستراتیژیی دیکە هەنگاو دەنێن و هەردوولاشیان براوەن. گۆڕان پتر لەوەی بیر لە پرۆسەی سیاسی بکاتەوە، فکر و زکری لای پاراستنی وجودی خۆیەتی و ئەوەش وایکردووە زەمینگیر بێت. ئەو حیزبە ڕۆڵی خۆی لە حیزبی دووەمی کوردستانەوە کردووە بە حیزبی بەیاننامە دەرکردن و خاڵ ڕیزکردن. ئەوەی لە داهاتوودا لایەنگرانی گۆڕان بێ ئومێد دەکات، هاوپەیمانێتی و کارکردن نییە لەگەڵ پارتی و یەکێتی، بگرە سەرگەردانیی کەسانێکە کە لە دروشمی گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانییەوە بوونەتە هاوکوفی حیزبێک کە شەش کورسیی لەپەرلەماندا هەیە و دانیشتوون تا ئێوارە هەر خەریکی ژماردنی گوێزەکانی ناو هەمبانەی خۆیانن! گۆڕان دەبێ لەو قاڵبە دەرچێت، یان حیزبەکە تەسلیمی کوڕەکانی نەوشیروان مستەفا بکەن، یانیش ئەو بەربەستە سایکۆلۆژیانە بشکێنن و دەستبکەنەوە بە سیاسەتکردن.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# کەرکووک نامانسووتێنێ

ئێمە هەمیشە لەنێوخۆماندا گوتوومانە نەوتی کەرکووک کوردستانی سووتاندووە، بەڵام ئەمجارە مێژوو ئەوە دەنووسێتەوە کە ئەوەی ناهێڵێ پاش گشتپرسی زیانی گەورەمان لێبدرێ و ڕەنگە بەپێچەوانەشەوە بەهێزترمان بکات، نەوتەکەی کەرکووکە. ئەو نەوتەی ئەمریکا و ڕووسیا و کوردستان و لەکۆتاییدا تورکیاش لەسەر یەک مێز کۆدەکاتەوە بۆ نۆشکردنی پێکی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان.

لە گەرمەی نارەزاییەتییەکانی عێراقدا لە سیاسەتی سەربەخۆی وزەی هەرێمی کوردستان، کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل، کە بە ڕێکەوت هەمان ئەو ڕێکس تیلەرسنە بەڕێوەبەری بوو ئەوەی ئێستا وەزیری دەرەوەی ئەمریکایە و نامەی شەخسیی بۆ بارزانی ناردبوو تا گشتپرسییەکە نەکرێ و دوابخرێ، لە کەرکووک و باشیک و ئەو ناوچانەی دیکە کە بە ناکۆکی لەسەر دەناسرێن، وەبەرهێنانی گەورەیان کرد. ئێستا ئەو ناوچانە ئارامن و کاری ئیکسۆن مۆبیل و کۆمپانیاکانی دیکەش لەو ناوچانەدا بە ڕێکوپێکی بەڕێوەدەچن. ئەگەر حەشد هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان، ئەمریکا دەبێ بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی وڵاتەکەی و مەڵتی ناشناڵێکی وەک ئیکسۆنیش لەو ناوچانە بپارێزێت. ئەمەش تووشی شەڕێکی نەخوازراوی دەکات کە ئێستا هیچ پێویستی پێی نییە. بەڵام ئەوە تەنیا ئەمریکییەکان نین کە لەو ناوچانە لەگەڵ هەولێر چوونەتە یەک کەشتییەوە و ڕێککەوتنی وزەیان واژۆ کردووە. ڕۆسنەفت بەنموونە هەر لە بواری نەوتدا نا، بەڵکو لە بواری غازیشدا ڕێککەوتنی هەیە و پارەی پێشوەختیشی داوە. بۆیە تێکدانی ئارامی و ئاسایشی ئەو ناوچانە لەلایەن حەشد و ئێرانەوە لە بەرژەوەندیدا نییە و ناشیەوێ ڕووبدات.

ئارگومێنتی ئەمریکا و بەریتانیا و وڵاتانی دیکەش بۆ دواخستنی گشتپرسیی کوردستان ئەوەبوو کە بەوهۆیەوە پشێویی نوێ دروستدەبێت و فۆکەس لەسەر شەڕی داعش نامێنێت. مانای سادەی ئەم قسەیە ئەوەیە کە لە ناوچە دابڕاوەکاندا حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکانی دیکە هێرش دەهێننە سەر پێشمەرگە و بەوهۆیەوە شەڕ دروستدەبێت. ئەوکات هێزەکانی هاوپەیمانان کە بنکەیەکی سەرەکیی هەماهەنگییان بۆ شەڕی دژی داعش لە سووریا و عێراق لە شاری هەولێر هەیە، ناچاردەبن لەجیاتی داعش خەریکی حەشد و پێشمەرگەش بن. ئەمە بێگومان خراپە و ئەمریکاش و دەوڵەتەکانی دیکەش بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەنەوە، کە بریتییە لە زووتر تەواوبوونی شەڕی داعش و بە سەرکەوتوویی دەرچوون لێی. چونکە نابێ لەبیرمان بچێ لە بیست ساڵی ڕابردوودا کەم ئەزموونی جەنگی هەیە ئەمریکا بەسەرکەوتوویی لێی هاتبێتە دەرەوە. نموونەی ئەفغانستان و عێراق هەن. بۆیە بەمدواییە سەرکەوتنەکان لەدژی داعش هەم لە موسڵ و هەم لە ڕەققەش، کە لە هەردووکیاندا ئەمریکا سپۆنسەر بوو و لەنێو ڕای گشتیی ئەمریکاشدا برێت مەکگورکی ئەمریکی شاسواریان بوو، نەدەکرا بە جووڵەیەکی نەخوازراوی کوردە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەباربیردرێت.

ئەو گشتپرسییەی کردمان بەشێوەی سەرەکی لەسەر کەرکووک بوو. ڕاستە هەموو باشووری کوردستان بەشداریی تێدا کرد، بەڵام چارەکە سەدەیەک بوو ئەو شوێنەی ناوی نرابوو هەرێمی کوردستان، چەند هەڵبژاردن و گشتپرسییەکی تێدا کرابوو، ستاتووە کوردستانییەکەی سەلمێندراو و دانپێدانراو بوو. کێشەکە کەرکووک بوو، کە بەر لە هاتنی داعش نیمچە قەناعەتێک دروست ببوو کە تازە ناگەڕێتەوە سەر کوردستان و ناچارین بەو ڕەوشی دیفاکتۆیە ڕازی بین کە کەرکووک حاڵەتێکی تایبەتی هەبێت لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراقدا. خۆ بۆ گشتپرسیی ئەمجارەش ئەگەر بەوە ڕازیبایین کە بەبێ کەرکووک بیکەین، نە ئەو گەمارۆیانەی ئێستامان لەسەر دەبوو، نە ئەو کاردانەوە توندە نێودەوڵەتییەش (بەوەی تورکیا و ئێرانیشەوە) بۆ گشتپرسییەکە دەبوو. لەوەش واوەتر بەبێ کەرکووک تەنانەت سەربەخۆیی کوردستانیش خێراتر دەبوو.



بێهروز شوجاعی

# ناسیۆنالیزمی حەقخوازی کورد و فراوانخوازی عێراق

گشتپرسیی کوردستانی باشوور ئیلزامی نییە، واتە تەنیا دەربڕینی ڕای خەڵکی باشوورە لەسەر چارەنووسیان، بەڵام بەغدا داوا دەکات گشتپرسییەکە هەڵوەشێتەوە. هەڵوەشاندنەوەی گشتپرسی یاخود ئیلغاکردنی وەکو تەکنیکیش ئەستەمە، بەڵام دەسەڵاتدارانی بەغدا، ئەنقەرە و تەهران هەر پێداگری لەسەر دەکەن. ئەگەر گشتپرسی ئیلزامی بووایە، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکەشی بە شێوەیەکی یاسایی دەکرا، بەڵام چونکە تەنیا دەورێکی ڕاوێژکاری هەیە، وا دیارە مەبەستی سەرەکی ئەم دەوڵەتانە هەر تێکشکاندنی ئیرادەی خەڵکی کوردە بەگشتی و خەڵکی باشووری کوردستان بەتایبەتی. لەگەڵ ئەوەش هەوڵەکەیان بە ئاراستەی بێبەهاکردنی شکۆی مەعنەویی گەلی کوردە کە سەرەڕای فشارێکی زۆری جیهانی، داوای ئازادی و سەربەخۆیی کرد. بۆ یەکەمجار گەلی کورد، دوور لە وەلائە حیزبی و ناوچەییەکان دەنگیان بە سەربەخۆیی دا. ئەنجامی گشتپرسی پێماندەڵێت کە گەلی کورد سەربەخۆیی بۆ خۆی وەکو ئامانجێکی ستراتیژیک هەڵدەسەنگێنێ و هیچ کاتێک لە دڵەوە ڕازی بە سەروەرییەکی سنووردار لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیدا نەبووە. ئەوەی دەوڵەتانی داگیرکەری تووشی دڵەڕاوکێ کردووە، هەر دەربڕینی ئەم دەنگە بۆ ڕای گشتیی جیهانە.

بە جاڕدانی ئەم دەنگە، گەلی کورد پێناسەی نەتەوەبوونی لە ئاستی جیهانیدا سەلماند و بووە خاوەنی کەسایەتییەکی نێونەتەوەیی بە شوناسێکی یەکگرتوو. حکومەتی هەرێمیش ناتوانێت دەربڕینی ئەم شوناسە ئیلغا بکات. کەواتە هەوڵی دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان تەنیا سووکایەتی بە ئیرادەی گەلی کوردە، هەوڵێک کە لە سەدەی ڕابردوودا توخمی سیاسەتیان بووە لەمەڕ گەلەکەمان.

## دۆکترینی ناسیۆنالیزمی کورد ماف، مرۆڤایەتی و دیموکراسییە

زۆر لە تیۆریزانەکانی بواری ناسیۆنالیزم ڕەخنە لە ناسیۆنالیزمی کوردی دەگرن کە دۆکترین یاخود مەزهەبێکی ناسیۆنالیستیی پێناسەکراوی نییە. ئەویترێکی بۆ خۆی دروست نەکردووە. سنوورە نەتەوەییەکانی دەستنیشان نەکردووە و تەنانەت لەسەر خاکی خۆی تێکۆشاوە. بە بەراورد لەگەڵ عرووبە، ناسیۆنالیزمی مێژووگەرای فارس، تورانیزمی تورک کە کاراکتەرێکی نەژادپەرستانەیان هەیە، ناسیۆنالیزمی کورد لە گوتاری سیاسی خۆیدا بە دەگمەن لەسەر دژایەتی فارس و عەرەب و تورک خۆی پێناسە کردووە. زیاتر هەوڵی داوە گوتاری مافخوازیی خۆی بە جیهان بناسێنێ و ڕەخنەی هەبووە لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان. لە پراکتیکیشدا هیچ کاتێک نەبووە بە هەڕەشە بەسەر گەلانی دەوڵەتە کۆلۆنیالەکانەوە. کورد لە بەغدا، تاران یاخود ئەنقەرە بۆمبی لەناو خەڵکی سیڤیلدا نەتەقاندووە. خەڵکی سیڤیلی تورک و عەرەب و فارس هیچ کاتێک نەبووەتە ئامانجی سەربازیی بزووتنەوە کوردییەکان. خاڵێکی تریش ئەوە بووە کە هیچکات لە دەرەوەی جۆگرافیای خۆی خەباتی چەکداری و تەنانەت سیاسی نەکردووە. ئەمە دەتوانێت وەکوو خاڵێکی لاوازی تەڤگەری ڕزگاریی کورد لە قەڵەم بدرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەربڕی حەقخوازی و ئازادیخوازیی بزووتنەوەکەیان بووە.

مێژووی نەتەوەکان پێمان دەڵێت کە ئازادی و سەربەخۆیی هەریەکێن و گەل و نیشتمان بە یەکەوە پێناسە دەکرێن و ئەمانە لەگەڵ مرۆڤایەتی بەردی بناغەی نەتەوەیەک دادەنێن. ئەم چەمکانە بۆ هەر نەتەوەیەک گەردوونین. گەلی کورد بە گشتپرسی مژدەی پێشکەوتنی بەها ئەخلاقییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیادا داوە.

لە ئاستی نێوخۆییدا گشتپرسی پرۆتۆ-تایپی هاووڵاتی کوردستانی ئافراندووە کە ئامادە نییە ببێتە ڕەعیە و بەندەی هیچ هێزێکی بیانی و لە هەمان کاتدا لەمەڕ نەتەوە و نیشتمانەکەی هەستی بەرپرسیارێتی دەکات و ئامادەیە بۆ سەربەخۆیی و نەتەوایەتی خۆی قوربانی بدات. گشتپرسی هەروەها بۆ جیهانی سەلماند کە کورد باوەڕی بە ئاشتی دیموکراتیانە هەیە. ناسیۆنالیزمی حەقخوازانەی کورد کەوتووەتە بەرامبەر چەند ناسیۆنالیزمێکی فراوانخواز کە لە بنەڕەتدا کرۆکێکی نەژادپەرستانەیان هەیە.

## ناسیۆنالیزمە فراوانخوازەکانی ناوچە

بەپێی باوەڕ و گوتاری ناسیۆنالیستە تورک، عەرەب و فارسەکان، ئەوان گەلانی خاوەن مێژوو و شارستانیەتی کۆنن، بۆیە مافێکی سروشتییان بۆ خاک و دەوڵەتی خۆیی هەیە، لە بەرامبەردا دەبێت گەلانی وەکوو کورد موتیعی سوڵتە و دەسەڵاتی دیرۆکی و باوەڕی ئەوان بن. بۆیە بۆ زۆربەی ڕەوتە سیاسییەکانی عێراق ڕەوایە ئەوان حوکمڕانی بەسەر هەموو گەلانی عێراقدا بکەن، هەرچەندە باسی دیموکراسی و مافە مرۆڤییەکانی کورد بکەن. واتە سەروەری بۆ ئەوان پاوان کراوە و لە چوارچێوەی ئەو سەروەرییەدا دان بە مافی کورددا بنێن. ئەمە ناکۆکیی چەمکە، چونکە مافی مرۆڤ تەنیا لە قاڵبی هاووڵاتیبووندا دابین دەکرێت و هاووڵاتیبوونیش تەنیا بە سەروەریی خۆیی بەدی دێت. حوکمڕانانی بەغدا سەروەری لە قاڵبی ئەتنی عەرەب لە مەرکەزەوە پێناسە دەکەن و دەرکێکی تریان لە هاووڵاتێنی و سەروەری نییە. ئەم تێگەیشتنە درزی کردووەتە ناو تانوپۆی کۆمەڵگای عەرەبی عێراق، بەتایبەت بە پێناسە شیعەگەراکەی بووە بەشێک لە سایکۆلۆژیای کۆمەڵگای عەرەبی عێراق.

## ناسیۆنالیزمێکی نوێی عێراقی

مەزهەبی شیعە ئێستا بووە بە بەشێکی پێناسەی ناسیۆنالیزمی عێراقی. ئەم دیاردە وەکوو هەموو دیاردەی ئایینی ڕەها و جیهانبینیەکەی لە ئاسۆیەکی بەرتەسکی ڕەش و سپیی چاک و خراپدا شکڵ دەگرێتەوە. هەموو بۆچوونەکانی لە پێناوی بەرحەقبوونی خۆیەوە دیار دەبێت و هیچ دەرفەتێک بۆ دەربڕینی ناسنامە و هزری جیاواز نامێنێتەوە. بێجگە لە دیموکراسی ئەم بۆچوونە موتڵەقەی ئایینی ناتوانێت، یان لە زەرفیەتیدا نییە بتوانێ هەستی ئەمپاتی/ هاودەردی لەگەڵ ئەویتردا بکات. ئەمپاتی بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی هارمۆنیکە، لە باوەڕی ئایینی- قەومیدا ئەوی لەسەر باوەڕ و هزری تۆ نەبێت ناحەقە. بۆ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆمەڵگای عەرەبی عێراق بتوانێ هەستی ئەمپاتی لەمەڕ کورد هەبێت، دەبێ وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە بەها ئایینیەکان و سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیدا بێتە ئارا. دەبێت ناوەندی شیکردنەوەی جیهانی نە خۆ، بەڵکو بەپێی پارامێتری ئەخلاقی مرۆڤایەتی بێت و بتوانێ خۆی دانێتە جێی کورد. بۆیە دەبێت ئەم پرسانە لە خۆمان و لەوان بکەین:

- ئایا عەرەبێکی شیعەی مامناوەند حاڵی دەروونیی کوردێک تێدەگات؟
- ئایا دەتوانێ وەکوو کوردێک هەست بکات؟
- دەتوانێ خۆی لە شوێنی کورد وێنا بکات؟
- دەتوانێ بیری لێ بکاتەوە گەلۆ کوردێک چۆن بیر لە خۆی و جێگەی لەم دونیایەدا دەکاتەوە؟
- ئایا ئەو عەرەبە دەتوانێ لە کاتی شاهیدبوونی لەسەر ئێشی کورد هەست بە خەم و پەرۆشی بکات؟
- خەم و پەرۆشیی کورد بۆ عەرەبی شیعەی بەغدا مایەی پەژارەیە یان خۆشی؟

بەپێویستی دەبینم دیسان چەند پرسیارێک بکەم. ئایا ناسیۆنالیزمی کوردیش وەکوو ئەوان بیر دەکەنەوە؟ ئایا کورد دڵی خۆش دەبێت بە ناخۆشیی عەرەب؟ لەبیرمان نەچێت، کاتێک پێشمەرگەی کورد سەربازی فارس، تورک، عەرەبیان بە ئەسیری دەگرت، قووتی دەمی خۆیان دەدا بە ئەوان و خۆیان برسی دەمان. ئەمە ئەو هەستەیە کە وەکوو ئەمپاتی پێناسە کراوە. ناسیۆنالیزمی کورد چاوی ئەمپاتیی کورد، هەستە ئەمپاتیەکانی کوردی کوێر نەکردووە، چونکە ناسیۆنالیزمێکی حەقخواز بووە. بەڵام ئایا ناسیۆنالیزمە عەرەب، فارس و تورکییەکان حەقخوازن؟

لێرەدا دەبێت کورد خۆی ئامادەی شەڕێکی نابەرابەر لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمە پەلهاوێژەکانی ناوچە بکەن، بیرکردنەوە لەوەی کە سەردەمدارانی بەغدا، ئەنقەرە و تاران ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ کورد تەبا دەبن، خۆهەڵخەڵەتاندنێکی کوشندەیە. ناسیۆنالیزمی عەرەب- شیعەی عێراق تەنیا ئەوکاتە لەگەڵ کورد ئاشتیانە ڕەفتار دەکات، ئەگەر لاواز بێت، ئەو دەقەیەی کە هەست بە باڵادەستبوونی هێز بکات، خۆی بۆ هێرش ئامادە دەکات.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## لەیلا مالک: بۆ بەدیهێنانی خەونەکانم لە هەولێرم

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net




**کۆلێژی ئەندازیاری**
بەشی ئەندازیاری نەوت
بەشی ئەندازیاری ژینگە

**کۆلێژی زانستی**
بەشی شیکاری نەخۆشیەکان
بەشی تەکنەلۆژیای زانیاری (ئای تی)

**کۆلێژی یاسا**
بەشی یاسا
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان

**کۆلێژی زانستی کارگێڕی و دارایی**
بەشی ژمێریاری
بەشی زانستیدارایی و بانك
بەشی کارگێڕی کار
بەشی بازاڕگەری

**کۆلێژی ئاداب**
بەشی زمانی ئینگلیزی

www.knowlwdge.edu.krd




Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484